ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٢٦ | دووشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٧ _ ٢١ی مای ٢٠١٨
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## لە دوو مانگی یەکەمی بەهاری ئەمساڵدا:



لەو دوو مانگەدا لانیکەم ٢٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکان یان لە ئاکامی ڕاوەدوونانی ئەو هێزانەدا کوژراون و بریندار بوون. هەر لەو دوو مانگەدا ١١ کەس لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین و بەو هۆیە کوژراون یان بریندار و نقووستان بوون.

لە دوو مانگی دەسپێکی ئەمساڵدا لانیکەم ٨٥ کەس لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی بە دژی کۆماری ئیسلامی گیراون، ١٧ کەس لەوان دادگایی و سزای زیندانیان بەسەردا سەپاون. هەروەها حوکمی ئێعدامی ٤ زیندانیی سیاسی و عەقیدەتیی کورد پشتڕاست کراوەتەوە و ٨ زیندانیی کوردیش ئێعدام کراون.

خۆکوژییەکان بەهۆی بارودۆخی خراپی ڕووحی و ژیان لە کوردستان لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا ٢٤ قوربانیی وەرگرتوە و بە پێی ئامار دەیان کەسی دیکەش بەوەخت پێیان زانیوە و لە مردن ڕزگاریان کردوون.

# نان چووەتە زاری حەزیاوە

■ سەروتار

## کۆرەی باکوور و ئێران یەک چارەنووس و دوو ئاقاری جیاواز

کەماڵ کەریمی

لە دوای کۆتایی شەڕی نیوە دوورگەی کۆرە و دابەشبوونی بە دوو وڵاتی جیاواز بەو ناوە و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆمۆنیستی لە بەشی باکوور کە لەلایەن یەکیەتیی سۆڤییەت و چین پشتیوانیی لێ دەکرا، پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئەو وڵاتە تازە دامەزراوە پچڕا و و دواتر بە ئاقارێکی دوژمنکارانەدا درێژەی کێشا. لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا ئەم دوو وڵاتە جگە لە هەڕەشەکردن لە یەکتر ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نەهێشتبۆوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان. بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن کیم جونگ ئون، سەرۆکی کۆرەوە هەڕەشەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بە هۆی تاقیکردنەوەی پەیتاپەیتای مووشەکە ئەتۆمییەکانی، هەڕەشەیەکی مەترسیدارتربوون لەسەر داهاتووی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئەمە هەمووی لە هەلومەرجێکدا ڕوویان دەدا کە کۆرەی باکوور لە ژێر فشاری گەمارۆ ئابوورییەکاندا پشتی چەمابووەوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە بە ڕادەیەکی بێ سنوور بەرەو خراپی ڕۆیشتبوو.

لە ئەمریکا بە دوای هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ وڵامدانەوە بەو هەڕەشانە توندتر و جیددیتر بوون و تەنانەت مەترسیی هەڵایسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لەو ناوچە دنیای نیگەران کردبوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە چین گەورەترین پشتیوانی کۆرەی باکوور هەرگیز نەهاتە نێو ئەو شەڕە تەبلیغاتییەی نێوان ئەو دوو وڵاتە. بێگومان ئەوان دەیانزانی هەڵایسانی شەڕێکی تازە لەو نیوە دوورگەیە، بە تایبەت کە سەرۆکی کۆرە بە خۆڕانان بە مووشەکە بالستیکییە ئەتۆمییەکانی بەردەوام هەڕەشەی ئاشکرای لە ئەمریکا و هاوڕەگەزەکانی لە باشوور دەکرد، نائەمنییەکی زۆر لەو ناوچەیە دروست دەکا و بە هۆی زەرەرمەندبوونی بازرگانیی ناوچە، دووکەڵی شەڕەکە دەچێتە چاوی ئەوانیشەوە. بۆیە دەکرێ دەخالەتی چین، یەکێک لە هۆکارەکان بووبن بۆ ڕازیکردنی کۆرە بۆ پێداچوونەوە بە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا. گۆڕانێک کە زۆر زوو ئاسەواری باشی دەرکەوت و بە سەردانی بەرپرسانی ئەمنییەتی و سیاسی تا ئاستی سەفەرەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کۆرەی باکوور و ئازادکردنی دیلە ئەمریکاییەکان و دیاریکردنی کاتی دیداری سەرۆکی هەر دوو وڵات بەرەو ئاقارێکی باش دەچێتە پێشەوە.

٢




دەیان هەزار کەس کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان هەروا دەستەوەستانی داخستنی دەروازە سنوورییەکانن. نە مانگرتن و نە داوا و هاواری خەڵکی دڵسوز و نوێنەرانی کورد لە مەجلیسیش نەیتوانیوە دەرووەیەک بە ڕووی ئەواندا بکاتەوە.

مەنسوور موڕادی، نوێنەری مەریوان ڕوو بە ڕووحانی گوتویەتی کە داخرانی سنوورەکان بۆ بێ بەرنامەیی ئەو دەگەڕێتەوە و لەو سۆنگەیەوە بە هەزاران کەس بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژێوی ژیانیان تووشی کێشە بوونەتەوە. ڕەسول خزری، نوێنەری سەردەشت و پیرانشاریش ئاشکرای کردوە کە داوا کراوە لانیکەم بۆ مانگی ڕەمەزان خاڵە سنوورییە کۆڵبەرییەکان بکرێنەوە، بەڵام حەسەن ڕووحانی دژایەتیی ئەو پێشنیارەی کردووە و، جگەلەوە بە تەواویش دژی کردنەوەی سنوورەکان بووە. شەهاب نادری، نوێنەری جوانڕۆ و هەورامانیش وێڕای بە ڕەوا زانینی داوای خەڵکی ناوچە سنوورییەکان پێکهاتنی ئەو دۆخەی بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت گەڕاندۆتەوە کوردستانیان لە بواری پەرەپێدانی ئابوورییەوە پشتگوێ خستووە.

بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٧٠ هەزار کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکاندا ژیانیان بنەماڵەکانیان هەڵدەسووڕێنن، ئەمەش جیا لە کاسبکار، دووکاندار و هەموو ئەو خەڵکانەی دیکە کە ژیان و گوزەرانیان گرێدراوی مامەڵەی بازرگانییە لە سنوورەکان. ئەوەش وای کرد کە لە چەند شارێکی کوردستان مانگرتن بکرێ و ئەو مانگرتنە لە بانە ٢٥ ڕۆژ درێژەی کێشا.

## بەرەو گەڵاڵەی تەواوکەری بەرجام



ئەڵمان، فەرانسە، بریتانیا، چین و ڕووسیە خەریکی تاوتوێی گەڵاڵەی پەکێجێکی نوێی پێشنیاری بە ئێرانن کە بتوانێ لە کاریگەریی گەمارۆکانی ئەمریکا کەم بکاتەوە. لەو گەڵاڵەیەدا هاتووە کە بێتوو ئێران لە سەر گرێبەستی تەواوکەری بەرجام لەگەڵ ئەو وڵاتانە ڕێک بکەوێ، بە چەندین میلیارد یۆرۆی دەخرێتە بەردەستی. لە ڕێککەوتنە پێشنیارییەکەدا باس لە پرۆژەی مووشەکی بالستیکی ئێران و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەدا کراوە و کۆمەڵە ڕێوشوێنێک بۆ ئێران دیاری کراوە.

یەکیەتیی ئورووپا دەڵێ لە ئێستادا لە بارودۆخێکی زۆر تەنگەبەردا هەڵدەسووڕێ، بەڵام لە هەوڵەکانی خۆی بۆ چارەسەری کێشەی ئێران بەردەوام دەبێ. لە کاردانەوە بەو بابەتە جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندوە کە پشتیوانیی سیاسیی ئورووپا لە بەرجام بۆ ئێران نابێتە نان و ئاو و، ئێران داوای وەبەرهێنانی ئورووپا لەو وڵاتەدا دەکا.

## ئەمساڵ ١٤٢ هەزار منداڵ لە خوێندن دابڕان



کاربەدەستێکی وەزارەتی خوێندن و پەروەردەی ئێران دەڵێ لە ساڵی خوێندنی ئەمساڵدا (٩٦_٩٧) لانیکەم ١٤٢ هەزار منداڵ لە خوێندن دابڕاون. ڕیزوان حەکیمزادە، بریکاری وەزیری پەرورەدەی ئێران وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم ئامارە دەڵێ: لە ئێستادا لە ئێران ٣ میلیون و ٢٠٠ هەزار منداڵ هەن کە وازیان لە خوێندن هێناوە و زۆرینەی ئەو منداڵانە ئی پارێزگا هەژار، بێبەش و پەراوێزخراوەکانی وڵاتن.

کورستان وەک ناوچەیەکی پەراوێزخراو لە نەخوێندەوار هێشتنەوەشدا پشکی شێری پێ دەبڕێ. ئامارە دەوڵەتییەکان دەڵێن: پارێزگای سنە زیاتر لە ٢٨٦ هەزار نەخوێندەواری بەتەواو مانا و ٢٦٢ هەزار کەسی کەمسەوادی هەیە و لە ئێستادا پتر لە ٣٠٠ هەزار کەس لە شار و ناوچەکانی پارێزگای کرماشان نەخوێندەوارن. هەر وەها لە پارێزگای ورمێ ١٨٣ هەزار کەس و لە پارێزگای بچووکی ئیلامیشدا ٣٠ هەزار کەس بە تەواوی نەخوێندەوارن.



بەرجامی بێ ئەنجام/ ٢


قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما/ ٣


حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان.../٤


لێکگرێدانی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕەفتاری یەکگرتووانەی کۆمەڵگە/٥


دیالکتیکی بژاردە و پێکهاتە/ ٦


هەوراز و نشیوەکانی بزووتنەوەی کورد /٧


ئومێد لە گەمەی سیاسەتدا/١٠

# بەرجامی بێ ئەنجام



عەلی بداغی

بەرجام، ڕێککەوین لەسەر بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای نیزیک بە دوو ساڵ وتووێژی چڕ و پڕ لەلایەن وڵاتانی (١+٥) [وڵاتانی هەمیشەیی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەڵمان] لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکە، لە ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕی ٩٤ ئیمزا کرا.

بەرجام بۆ ئەوە بوو ئێران بەرنامە ئەتومییەکەی ڕابگرێ و بە قەبوڵکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی پێملی بڕیارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم بێ و؛ لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو گەمارۆ جیهانییانەی لەلایەن شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا لە سۆنگەی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن




بە چەکی ئەتومی بەسەر ئێراندا سەپابوون، لە سەر ئەو وڵاتە هەڵ دەگیرێن. بەرجام لە هەناوی خۆیدا هەڵگری تێگەیشتن و ڕێککەوتنێکیش بوو کە ئێران بە دەستهەڵگرتن لە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی لە ناوچەدا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەڕێتەوە.

نیزیک سێ ساڵ دوای ئەو ڕێککەوتنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای هەوڵدانێکی زۆر و بێ ئاکامی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە بە مەبەستی پێداچوونەوە بە هەندێ بەش و بڕگەی بەرجامدا، یەکلایەنە لێی هاتەدەر.

هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام چ بۆ جێبەجێکردنی وادەیەکی ئینتیخاباتیی دیکەی ترامپ بووبێ، چ وەک پریزیدنێت ترامپ وەک گەڕاندنەوەی شکۆی لە دەستچووی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا ناوی دەبا؛ گەمەیەکی قورسی سیاسییە کە ئەو وڵاتە دەستی پێ کردوە. سەرۆککۆماری ئەمریکا هۆکاری سەرەکیی کشانەوە لە بەرجام بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەرجام نەک نەبووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی دەرووەست و بە پرەنسیپ ڕەفتار بکا، بگرە ئەو کرانەوە و ئیمکاناتەی لە سۆنگەی بەرجامەوە خرانە بەردەستی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم ڕێک بۆ ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچە و پەرەپێدانی تێرۆریسمی دەوڵەتی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دەورووبەری خۆی بەکاری هێنا.

ترامپ لە هەمان کاتدا کە باس لە هێنانەوە سەرجێی هەموو سزا ئابوورییەکانی پێشتر و قورستریش بۆ سەر ئێران دەکا، داوای گەڕانەوەی ئەو وڵاتە بۆ سەر مێزی دانوستانیش دەکا، دانوستان لەسەر چەند داوای سەرەکیی ئەمریکا کە بریتین لەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران واز لە پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکیی خۆی بێنێ، لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دەورووبەری بکشێتەوە و ئەو وڵاتانە جێ بهێڵێ، گەرەنتیی وازهێنانی هەمیشەیی لە بەرنامە ئەتومییەکەی بە ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە بدا و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم دەستی ئاوەڵا بێ لە هەر کاتێکدا هەر شوێنێکی بیهەوێ _بە تایبەت بنکە و شوێنە نیزامییەکان_ بیپشکنێ.

کۆماری ئیسلامی پێشتریش پیشانی داوە کە لە بەرامبەر فشاری قورسی سزا ئابوورییەکان خەسارهەڵگرە و چۆک دادەدا، بەڵام ئەوە کە ئاخۆ فشارە ئابوورییەکان ئەمجارەشیان ئێران ناچار دەکا بۆ دانوستان لەسەر ئەو مەرجانە بۆ سەر مێزەکە بگەڕێتەوە، بەشێکی زۆری بەندە بە بڕیاری ئورووپا و شەریکە ئابوورییەکانی ئێران وەک چین و ڕووسیە.

یەکیەتیی ئورووپا لە ئێستادا بە وەگەڕخستنەوەی قانوونی بلۆکەکردنی گەمارۆکان دەیەوێ هەم بەرپەرچی بڕیارەکانی ئەمریکا بداتەوە و هەم بە ڕاگرتنی ئێران لە بەرجامدا، ئەم وڵاتە پێملی نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکە بێڵێتەوە. میکانیزمەکانی کارکردنەوە بەو قانوونەی لە دەیەی ٩٠ی سەدەی پێشووەوە کاری پێ نەکراوە چی دەبێ و ڕەزامەندیی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان و هەروەها ئێرانیش چۆن دەبێ، جارێ هێشتا بە ڕوونی دیار نیە. بەڵام ئەوەی لە بڕیاری کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک «زیمنس»، «بانکی DZ لە ئەڵمان»، «تووتاڵ»، «بوئینگ» و «مێرسیک» و ... دەردەکەوێ ئەوەیە کە، بڕیاری یەکلاکەرەوە لای کۆمپانیاکانە نەک ئەو وڵاتانەی بۆ خۆشیان دوودڵن لەوەی بتوانن ئەمنیەتی چالاکیی ئابووریی کۆمپانیاکانیان لە تیغی سزاکانی ئەمریکا بپارێزن.

ئورووپا لەو گەمەیەدا بەدوای ئامانجێکی دیکەشە. ئەوەی کە لە ژێر باری قورسی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێراندا هاندەری کۆماری ئیسلامی بۆ ئیمتیازدانی زیاتر بن، هەم لەسەر بەرنامە ئەتومییەکەی، هەم لەسەر بەرنامە مووشەکییەکەی و هەم لەسەر سیاسەتی هێژمۆنیخوازییەکەی لە ناوچەدا. ئەوەش کاتێک وەدی دێ کە ئێران بیەوێ لە بەرجامدا وەمێنێ و لەو دوو مانگ دەرفەتەی ئێران بۆ ئورووپای داناوە، گەرەنتیی پێویست بۆ ڕەچاوکرانی بەرژەوەندییەکانی ئێران بەو وڵاتە بدا؛ بابەتێک کە سەخت و دژوار دەنوێنێ و وێدەچێ دوای ئەو ماوەیە ئێرانیش لە بەرجام بێتە دەر و سەرەنجامی بەرجام بەوە کۆتایی بێ. هاتنەدەرێی ئێران لە بەرجام چاوەڕوانکراوە، چونکی لە ئەگەری مانەوەیدا هەم خۆی پێملی کۆمەڵێک بەڵێن و دەرووەستی هێشتۆتەوە و هەم لە زۆر ئیمتیاز و دەسکەوتیش بێبەش بووە کە لە سۆنگەی لەسەرلاچوونی گەمارۆکانی ئەمریکا و دروستبوونی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە دەهاتنە دی.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو بارودۆخەدا کە سێبەری گەمارۆ و سزای ئابووریی قورس و گورچکبڕی لە سەرە و گوشاری کشانەوە لە سووریە _لەلایەن ڕووسیەی هاوپەیمانی_ و وازهێنان لە پرکێشییەکانی دیکەی لە ناوچەشی هاتۆتە سەر؛ لە نێوخۆی وڵاتیشدا لەگەڵ شەپۆلی نوێی نارەزایەتییە گشتییەکان بەرەوڕوویە. ئەو نارەزایەتی و مانگرتنانەی لە سۆنگەی بێ مافی و گرانی و قەیرانی ئابوورییەوە هەر ڕۆژە و لە سووچێکی ئەو وڵاتەدا سەر هەڵ دەدەن و زەرفییەتی ئەوەیان تێدا بەدی دەکرێ لە ئاستی سەرانسەریدا بتەقێنەوە. بێکاری، گرانی، ئاوسانی ئابووری، گەندەڵی، بێ بایەخیی دراوی نیشتمانی لەبەرامبەر دراوی بیانیدا، مایەپووچ هاتنەوەی بیمە و سندووقەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بێهیوایی بەتایبەت لە نێو لاواندا و تەقینەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان چەند نموونەیەک لە قەیرانەکانی ئێرانی ئێستان کە حکومەت نەک لە خەمی چارەسەرکردنیانیدا نیە، بگرە ئەگەر بیشیهەوێ ئیدی لە توانایدا نیە. وە لە کاتێکێشدا کە خەڵک حکومەت بە هۆکاری هەموو ئەو نەهامەتییانە دەزانن، ئەگەری تەقینەوەی نارەزایەتییەکان لە دژی دەسەڵات لە هەموو کاتێک زیاترە، بە مەرجێک بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بەشێوەی ئامانجدار ڕێک بخرێن و ڕێبەری بکرێن. ئەوەش کە لە بەردەم ڕێژیمدا دەمێنێتەوە دوو شتە: یان ئەو گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییانە دەبنە هۆی کۆڵدان و پاشەکشەیان لەبەرامبەر ئیرادەی خەڵک و ڕێگەدان بە کرانەوەی سیاسی، کە بەهۆی بێ متمانەیی خەڵک وێناچی ئەو بژاردەیە بێ حوکمەت دەستی بۆ ببا. یان هەمدیسان لەکارکردن و تەجرەبەکردنەوەی چەکی سەرکوت و زەبروزەنگ، بەڵام لەولاش خەڵکە کە هیچی نەماوە لە کیسی بچێ. بۆیە هەم خەڵک و هەم حوکمەت لە ئێران لەبەردەم هەڵبژاردنێکی قورس و چارەنووسساز دان.

دریژەی:

## کۆرەی باکوور و ئێران یەک چارەنووس و دوو ئاقاری جیاواز

هەنگاوێکی باش کە دەتوانێ شوێن لەسەر داهاتووی وڵاتێکی دوورخراوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابنێ و یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری زۆر لە کێشە ئابوورییەکانی کە خەڵکی تووشی هەژاری و دواکەوتوویی کردوە. ڕێکخستنەوەی ئەم پێوەندییانە ئەگەرچی نێوبژیوانێکی دیاری نیە و زۆرتر ئیبتکاری دیپلۆماسیی ئەمریکای لە پشتە، بەڵام بەهۆی دوورخستنەوەی مەترسیی شەڕێکی ئەتومی، لە هەموو جیهان پێشوازی لێ دەکرێ.

دوور لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمان سیناریۆی کۆرەی باکوور لە ئارادایە. سیناریۆی تەمبێکردنی وڵاتە سەرکێشەکان کە ناوچە جیاجیاکان تووشی نائەمنی دەکەن و مەترسیی بۆ سەر بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکا دروست دەکەن. لەم ناوچەیەدا هاوشێوەی کۆرە، لە ژێر سێبەری سیاسەتی پاوانخوازانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا، ئێران تووشی هەمان چارەنووس بووە. ئێرانێک کە تەنانەت ئۆباماش کە موهەندیسیی بەرجامی کرد، لە دوایین پەیامیدا بە وەدەنگهاتن لەسەر بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوەی لە بەرجامدا دەڵێ، «لە مێژ ساڵە نە تەنیا ئەمریکا بەڵکوو هەموو جیهان دەزانن و هاوار دەکەن کۆماری ئیسلامی وەک هەڕەشەیەک دەبینن و جگە لە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی ئەمریکا، هەڕەشەیەکە بۆ سەر پاراستنی ئەمنییەتی وڵاتانی ناوچە و لەوانەیە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو شەڕێکیماڵوێرانکەر ببا».

هەر ئەمەیە وای کردوە کە لە سیاسەتی نوێی دەوڵەتی ئەمریکادا ئێرانیش تووشی گوێبادان ببێتەوە و چیدیکە نەتوانی لە سیاسەتی یارمەتیدانی کۆمەڵگەی جیهانی و ساتوسەودا بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانەی سیاسی و سەرمایەی پەرەپێدانی دەستدرێژییەکانی لە وڵاتانی ناوچە، بەهۆی گرووپ و میلیشیا دەسکردەکانی کەڵک وەربگرێ.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت ئەمریکا لە ڕێگەی ڕێککەوتنی بەرجامەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئێران بگەڕێننەوە نێو ڕاستەی ئوسوولیی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یارمەتیی بدەن کە لە سیاسەتی دەستدرێژیکەرانە و پاڵپشتیی تێرۆریزم دووری بخەنەوە. بەڵام ئێران کە تەنانەت بەدوای ڕێککەوتنی بەرجام، بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەیتوانی کەڵکی باشی لێ وەربگرێ بۆ خۆدەرباز کردن لە سزاکانی کۆمەڵگەی جیهانی و لەو ڕێگەوە بیر لە گەشەی ئابووری وڵات و پێڕاگەیشتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵک بکاتەوە، لەسەر درێژەی سیاسەتەکانی بەردەوام مایەوە و پێی وابوو بە ڕاگرتنی کار لە بنیاتە ئەتۆمییەکانی، خۆڵ دەکاتە چاوی دنیا و لە پەنا ئەودا سیاسەتی نائەمن کردنی وڵاتانی ناوچە و دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا درێژە دەدا. سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەرگیز وەک کارێکی بنەڕەتی بۆ چارەسەری کێشەکان چاویان لەو ڕێککەوتنە نەکرد، لایان وابوو کە بە دروستکردنی کێشە لە نێو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا دەتوانن ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و بە دانی ئیمتیاز بە ئورووپاییەکان جێ پێی ئەمریکا لەق بکەن. کارێک کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و ڕاست بە پێچەوانە، لەحاڵێکدا کە ئورووپاییەکان هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن هەتا بە ناوی ڕزگارکردنی بەرجام ئەمنییەتی ئابووریی وڵات و کۆمپانیاکانیان لە لایەن ئەمریکاوە بپارێزن، ئەمریکا قسە لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دژ بە ئێران دەکا. بێگومان ئورووپاییەکان لە ئەگەری دروستبوونی وەها هاوپەیمانییەکدا کە دەتوانێ زۆربەی وڵاتانی خاوەن هێز و سەرمایەی ناوچە و زۆر وڵاتی دیکە کە ژیانیان بە یارمەتی ماڵی و ئابووری ئەو وڵاتانەوە بەستراوەتەوە لە خۆیدا کۆبکاتەوە، لە بەرامبەر ئەمریکادا بۆ دیفاع لە کۆماری ئیسلامی ئێران ناوەستنەوە.

لە ئەگەرێکی وەهادا کە لە ڕاستییەوە نزیکە، ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دەبێ تەکلیفی خۆی بۆ دوایین جار لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران ڕوون بکاتەوە. وڵاتێک کە نەتەنیا وەک کۆرەی باکوور چەکی ئەتۆمیی نیە، بەڵکوو خەڵکێکی ئازا و ئازادیخوازی تێدا دەژی کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا لە بەدەستهێنانی کەمترین فرسەت و بچووکترین دەرفەت بۆ دەربڕینی هەستی ئازادیخوازانە و بانگەوازی عەداڵەتخوازانەی خۆیان خافڵ نەبوون. لەلایەکی دیکەشەوە بێ سباتیی ئابووری لەلایەک و خراپی لە ڕادەبەدەری ژیان و گوزەرانی خەڵک بە گشتی، بە پێچەوانەی کۆرە کە زاهیرەن نارەزایەتیی تێدا بەدیناکرێ، لە ئێران هاندەرێکی بە هێزن بۆ سازدان و وەڕێخستنی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە دژی ڕێژیم. ئێستا بەڕوونی دەبیندرێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە تەنگەژەیەکی وەها کە ڕەنگە لە داتوویەکی نەزۆر دووردا بۆی زەحمەت بێ لێی دەرباز بێ، ئەرک و بەرپرسایەتیی چالاکانی سیاسی و هێزەکانی دژبەری ڕێژیم گەلێک قورستر دەبێ بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی زیاتر بۆ ڕێکخستنی خەباتێکی هەمەلایەنە لە دژی ڕێژیم و دەستەبەرکردنی هەرچی باشتری ئاوات و ئامانجەکانی خەڵک.

# دوو هەیئەتی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ بوونەوە



ڕۆژی شەممە، ٢٩ی بانەمەڕ هەیئەتێکی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە سەرپەرستیی کاک سەید برایم عەلیزادە، دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و، لە سکرتاریای حیزبی دێموکرات لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.

گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە دوای هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام، هەڵبژاردنەکانی عێراق و نەخش و دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە و وڵاتانی دیکەی ناوچە، سیاسەتی نوێی ئەمریکا و شەپۆلی نوێی گوشارەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەر ئێران و کاریگەریی لە سەر دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران، پرسی لێکگرێدانی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ خەباتی جەماوەری و سەراسەریی ئێران و داهاتووی گۆڕانکارییەکان لە ئێران شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان لە ئێران و کوردستان و، بابەتی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران؛ چەند تەوەرێکی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

لە باسەکانی ئەو دیدارەدا بە بایەخەوە تیشک خرایە سەر بزووتنەوەی فرەڕەهەندی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و دەسکەوتەکانی و، باس لەوە کرا کە ئێستا ئیدی خەڵکی ئێران لە سەرکوت و زەبروزەنگ ناترسن و شێلگیرتر لە جاران داوای مافەکانیان دەکەن و لە پێناو بە ئامانج گەیشتنی ئەم بزووتنەوەیەدا پرۆسەی خەباتی جەماوەری لە دژی کۆماری ئیسلامی دەبێ درێژ بێتەوە. ئەوەش ئەرک دەخاتە سەر هێزە سیاسییەکان کە هاندەر و بزوێنەری ئەم بزووتنەوەیە بن و پێویستە بەدیلی وا دروست بکەن کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئێراندا پێک بێن و لە کوردستانیش پێویستە حیزبەکان بە یەکگرتوویی لە گوتار و کردەوەدا ئادرەسێکی ڕوون و دیار بۆ شوێندانان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان بن.

کوردستان
• ژمارە: ٧٢٦
٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٧ _ ٢١ی مای ٢٠١٨

# قازی محەممەد

## قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما

**(بەشی دووهەم)**



عومەر باڵەکی

ئەوانەی قازی محەممەدیان لە نزیکەوە دیوە چ کوردستانی و چ غیرە کورد هەموویان لە سەر ئەوە کۆکن کە پێشەوا وتاربێژێکی بە توانا بووە و وتارەکانی لە ڕستەی کورت کورتدا دەکرد و بە هەڵوێستەیەکی کورت ئیدامەی دەدا. لەو بارەوە هەموو کات پێشەوا لە دوای وتاردانیدا لە نیزیکانی خۆی دەپرسی کە وتارەکەی چۆن بووە. لەو بارەوە خەلیل فتاحی قازی لە کتێبی «مێژووی بنەماڵەی قازی»دا بیرەوەرییەک دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «قازی محەممەد نیازی هەبوو بۆ چەند ڕۆژێک شار بەجێ بهێڵێ بە مەبەستی بەشداریکردن لە زماوەندی ڕەحیم ئاغا، کوڕی سەیفولقوزات لە ئاوایی گوێگجەلی. بۆیە بۆ ئارامیی شار لە دوای خۆی لە بەردەرگای شارەوانی قسەی بۆ خەڵک کرد و خەڵکی هان دا بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شار و، تەشویقی کردن بە یەکیەتی و برایەتی . دوای قسەکانی پێشەوا خەڵک بە چەپڵەلیدان و «بژی قازی محەممەد» کۆتاییان بە کۆبوونەوەکە هێنا و دوای ئەوە پێشەوا بە هاوڕێیەتیی میرزا مەناف کەریمی و میرزا عەلی ڕەیحانی و چەند کەسی دیکە بەرەو گوندی گوێگجەلی مەهابادیان جێ هیشت. لە ڕێگادا قازی محەممەد لە میرزا مەناف کریمی کە لە نزیکی بوو، پرسی: نەزەرت لە سەر وتارەکە چ بوو؟ میرزا مەناف دەستی کرد بە پێداهەڵگوتن بە قازی محەممەد کە کەس ناتوانی وەک ئەو ڕەوانبێژ بێ. لە دواییدا ڕووی لە من کرد کە لە پشتی ماشینەکە دانیشتبووم گوتی فلانی ئەدی لە سەر ئەو بابەتە نەزەری ئێوە چیە؟ گوتم ئەگەر ئیزنم بدەی بێ پێداهەڵگوتن نەزەری خۆم دەردەبرم. فەرمووی بیڵێ. گوتم جەنابی پێشەوا وشەکان زۆر دووپات دەکەیەوە و بێ پەردە و زۆر بە زمانی عامیانە قسە دەکەی. پێشەوا فەرمووی سەبارەت بە ئیرادی یەکەم هەوڵ دەدەم لە قسەکردندا دووپاتکردنەوەم زۆر کەم بکەمەوە و بەڵام سەبارەت بە ئیرادی دووهەمت، من لە قسەکردن بۆ خەڵک مەبەستم ئەوەیە کە هەموو چین و توێژەکانی بەشدار لە کۆبوونەوە لە قسەکانم تێبگەن. بەڵام هەوڵ دەدەم لە قسەکردنەکانی دوواییدا نەزەراتەکەت وەبەر چاو بگرم.»

ـ ڕەحمان قازی لە کتێبی «ڕۆژگاری ونبوو»دا دەڵێ: «قازی محەممەد لە لای مامۆستا عبدولڕەحمان

> هەر پێشهاتێک لە ساڵەکانی ١٣٠٠-١٣٢٠ی هەتاویدا لە مەهاباد و موکریاندا ڕووی دابا، قازی محەممەد و ئەبوولقاسم سەدر قازیی برای، دەبوونە دەمڕاستی خەڵک و تەواوی کاروباری کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئیداری بە ڕێنوێنی و ئاگاداریی ئەوان جێبەجێ دەکرا. ساڵی ١٣٠٧هەتاوی کە بۆ یەکەم جار کۆمەڵەی شێروخورشیدی سوور لە مەهاباد دامەزرا قازی محەممەد پارچە زەوییەکی پێشکەش کردن کە دواتر نەخۆشخانەیەکی لێ سازکرا

گیو و میسدال خانم فێری زمانی ئینگلیزی و، لای کەسێکی دی بە ناوی میرزا سمایل فێری زمانی ڕووسی بووە. هەر کات زانیبای کەسێک وشەیەک ڕووسی یا ئینگلیزی یا ئەلمانی دەزانێ هیچ سڵی نەدەکرد و یەکسەر دەچوو بۆ لای و داوای دەکرد فێری بکا. کتێبی وشەناسیی هەر سێ زمانی پەیدا کردبوو و بەردەوام دەیخوێندنەوە. هەر وەها ئەوکات کە ڕووسەکان لە ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٧ دەسەڵاتیان بەسەر مەهاباددا هەبوو، قازی محەممەد هەوڵی دا زمانی ڕووسی فێر ببێ و بەم شێوەیە قازی لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا توانی جیا لە زمانی زگماکیی خۆی، زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسی و تورکی فێر ببێ.

پێشەوا بێجگە لەو تایبەتمەندییانە کە لە سەرەوە باسمان کردن کەسێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاو بە خەڵک بووە و هەموو کات ویستوویەتی کۆمەڵگەی کوردەواری لە قافڵەی پێشکەوتن بە جێ نەمێنێ و بە کردار و بە گوفتار ئەو هەوڵەی داوە. لە کتێبی «پێشەوای ڕابوون»، بیرەوەرییەکانی سەعید هومایووندا هاتووە: «هەر پێشهاتێک لە ساڵەکانی ١٣٠٠-١٣٢٠ی هەتاویدا لە مەهاباد و موکریاندا ڕووی دابا، قازی محەممەد و ئەبوولقاسم سەدر قازیی برای، دەبوونە دەمڕاستی خەڵک و تەواوی کاروباری کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئیداری بە ڕێنوێنی و ئاگاداریی ئەوان جێبەجێ دەکرا. ساڵی ١٣٠٧هەتاوی کە بۆ یەکەم جار کۆمەڵەی شێروخورشیدی سوور لە مەهاباد دامەزرا قازی محەممەد پارچە زەوییەکی پێشکەش کردن کە دواتر نەخۆشخانەیەکی لێ سازکرا... قازی محەممەد بە ویستی خۆی لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی شێروخۆرشیدی سوورەوە هەتا سالی ١٣٢١ی هەتاوی سەرۆکایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی وەئەستۆ گرت و وێڕای کاروبارەکانی دیکەی ئەو خزمەتە ئینسانییەی بە جێ دەگەیاند.»

ـ نەجەفقولی پسیان، هەواڵنێری ئەو کاتی ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» کە لەو کاتدا لە نیزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان بووە، لە کتێبی «لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئەرەس» لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «قازی محەممەد لە کاتی دەسەڵاتدارەتیی خۆی لە مەهاباد بە شێوەیەکی تایبەت هەڵسوکەوتی دەکرد. بەوجۆرە ئیزنی نەدا لە شار قەتل و تاڵان و برۆ ڕوو بدا و ماڵی خەڵک بە تاڵان بچێ. لە دەورەی دوو ساڵ کە قازی محەممەد فەرمانڕەوا بوو تەنیا یەک کەس لە خەڵکی شار کوژرا، هەر بۆیە خەڵک هۆگرییەکی تایبەتیان بە قازی محەممەد پەیدا کردبوو.»

ـ حەمیدڕەزا جەلالیپور لە کتێبی «قازی محەممەد لە نیوان ساڵەکانی ١٣٢٠- ١٣٢٤» دا لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «... لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە قازی محەممەد بە عینوانی ماموستایەکی ئایینی کە باوکی قازی شار بوو، قۆڵی هیمەتی بۆ بەڕێوەبەری و چارەسەری کێشەکانی خەڵکی شار هەڵماڵێ. ئەو لەو کاتەدا هێندێک لە خەڵکی



شاری ئامادە کرد و بە داردەست و چەکی جۆراوجۆر چەکداری کردن هەتا لە بەرامبەر دزی و تاڵان و برۆ و دەستدرێژیدا پارێزگاری لە شار بکەن. ناوبراو هەروەها مەسەلەی خواردەمەنیی خەڵکی لەگەڵ کارمەندانی خۆجێی چارەسەر دەکرد و بە کردنەوەی مەحکەمەیەک و بەڕێوەبردنی ئەو مەحکەمەیە لەلایەن خۆیەوە چارەسەری کێشەکانی خەڵک دەکرد. هەر بەو کار و کردەوانە بوو کە قازی محەممەد جێی خۆی لە دلی خەڵکدا کردبۆوە و لەلایەن ئەو خەڵکەوە نازناوی «پێشەوا»ی پێ بەخشرا.»

ـ سەبارەت بە دڵسۆزیی پێشەوا بۆ خوێندنی منداڵانی مەهاباد و هەبوونی خویندنگا لەو شارەدا مەناف کەریمی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێ: «لە بیرمە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی دیکتاتۆریی ڕەزاشا و داخرانی قوتابخانەکان، بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان قازی محەممەد زۆری زەحمەت کیشا. لەگەڵ چەند مامۆستایەک سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەکان قسەی کرد و فەرمووی

> لە دوای ڕووخانی حکوومەتی دیکتاتۆریی ڕەزاشا و داخرانی قوتابخانەکان، بۆ کردنەوەی قوتانخانەکان قازی محەممەد زۆری زەحمەت کیشا. لەگەڵ چەند مامۆستایەک سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەکان قسەی کرد و فەرمووی ئێوە دەرگای قوتابخانەکان بکەنەوە و بە منداڵانی ئەو نەتەوە بێبەشە وانە بڵێن، ئەگەر بە فرۆشتنی ئەم بەڕەیە (دەستی لە سەر ئەو بەرە دانا کە لە سەری دانیشتبوو) بێت ناهێڵم ئێوە بێ مووچە بن

ئێوە دەرگای قوتابخانەکان بکەنەوە و بە منداڵانی ئەو نەتەوە بێبەشە وانە بڵێن، ئەگەر بە فرۆشتنی ئەم بەڕەیە (دەستی لە سەر ئەو بەرە دانا کە لە سەری دانیشتبوو) بێت ناهێڵم ئێوە بێ مووچە بن.»

زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە کاری دادوەری و قەزاوەت بۆ بنەماڵەی قازی محەممەد سەرچاوەی داهات نەبووە، بەڵکوو کاری دادوەرییان تەنیا بۆ ڕاپەراندنی کاری خەڵک و پاداشی ئاخرەت کردووە و بژیوی ژیانیان لە ڕێگای داهاتی ئەو گوندانەوە کە لە ناوچەی بۆکان هەیانبوو، دابین دەکرد.

ـ ویلیام ئیگلتون جونیر لە کتێبی «جمهوریی کوردستان» لەبارەی کەسایەتیی پێشەوا و سووربوونی لە سەر بڕیار بەو جۆرە دەدەوێ: «بە پێچەوانەی هێندێک قازی، هەر کاتێک قازی محەممەد لە سەر مەسەلەیەک دوای لێکۆلینەوەی ورد و پێویست بڕیاری دەدا، ئەو بڕیارە کۆتایی بوو و ئیمکانی نەبوو ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێ.» ناوبراو لە درێژەی بابەتەکەیدا دەنووسی: «ڕوخساری بەشێوەیەک بوو هەر کەس ئەوی دیتبایە مەجبوور دەبوو لە بەرامبەریدا ڕێز بنوێنێ... قازی وتاربێژ وسوخەنڕانیکی بەتوانا بوو، لە قسەکردندا عادەت و خووی وابوو ڕستەی کورت بە کار بێنێ و ئەو ڕستە کورتانە هێزێکی سەیریان تێدا بوو کە کاریان لە بیسەر دەکرد، لە نێوان هەر سێ چوار وشەدا هەڵوێستەیەکی دەکرد...»

ـ حوسێن فردوست کە دۆستی نزیکی شا بوو و لە منداڵییەوە هاوڕێ و هاوپۆلیی بوو، لە کتێبی بیرەوەریی خۆیدا بە ناوی (ظهور و سقوط پهلوی) بەو شێوەیە باس لە خۆشەویستیی پێشەوا و پێگەی دێموکرات دەکا لە نێو خەڵکی کوردستاندا: «... دوای ئەوە کە تەورێز و مەهاباد لەلایەن ئەرتەشی پاشایەتی گیرانەوە و هەر دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان ڕووخان، بە شا گوترابوو کە بە هۆی ئێعدامی قازی محەممەد خەڵکی مەهاباد پێشوازیت لێ ناکەن. هەر بۆیە محەممەدڕەزا ڕۆژێک بە منی گوت سواری ماشێن بە و بێ ئیسکۆرت و پارێزەر بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین و بە چەندین کیلومیترمان بڕی هەتا گەیشتینە مەهاباد. هەر دووکمان جلی نیزامیمان لەبەر بوو، لە نێو شار لە ماشێنەکە دابەزین و بە پێی پیادە شەقام و کۆڵانەکانی شارمان پێوا. هیچ کەس بە دەرەوە نەبوو، کەس پێشوازیی لێ نەکردین و تەنانەت فەرمانداریش نەهات بۆ پێشوازیمان. بەڵام خەڵک لە پشتی پەنجەرەوە تەماشایان دەکردین. خۆمان گەیاندە پادگان، هەموو سەربازەکان لە حاڵی پشوودان‌دا بوون و بێجگە لە ئەفسەرێک هیچ کەس ئێمەی نەناسییەوە، بەڵام ئەو ئەفسەرە محەممەدڕەزای ناسییەوە و ئیحترامی نیزامیی دانا و دەستووری دا ئەفراد بۆ سان دیتن ئامادە بن؛ بەڵام محەممەدڕەزا ئیزنی نەدا و گوتی پێویست نیە.... کاتێک دەمانهەویست بگەڕێینەوە لە مەیدانێکی بچووک و چۆڵدا دیتمان دارێک چەقێندراوە. محەممەدڕەزا بەمنی گوت ئەگەر هاتین ئێرە هیچ دارێکی لێ نەبوو و ئەو دارە لە ماوە کورتەدا چەقێندەراوە. ئێرە ئەو شوێنەیە کە قازی محەممەدی لێ ئیعدام کراوە. دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەرکەوت لەو ماوە کورتەدا چەند مەهابادی ئەو کارەیان کردووە. ئەوە وەزعی پێشوازیی خەڵکی مەهاباد بوو لە شا و جیاوازیی هەبوو لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی تەورێز کە لە شایان کرد.»

ـ ئارچی ڕوزڤێلت لە میدل ئیست جورنال ١٩٤٧ ئاوا لە سەر کەسایەتیی قازی محەممەد دەنووسێ: «قازی محەممەد پیاوێکی زۆر بە دین و سادە و بێ فیز و دەعی بوو، نە جگەرەی دەکێشا و نە مەشرووبی دەخواردەوە. وێنەکەی خۆی کە لە پشت میزی کارکردنەکەی و بە دیوارەکەوە لە سەرووی نەخشەی جوغرافیایی دنیا هەڵواسرابوو، ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی خۆی بوو، لەم وێنەیەدا پیاوێکی لاوازی ڕەنگ زەردی سیمای زاهیدانەی قژ کورتی ڕیش کۆرپە دەبینرێ کە شتێکی تێدایە کە کار زۆر لە بینەر دەکا، ئەویش پڕشنگی نیگایەتی. بەڵام لە پاڵ ئەم تایبەتمەندییانەوە، پیاوێکی ئاقڵ و بە فیکر و میانەڕەو بوو.»

درێژەی هەیە...

---

## بەڕێوەچوونی شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



پێشنیوەڕۆی پێنج شەممە ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٧ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. دەستووری کاری کۆبوونەوەکە کە بە ئامادەبوونی هەیئەتەکانی هەر یەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گیرا، کۆمەڵێک پرسی گرتبووە خۆ. کۆبوونەوە، دوای پەسندی دەستووری کار، چووە سەر یەکەم برگە لە دەستووری کاری خۆی کە تایبەت بوو بە تێکۆشان و چالاکیی یەک مانگی ڕابردووی ناوەند. لەم بەشەدا بەرپرسی دەورەیی ناوەند، قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای ئاماژە بە هەڵوێستەکان و تێکۆشان و هەنگاوەکانی ئەم دەورەیە، ڕا و سەرنجی لایەنەکانی لە پێوەندی لە گەڵ مانگرتنی ئێعترازیی شارەکانی بانە، مەریوان، پاوە، جوانڕۆ و هتد، بە تایبەتی مانگرتنی درێژماوە و خۆڕاگرانەی خەڵکی بانە وەرگرت. تێکڕای بەشداران وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر هەڵوێستی ناوەند بریتی لە پشتیوانی لە مانگرتنەکان و داخوازە ڕەواکانیان، ئەم حەرەکەتە مەدەنییەیان هەم لە ڕووی ئیرادەی مافخوازانە و پشوودرێژیی خۆڕاگرانەی خەڵک، هەم لە باری ڕەوایی داخوازەکان، هەر وەها لە ڕوانگەی پشتیوانی و هاوپیوەندیی خەڵکی ڕۆژهەلات لەو مانگرتنە بەرز نرخاند. ناوەندی هاوکاری دووپاتیشی کردەوە کە پشتیوانی ئەم حەرەکەتەیە چ لە شکڵ و شێوەی ئێستایدا، چ لە ڕێگای کەلکوەرگرتن لە شێوازەکانی دیکەی گوشارهێنان بۆ دامودەزگانی دەسەڵات بە مەبەستی قبووڵکردنی داوا ڕەواکانیان. لە برگەیەکی دیکە لەم کۆبوونەوەیەدا، لایەنەکانی ناوەندی هاوکاری بە ئامانجی پەلهاویشتنی هاوکاریی نیوان حیزبەکان بۆ دەرەوەی وڵات، میکانیزمەکانی هاوکاریی نوێنەرایەتی و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتی خۆیان هێنایە بەر باس و پاش ڕاوێژی بە سوود، لە سەر میکانیزمی هاوکارییەکان وبەدواداچوونی هەوڵە هاوبەشەکان، بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستیان پەسند کرد. لە بەشێکی دیکەی شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریدا، قسە لە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی چەند لۆگۆیەک کرا کە وەکوو لۆگۆی ئەم ناوەندە پێشنیار کرابوون. بەشدارانی کۆبوونەوە، وێڕای دەربڕینی سپاس و پیزانینی خۆیان بۆ ئەو هونەرمەند و گرافیستانەی بە ناردنی لۆگۆ پێشنیارییەکان، یا بە بەشداری لە هەڵسەنگاندنیاندا هاوکاریی ناوەندیان کردبوو، ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی پێویستیان بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم کارە، دایە بەرپرسی دەورەی داهاتووی ناوەندی هاوکاری. لەم بەشەدا، هەروەها کۆمەڵە خاڵێک لە بارەی کاروباری میدیایی ناوەند و بە مەبەستی بوارڕەخساندن بۆ پیوەندیی پشتیوانان و هۆگرانی ناوەند بەم ئۆرگانیزاسیۆنە، پەسند کران. کۆبوونەوەی ئەمجارە کاتێکی گونجاویشی بۆ باس لە دوو بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە ئامانجەکان و پێڕەوی نێوخۆی ناوەند تەرخان کرد. ناوەندی هاوکاری لە کۆبوونەوەی شەشەمی خۆیدا، دوای دەوڵەمەندکردنی بەڵگەنامەی پێڕەوی نیوخۆ بە پێشنیار و سەرنج و تێبینیی ئامادەبووان، ئەم بەڵگەنامەیەی پەسند کرد. پەسندکردنی بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە ئامانجە گشتییەکانیشی بەستەوە بە دیالۆگ و بیروڕاگۆڕینەوەی زیاتر لە سەر ئامانج و پرەنسیبە هاوبەشەکان و شێوازی فۆرمۆڵەکردنیان. دوایین برگە لە دەستووری کاری شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەند، باس لە نێوەرۆکی کۆبەندی سمیناری ئەو ناوەندە لە بارەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا بوو کە ڕۆژی ٣٠ ئاوریلی ڕابردوو بەڕێوەچوو. لەم بەشەشدا، دوای پۆلێنکردنی خاڵ و ئەرکە هاوبەشەکان بەپێی ئەولەوییەت کە لە سمیناردا تەئکیدیان لە سەر کرابوو، هەر کام لە حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری، بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنیان ئەرکدار کران. کۆبوونەوە لە نێو پێداگریی هەموو لایەنەکان لە سەر یەکگرتوویی و هاوخەباتی و، ئامادەیی نواندنیان بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر لە جێبەجیکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی هاوبەشدا، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## قادر وریا: «بەرەی کوردستانی»

# یەکێک لە ئامانجەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانە

دیمانە : مەنسوور مروەتی

زیاتر لە چوار مانگە پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوەندێکیان بۆ پەرەپێدان بە هاوکاریی نێوان حیزبەکان پێک هێناوە. دانانی ئەم ناوەندە لە حاڵێکدایە کە خەڵک چاوەڕوانیی زیاتریان لەو حیزبانە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە مێژە داوای پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی دەکەن. ڕەنگە پرسیاری سەرەکی ئەوە بێ کە چوار لەم حیزبانە هەمان دوو حیزبی کۆمەڵە و دێموکراتی پێشوون کە لەم ساڵانەی دواییدا لێک جیا بوونەوە و هەرکام لەو دوو حیزبە بوونە سێ کۆمەڵە و دوو دێموکرات، ئێستا چۆن دەتوانن هاوکاری جیددی بن لە حاڵێکدا پێشتر لە حیزبێکدا تەحەمولی یەکتریان نەدەکرد. داهاتووی ئەم ناوەندە بەرەوکوێ دەڕوا و ئایا ئەوان دەتوانن لە داهاتوودا ناوەندی هاوکاری بکەنە بەرەیەکی کوردستانی؟ بۆ گرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بە ئامانج و کار و چالاکیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی هەیئەتی حیزب لەو ناوەندەدا پێک هێناوە:



**کاک قادر با یەکەم پرسیار ئەوە بێ کە ناوەندی هاوکاری کەی و چۆن پێک هات؟**

بیرۆکەی پێویستیی هاوکاریی بەردەوام لە نێوان حیزبەکان لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە هەبوو. زۆر جار کە پرس و ڕووداوێک لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات دەهاتە پێش کە پێویست بوو حیزبەکان پەیام و هەڵویستی خۆیان لە بارەیەوە ڕاگەیاندبا، هەستت دەکرد یەکدەنگ نەبوون و یەکهەڵوێست نەبوونی ئەو حیزبانە، نەک هەر لە کاریگەریی تەئسیری پەیام و هەڵوێستی ئەوانی کەم کردوەتەوە، هێندێک جار دەگەیشتیە ئەو ئاکامە کە ئەو نایەکبوونە و جیاوازیی پەیام و هەڵوێستەکان، زیانیشی بە جووڵە و ڕەفتاری خەڵک گەیاندوە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیدار و دانیشتنەکانمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام ڕەخنەمان لەو وەزعە دەگرت و ئەو داوایەمان لەگەڵ باس دەکردن کە پێویستە لە سەر پرس و بابەتە هاوبەشەکان، یەکدەنگ و یەکهەڵویست بین و بە هاوبەشی و کۆدەنگی بەرەوڕووی پرس و ڕووداوەکانی نێوخۆ ببینەوە. پێشتر لە چەند بۆنەیەکدا توانیبوومان جۆرێک یەکدەنگی و یەکهەڵویستی پێک بێنین و بە یەکەوەش ڕای بگەیەنین. بەڵام لە ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦، لە دانیشتنێکی هاوبەشی ٥ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کە لە سەرپێشنیاری حیزبی ئێمە و لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی سکرتێرەکانی ئەو حیزبانە پێک هات، بە تێکرایی وا ساغ بووینەوە کە لەمەودوا، هاوکاریی نێوان ئەو حیزبانە ببێتە ڕەواڵێکی هەمیشەیی و بۆ ڕێکخستن وبەرەوپێشبردنی ئەو هاوکارییانە کۆمیتەیەک یا ناوەندێکی هاوبەش پێک بێ.

لە ٣٠ی بەفرانبار و لە دانیشتنێکی دیکەی نوێنەرانی ئەو ٥ حیزبەی ئێستا بە یەکەوە ئەو ناوەندانەیان پێک هێناوە، لە بنکەی سەرەکیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەو ناوەندە پێک هات و پێکهاتنەکەی بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا. لەو کاتەوە تا ئێستا بە ڕێکوپێکی کۆبوونەوەکانی ناوەند پێک هاتوون، هەر جارەی لایەنێک بە شێوەی دەورەیی، ناوەندەکەی بەڕێوە بردوە و هاوکارییەکان بە ڕێکوپێک درێژەیان هەبووە.

**هەڵسەنگاندنی جەنابت لە کار و کۆبوونەوەکانی ئەم چەند مانگەی ناوەندە چیە؟**

کارو کۆبوونەوەکانی ئەم چەند مانگە بە باش هەڵ دەسەنگێنم. هەموو لایەنەکان هەست دەکەین کە پێوەندی و دانیشتن و باس و دیالۆگی بەردەوام و ڕێکوپێک، یارمەتیی داوە بە باشتر لێکتێگەیشتمان، بە دروستبوونی متمانە لەنیوانماندا، بەهەستکردنمان بەو هەمووە ڕوانگە و خوێندنەوە هاوبەش و لێکنزیکە کە لە نیوانماندا هەیە. خەڵکیش بەوە خۆشحاڵن کە دەبینن پێوەندی و هاوکاریی بەردەوام لە نیوانماندا هەیە و پێشوازییان لێ کردوە. ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە و لە بیرمان بێ کە لە پێشوودا پێوەندیی نێوان حیزبەکان پڕ بوو لە ساردی و سستی و، ئیمکانی ئەو جۆرە هاوکارییانە نەبوو؛ ئەمەی ئێستا دەکرێ بە قۆناغێکی نوێ لەو پێوەندییانە دابنێین.

**بەو پێیەی کە ئەم چەند حیزبە بە جۆرێک هەر دوو حیزبەکەی پێشوون کە لێک جیابوونەتەوە تا چەند ئیستعدادی پێکەوە هاوکاری کردنیان هەیە؟**

دیارە ئەم پێنج حیزبەی ئێستا هەر تەنیا پاشماوەکانی دوو دێموکرات و کۆمەڵەی یەکگرتووی پێشوو نین، لایەنی دیکەی وەک سازمانی خەباتیشیان لەگەڵ دایە و لە داهاتووشدا ئەگەری ئەوە هەیە لایەنی دیکەشیان پێوە زیاد بێ. بەڵام هەرخودی هاوکاریی نێوان ئەو لایەنانەش کە ئاماژەتان پێ داوە، لە چوارچێوەی ئەو ناوەندەدا لەگەڵ پێشوو جیاوازیی هەیە و باشتر بووە. پێشتر لایەنی وا هەبوو ئامادە نەبوو لە نێو هاوکارییەکی چەند قۆڵیدا بێ کە لایەنێکی دیاریکراوی تێدایە. بە خۆشییەوە ئێستا هەموو لایەنەکان ئەم جۆرە کۆسپانەیان لە بەر دەم خۆیان کە جاران ڕێگر بوون لە کاری هاوبەش، لابردوە. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە کۆسپ و مەرجانە لە پێشووشدا لە دانیشتنە چەند قۆڵییەکاندا، جێگای ڕەخنە بوون و هەوڵی هەموو لایەکمان ئەوە بوو کە هاندەر بین بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کۆسپانە نەمێنن. سەرئەنجام ئەم هەوڵانە نەتیجەی باشیان هەبوو.

**خەڵک و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لە مێژە داوای پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ئێستا نەکراوە. ئایا ئەم ناوەندە ئیستعدادی ئەوەی هەیە حیزبەکانی دیکەش بێنێتە نێو ئەم بازنەیە و دواتر بەرەیەک پێک بهێنن؟**

ئەم چاوەڕوانی و داوایەی خەڵک و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات زۆر لە جێی خۆی دایە. ئێمە دەستپێکردنی ئەو هاوکارییانەی ئێستا لەنێوان حیزبەکان هەن، بەسەرەتایەک دەزانین بۆ گەیشتن بەهاوکارییەکی هەمەلایەنە، گشتگیر و ستراتیژیک. خۆ بەرەیەکی هاوبەش کە ئامانجی گەورە و درێژماوەی هەبێ بە شەوێک پێک نایە. هەر لە سەرەتای پێکهاتنی ئەو ناوەندەشەوە، ناوەند بەردەوام دووپاتی کردوەتەوە کە هەوڵدان بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانەتی یا بەرەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەک لە ئامانجەکانیەتی. بە بڕوای ئێمە، ئەو ناوەندە ئیستیعدادی ئەوەی هەیە کە لایەنی دیکەشی پێوە زیاد بن. هەروەها ئەگەر پەلە نەکرێ و لە قۆناغی ئێستادا هەوڵ بدرێ هاوکارییەکان شۆڕببنەوە بۆ ڕەهەندی جۆراوجۆر و لایەنەکانی دیکەش بێنە نێو چوارچێوەی ئەو هاوکارییانە، هاوکات کاری جۆراوجۆر بکرێ بۆ ئامادەکردنی زەمینەکانی پێکهێنانی بەرە، دەتوانین بەوە هیواداربین کە ئەزموون و دەسکەوتەکانی ئەم قۆناغە و ئامادەکارییەکان، لە داهاتوودا پێکهێنانی بەرەیان لێ بکەوێتەوە.

**ئایا ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن بێنە نێو ئەم ناوەندەوە؟ لەو پێوەندییەدا هیچ شەرت و مەرجێک هەیە لەلایەن ناوەندەوە؟**

قەرار نیە ئەم ناوەندە هەر تەنیا ئەم پێنج لایەنەی ئێستا بگرێتەوە. بنەمای پەیوەستبوون بەم ناوەندە، قبووڵکردنی ئامانجەکان و پێڕەوە نێوخۆیەکەتی. هێز یا لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی کە خوازیاری هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بێ و ئامانجەکان و بنەماکانی ئەو هاوکارییانەی قبووڵ بێ، بەپێی ئوسوول و مەنتیق، دەبێ لەو چوارچێوەیەدا جێی بێتەوە. بەڵام کاتێک لەم بارەیەوە دەتوانین ڕوونتر قسە بکەین کە بەڵگەنامە سەرەکییەکانی ناوەند، پەسند و بڵاو ببنەوە. جارێ هەر وا خەریکین کاریان لە سەر دەکەین.

**تا ئێستا هیچ بەڵگەنامەیەکی نووسراو لە نێوان ئەندامانی ناوەندا هەیە کە هاوکارییەکان قایمتر و بەڵگەمەند بکا؟**

گەڵاڵەی دوو بەڵگەنامەی سەرەکی لە ناوەندا قسەیان لە سەر کراوە. یەکێک لە بەڵگەنامەکان پێوەندیی بە ئامانجەکانی ناوەندەوە هەیە، کە پێویستە ئامادەتر بکرێ بۆ ئەوەی لە ناوەندا ڕێککەوتنێکی گشتی لە سەر بکرێ. بەڵگەنامەکەی دیکەش تایبەتە بە پێڕەوی نێوخۆ کە دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی پەسند کراوە.

**ڕەخنەگرانی ناوەند دەڵێن ئەم ناوەندە تا ئێستا لە دەرکردنی چەند ڕاگەیاندراوێک نەترازاوە بۆ کاری هاوبەشی بەکردەوە، ئێوە دەڵێن چی؟**

بۆخۆشمان وەکوو ئەندامانی ناوەند لە کۆبوونەوەکانی ئەو ناوەندەدا ئەم باسەمان کردوە کە پێویستە چوارچێوەی هاوکارییەکان بەرینتر بکەینەوە و تەنیا بە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی هاوبەش، ڕازی نەبین. دیارە بە کردەوەش لەوەمان تێپەڕاندوە. بۆ وێنە لە زستانی ڕابردوودا، ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکانی ئەم ناوەندە، بە بۆنەی ٨ی مارس سمیناری هاوبەشیان بەڕێوە برد. هەر لەم مانگەشدا، ناوەندی هاوکاری، سمینارێکی لە بارەی «تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان» پێک هێنا. لە داهاتووشدا قەراری ئەوەمان هەیە لە سەر پرس و بابەتە گرنگ و هاوبەشەکان، ئەم جۆرە چالاکییانەمان هەبێ.

**لە ئاستی هەرێمی و نێونەتەوەییدا هیچ فکرێک بۆ دیپلۆماسیيەکی هاوبەش کراوە لە ناوەندی هاوکاری؟**

دەرەوەی وڵات، بوارێکی باشە بۆ هاوکاریی نێوان حیزبەکان. هەر بۆیە لە ناوەندی هاوکاریدا وا ساغ بووینەوە کە هاوکاریی نێوان حیزبەکان بۆ دەرەوەی وڵاتیش بگوازینەوە. لەم پێوەندییەدا هەر کام لە حیزبەکان نوێنەرێکیان لە دەرەوەی وڵات بە ناوەند ناساندوە. ناوەند بە تازەیی هێندێک ڕاسپاردە و ڕێنوێنیشی پەسند کردوە بۆ ئەوەی ئەم هاوکارییانە لە دەرەوەی وڵات بە زوویی پێ بنێنە قۆناغی کردەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو هاوکارییانە لە دەرەوەی وڵات، دەتوانێ کاری دیپلۆماسی و پێوەندیگرتن بە ناوەندە سیاسییەکان و ناوەندەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ بێ. بە گشتی کاری دیپلۆماسی بە هاوبەشی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، وەکوو ئامانجێکی ناوەند کە لە داهاتوودا دەبێ جێبەجێی بکەین، لە بەرچاوی ئەم ناوەندە ون نەبووە بەڵام هەتا ئێستا هەنگاوێکی وامان هەڵنەگرتوە.

**چی پێویستە بکرێ بۆ هاوکاریی ئەندامانی ناوەند بۆ کاری عەمەلی لە ڕۆژهەڵات؟**

یەکەم شت کە پێویستە بکرێ، ئەوەیە کە ئەم ناوەندە و ئەو هاوکارییانەی چەند مانگێکە لە نێوانماندا هەیە، بیپارێزین. دووهەم شت ئەوەیە، هاوکارییەکان لە دەربڕینی هاودەنگی و هاوهەڵوێستی بەرامبەر بە ڕووداو و ئالوگۆرەکاندا سنووردار نەکەین، بەڵکوو بیانگوازینەوە بۆ بوارەکانی دیکەش، وەکوو هاوکاری لە ئاستی دەرەوەی وڵات، کاری دیپلۆماسی، هاوکاری لە بواری ئەمنیەتی و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار بۆ دیالۆگ و بیروراگۆڕینەوە لە بارەی ئەو پرسانەی پێوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و هتد. لە پێوەندی لەگەڵ پرس و ڕووداوەکانی نیوخۆی ڕۆژهەڵاتیشدا، بەر لە هەر شتێک پێویستە خوێندنەوەمان لەبارەی خەباتی مەدەنی و جەماوەری و حەرەکەتە ئێعترازییەکانی نێوخۆ، هەر وەها چۆنیەتیی شوێندانان لە سەر ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکانی نێوخۆ، لەگەڵ یەکتر باس بکەین. ئەگەر لەو بارەوە لێک نزیک بووینەوە، پێویستە بە هاوبەشی و یەکدەنگی کار لە سەر زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان بکەین. ئەمە هەم ئاستی کاریگەریی پەیامی حیزبەکان بەرەوژوور دەبا، هەم هاندەری یەکگرتوویی خەڵک و بەردەوامیی جموجۆلە مەدەنی و جەماوەرییەکان لە ژوورەوە دەبێ. جگە لەمەش پێوەندیی حیزبەکان و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز لە نێوخۆ، بە هێزتر دەکا. لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی، چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەر و پێشهاتەکانی داهاتوو کە کاریگەرییان لە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ، پێویستە بچینە نێو کاری عەمەلی. گرینگ ئەوەیە عەلاقە و ئیرادەی ئەوەمان هەبێ کە بە خۆشییەوە من ئەو عەلاقەیە دەبینم.

**سپاس بۆ کاتدانانت بۆ ئەم وتووێژە**

سپاس بۆ ئێوەش، ماندوو نەبن.

# لێکگرێدانی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕەفتاری یەکگرتووانەی کۆمەڵگە



سمایل شەرەفی

مانگرتنە ٢٥ ڕۆژەکەی بەهاری ئەمساڵ لە شاری بانە، کۆمەڵێک دەرەنجامی تایبەتیی بەدوای خۆیدا هێنا و دەهێنێ کە جێی خۆیەتی بە گرینگییەوە خوێندنەوەیان بۆ بکرێ. پێنج ساڵ پێش ئێستا و لە مانگی پووشپەڕدا بوو کە لە زۆربەی زۆری شارەکانی کوردستان _جیا لە شاری بانە بە شێوەیەکی دیار_ بە بۆنەی ساڵڕۆژی تیرۆری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات دووکان و بازاڕەکان داخران و خەڵکی کوردستان ئەم کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بۆ جارێکی دیکە مەحکووم کردەوە. هەر ئەو کات کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارێکی تایبەتدا خەسارناسیی ئەم هەڵوێست و ڕەفتارەی خەڵکی شاری بانەی کرد. لەو سمینارەدا زۆربەی بەشدارانی باسەکە لەو بڕوایەدا بوون کە هۆکاری ئەم لەگەڵنەکەوتنەی خەڵکی شاری بانە بۆ مانگرتنەکە و دووکان و بازاڕداخستن، دەگەڕێتەوە بۆ مەوقعییەت و پێگەیەکی تایبەتیی ئابووری کە بۆ ئەم شارە پەیدا بووە. هەر لەم سمینارەدا بە وردی قسە لە زیان و قازانجەکانی ئەم مەوقعییەتە ئابووری و بازرگانیە لە سەر داهاتووی ئەم شارە کرا کە چەندە دەتوانێ شوێنەواری خۆی لە سەر ڕەفتاری خەڵکی شارەکە دابنێ.

ئێستا کە باس لە مانگرتنەکەی ئەمساڵی شاری بانە دەکەین، دەبینین زۆر لەو بۆچوون و لێکدانەوانەی لەو سمینارەدا کران درووست و لە جێی خۆیاندا بوون. پێگە و مەوقعییەتێکی تایبەتی کە بە هۆی مامەڵەی بازرگانی لەم سنوورانەوە بە شاری بانە و چەند شارێکی دیکەی سەرسنوور بەخشراوە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووریی لەم شارانەدا درووست کردوە. لە هەمووی گرینگتر ئەم مەوقعیەتە تایبەتە توانیویەتی کۆمەڵێک «بەرژەوەندیی هاوبەش» بۆ خەڵکی ئەم شارانە و لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک «هەڕەشەی هاوبەش» بۆ دانیشتووانیان درووست بکا کە بێگومان شوێنەواری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری هاوبەشی کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی دادەنێ و بەهێزی دەکا.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرز و دیارەکانی مانگرتنەکەی شاری بانە کە سەرەکیترین هۆکاری بەردەوامیی ئەم مانگرتنە بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ بوو و پیلانەکانی ڕێژیمی بەرانبەر بە شکڵ و فۆڕمی ئەم حەرەکەتە جەماوەری و مەدەنییە مایەپووچ کردوە، یەکگرتوویی و یەکڕیزیی خەڵکی ئەم شارە بوو. لێرەدا ئەگەر بمانهەوێ خودی «یەکگرتوویی»ی و «یەکڕیزی»ی خەڵک لە چوارچێوەی دیاردەیەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتیدا قسەیان لە سەر بکەین، پێش هەموو شتێک پێویستە قسە لە هۆکارەکانی درووستبوونی ئەم «هاوبەش»ییە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بکەین. پێگە و مەوقعیەتێکی ئابووری کە بە هۆی ئەم سنوورەوە بۆ شارگەلێکی وەک بانە و مەریوان یان هەر شارێکی دیکەی سنووری درووست بووە، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر درووستبوونی کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشی دانیشتووانی ئەم شارانەوە هەیە کە بۆ پاراستن و ڕاگرتنی، ئیرادەیەکی هاوبەشیش پێویستە.

ئەم ئیرادە هاوبەشە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوت یان پێگەیەکی هاوبەش کە هەموو قازانجی تێدا دەکەن، نە لەخۆڕا درووست دەبێ و نە هەروا بە شێوەی «خۆڕسک»یش لە «هێز»ەوە دەگۆڕدرێ بۆ «کردەوە». بۆ ئەوەی دەرک بە کاتالیزۆری ئەم هەڵوێست و ڕەفتارە هاوبەشەی خەڵکی بانە لە ڕەوتی ئەم مانگرتنانەدا بکەین، جێی خۆیەتی بە وردی سەرنجی ڕۆڵ و کارتێکەریی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم ڕووداوەدا بدەین. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەم مانگرتنەوە خەڵکی ناڕازی لە داخستنی سنوورەکان و بردنەسەرەوەی نرخیماڵیاتی سەر شت و مەکی کاسبکاران، خەڵکی شار بە کۆبوونەوە لە دەوری سفرەیەکی خاڵی و بەتاڵ، درووشمی «خاڵیبوونی سفرەکان»یان بەرزکردەوە و بەم شێوەیە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ئەم فۆڕمە لە ڕەفتاری خەڵک پەرەی ئەستاند و تەنانەت پەیامانەیە کە ئێمە دەتوانین لەم مانگرتنەوە فێری ببین. بنەماڵەیەک، شارێک، حیزبێک یان میللەتێک _ کە مەبەستی سەرەکیی ئێمەیە_ ئەگەر دەیهەوێ لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراودا تێ بکۆشی و خەباتی لە پێناویدا بکا، سەرەکیترین مەرجی سەرکەوتنی یەکیەتیی و یەکگرتووییە. بێگومان ئەم شەرتە نایەتە دی تا ئەو کاتەی کە بەرژەوەندییە گشتییەکە دیاری دەکرێن. لەوانەیە یەکێک لەو هۆکارانەی تا ئێستا هەستی یەکیەتی و یەکگرتوویی لە نێو ئێمەی میللەتی کورددا بە لاوازی هێشتۆتەوە، نەناسین و دەرک نەکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکانمان بێ. زۆر جار لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورد دا قسە لە «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» و «بەرژەوەندیی نیشتمانی» دەکرێ کە هەموو لایەکمان بە هەر بیروبۆچوون و ئایدیایەکەوە دەبێ هەوڵی دابینکردن و وەدەستهێنان و دواتر پاراستنی بدەین، بەڵام لەوانەیە کەمایەسییەکە لێرەدا بێ کە ئەم تێڕوانینانە زۆر گشتین و وردنەکراونەتەوە بۆ نێو بەدەنەی کۆمەڵگە.



چەند شارێکی دیکەی وەک؛ سەقز، سەردەشت، مەریوان، پیرانشار و... گرتەوە. بە واتایەکی ڕوونتر ئەوە چالاکانی مەدەنی و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو کە توانیی هەموو ئەم هەست و ئیرادە هاوبەشانە لە چوارچێوەیەکی مەدەنی و شارستانیدا بیچمی پێ بدا و بەرینییەکی جەماوەری پێ ببەخشێ.

لەم مانگرتنە ٢٥ ڕۆژەی شاری بانەدا کە لانیکەم لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە ئاستی ئێران و کوردستاندا وەک درێژترین و بەردەوامترین ڕەفتاری جەماوەری تۆمار کراوە، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیی ڕۆڵی سەرەکیی تێدا بگێڕێ. ئەم مانگرتنە هەم لە شکڵ و هەم لە نێوەرۆکدا نە تەنیا بەرانبەر بە پیلانی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێوەبوون بیانووی سەرکوتکردنی بۆ بدۆزنەوە ڕاوەستا، بەڵکوو توانیی بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی کۆمەڵێک پەیامی گرینگ بڵاو بکاتەوە کە جێی خۆیەتی زیاتر لە هەمیشە سەرنجیان بدرێتێ و کاریان لە سەر بکرێ.

ناسینی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان یەکێک لەو لێرەدایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی پێناسەکراو لە چوارچێوەی بزووتنەوەی مەدەنیدا، دەتوانن کار لە سەر تێگەیاندنی کۆمەڵگە لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و هەڕەشە هاوبەشەکان بکەن. ئەوانن کە دەتوانن بە وردکردنەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ کۆمەڵگە، کار لە سەر درووستکردنی یەکیەتیی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بکەن.

بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا سەلماندوویەتی کە دەتوانێ لە قۆناغی نوێی بوونی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو و لە چوارچێوەی جەماوەردا کار لە سەر ڕەفتاری یەکگرتوو و هەڵوێستی هاوبەش بکا. هەڵمەتی بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی سەرجەم شارەکانی کوردستان لە جەریانی بوومەلەرزەکەی ساڵی پاری کرماشان و مانگرتنەکەی شاری بانە، دوو نموونەن بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە.

# شوێنەواری نەوت لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستاندا



کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکرات ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ سیمینارێکی بۆ کاک ئەسعەد یووسفی لە ژێرناوی "شوێنەواری نەوت لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستان"دا پێک هێنا. ئەسعەد یووسفی، ئەندامی حیزب و نیشتەجێی وڵاتی سوئید لەو سیمینارەدا بە وردی ئاوری لە گرینگیی نەوت و سیاسەتی نەوتی لە دنیادا دایەوە. کۆڕگێڕ لە سێ تەوەردا گرینگی و شوێندانەریی نەوتی لە ئاستی هاوکێشەکانی جیهان و بەتایبەتی لەسەر کوردستان پۆلێنبەندی کرد و ، لە سەرهەر کام لە تەوەرەکان بە پێی دەرفەت قسەی کرد. ئەسعەد یووسفی بە وەبیرهێنانەوەی مێژووی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهان، بە خستنە بەرباسی کاریگەرییەکانی بەسەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و مامەڵەی زلهێزان، بەتایبەتی لە شەڕی جیهانی دوویەم بەملاوە، درێژەی بە قسەکانی دا. ئەوەی کە نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتی بە جۆرێک پێکەوە گرێدراون و ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە زۆرێک لە ڕووداوە سیاسییەکان لە جیهان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ نەوت هەیە، بەشێکی دیکە لە باسەکەی ئەسعەد یووسفی بوو. کۆڕگێڕ بە نموونە هێناوە لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و ڕەفتاری سیاسیی زلهێزان لەگەل وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی عیراق و ئێران باسی لە پێگە و گرینگیی نەوت لە بەرنامەڕێژیی سیاسی و بلۆکبەندیی وڵاتاندا کرد و چەند خاڵی جێگای سەرنجی باس کرد. پاشان بە ئاوردانەوەیەک لەو وڵاتانە کە کوردی تێدا دابەش کراوە، بەتایبەتی وڵاتی عێراق و ئێران درێژەی بە باسەکەی خۆی دا. ئەسعەد یووسفی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بە هەڵکەوتوویی جوغرافیایی باشووری کوردستان و شێوەی مامەڵەکردنی دەوڵەتی ناوەندی و زلهێزەکان، گرفتەکان و دەسکەوتەکانی ئەو بەشەی کوردستانی لە ڕوانگەی سیاسەتی نەوتەوە باس کرد. بەڕێزیان بەم پرسیارە کە ئایا نەوت دەتوانێ دێموکراسی بۆ وڵاتانی خاوەن نەوت بەرهەم بهێنێ یان دیکتاتۆری، ڕاونگە و بیروبۆچوونی بیرمەندان و کارناسانی لەو بارەوە بۆ ئامادەبووان خستەڕوو. کۆڕگێڕ لەو بەشەدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە، ئابووریی یەکڕەهەندی و نەبوونی سیستەمی ماڵیات و پشتبەستن تەنیا بە بەرهەمهێنان و هەناردە کردنی نەوت، لە هێندێک وڵاتانی خاوەن نەوتدا ڕێگر بۆوە لە بەردەم گەشەی دێموکراسی و هەر بۆیە دیکتاتۆری لێ کەوتووتەوە. ناوبراو لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی ئەوەشی هێناوە کە نەوت توانیویەتی لە گەشەی کۆمەڵگە و هەنگاونان بەرەو دێموکراسیەتدا کاریگەریی باشی هەبێ.

# خۆری تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لە ئاوابوونە

سامرەند عەتری




لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا، پاش ڕاپەڕینی گەلانی سووریە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد و سەرکوتی خوێناویی ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن بەشار ئەسەدەوە لە ساڵی ٢٠١١دا، کە بوو بە هۆی هەڵاییسانی شەڕی نێوخۆیی لە سووریە و دواتر سەرهەڵدانی داعش لە عێراق و سووریە، ڕێژیمی تیرۆریستی ئیسلامیی ئێران بە بیانووی جۆربەجۆری وەکو بەرگری لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە سووریە و عێراق، یان پێشگرتن بە دزەی شەڕ بۆ نێوخۆی ئێران و دوورخستنەوەی هێڵی جەنگ لە خاکی ئێران، بوو بە هاوپەیمانی سەرەکیی ڕێژیمی بەشار ئەسەد. کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای خەرجکردنی بە لێشاوی دارایی و سامانی گەلانی ئێران لەو جەنگەدا، سەدان کەس لە ئەندامانی هێزە تیرۆریستەکانی خۆی و میلیشیا هاوپەیمانەکانی، لەوانە حیزبوڵڵای لوبنان لە سووریەدا کوژران. هەر لەم یەک و دوو حەفتەیەدا بە هۆی هێرشی ئیسرائیلەوە بۆ سەر بنکەی هێزە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی تاران لە خاکی سووریەدا جودا لە کوژرانی دەیان پاسداری تیرۆریستی ڕێژیم، مووشەک و جبەخانەیەکی زۆریش، کە بە پارە و سامانی دزراوی گەلانی ئێران دروست کرابوون، بوون بە تەپوتۆز. ئەمە لە کاتێکدایە کە ٤٠ ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دروشمی لەنێوبردنی ئیسرائیل دەڵێتەوە، کەچی لە هەمبەر ئەو هێرشانەی ئیسرائیلدا هیچ کاردانەوەیەکی بەکردەوەی نەبووە، بێجگە لە پاتکردنەوەی دروشم.

گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلانی غەیرەفارس، هەر لە سەرەتاوە دژی بەشداریی وڵاتەکەیان لە سەرکوتی گەلانی سووریەدا بوون، ئەویش لە کاتێکدا کە ئابووریی ئێران لە نێوخۆی وڵاتدا وێرانە و بێکاری و هەژاری تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە، بۆیە لە ڕاپەڕینەکەی بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا، کە نیزیکەی ١٠٠ شاری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، یەکێک لە داوا و دروشمە سەرەکییەکانی خەڵکی ئێران ئەوە بوو، کە ڕێژیم دەست لە سووریە و وڵاتانی دەرەوە هەڵگرێ و فکرێک لە دۆخی وێرانی خەڵکی هەژار و برسیی نێوخۆی ئێران بکاتەوە (سوریە را رها کن / فکری بە حال ما کن). کەچی ڕێژیم نەک هەر بە قسەی خەڵکی ئێرانی نەکرد، بگرە بەتوندی سەرکوتی کردن و دەیان کەسی بێتاوان و مافخوازی دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کرد و زیاتر لە ٢٥ کەسیشی لەسەر جادەکان کوشت.

ڕێژیمی تاران کە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە فکری لە وەدەستهێنانی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو دەرکردەوە، زیاتر لە ٣٥ ساڵ بەشێکی زۆری داهاتی ئێرانی لە بنیاتنانی کۆمەڵێک وێستگەی وزەی ئەتۆمیدا خەرج کرد بە هیوای ئەوەی کە بتوانێ بۆمبی ئەتۆمی دروست بکا، کەچی لەم ساڵانەی دواییدا بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بەسەر وڵاتانی شیعەی ناوچەکەدا بگرێ، پرۆژە ئەتۆمییەکەی کردە قۆچی قەربانیی دەستوەردانە تیرۆریستییەکانی لە ناوچەکەدا. ئێران لەوەشدا بەختی نەیهێنا و پاش ئەوەی دەوڵەتی ئەمریکا گۆڕا و دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی نوێی ئەو وڵاتە بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیەی دا و داواشی کرد ئێران دەست هەڵگرێ لە بەرنامەی مووشەکسازی و هەناردەکردنی بۆ میلیشیا تیرۆریستەکانی ناوچەکە و هێزەکانی خۆیشی لەو وڵاتانە بباتە دەرەوە، سەرلەبەری ئەو فرتوفێڵ و خەرج و قوربانییانەی ڕێژیم خەریکە بەرەو لەنێوچوون دەڕۆن، ئاخر ڕێژیم دڵی بە پشتیوانیی ڕووسیە خۆش بوو، کەچی پووتین، سەرۆکی ڕووسیە دوو ڕۆژ لەمەوبەر ڕایگەیاند، دەبێ هێزە بیانییەکان لە سووریە بچنە دەرەوە. هەر ڕۆژێک دوای قسەکانی پووتین، نوێنەرەکەی بۆ کاروباری سووریە، ئەلیکساندر لاڤرنتیڤ بە ڕاگەیاندنەکانی گوت، مەبەستی پووتین لە هێزی بیانی، ئێران و حزبوڵڵای لوبنانیش دەگرێتەوە.

هەرچەندە ئەم بۆچوونەی ڕووسیە وەکو شتێکی چاوەڕواننەکراو دێتە بەرچاو، تەنانەت ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمی تاران، لەوانە هەواڵدەریی فارس، پێیان وایە ئەو قسەیە بەدەمی ڕووسیەوە هەڵبەستراوە، بەڵام لەڕاستیدا لە واقعی ئێستای ناوچەکە بەدوور نیە. ئاخر ئەم ڕۆژانە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا هێزە شیعەکانی نیزیک لە ئێران نەیانتوانی سەرکەوتنی سەرەکی بەدەست بێنن و بە پێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق وێ دەچێ دەوڵەتی ئایندەی ئەو وڵاتە وەکو دەوڵەتەکانی پێشوو دەستەمۆی تاران نەبێ. بێجگە لەوەش، دەوڵەتی ئەمریکا ڕایگەیاندووە، هەوڵ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی دژی دەستدرێژییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، هاوشێوەی هاوپەیمانی دژی داعش دەدات و وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکەش بەتەواوەتی پشتیوانی لەو هاوپەیمانەتییە دەکەن.

لە نێوخۆی ئێران و لە نێو مۆرەکانی ڕێژیمیشدا هەست بەوە کراوە، کە پێویستە ڕێژیم دەست لە زێدەڕۆییەکانی لە ناوچەکەدا هەڵگرێ، لەوانە ناتق نووری، ئەندامی کۆڕی دیاریکردنی بەرژوەندییەکانی ڕێژیم، لە وتارێکیدا دەڵێ: «ئیدی کاتی بیرکردنەوە لە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکە بەسەرچووە و پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە نەهێڵین ڕێژیم بڕووخێ.»

ئەم ڕاستییانە نیشانەی ئەوەن کە ڕێژیم هەم لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی و هەم لە بەرنامەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیدا شکستی خواردووە و دەیەوێ بیر لە فرتوفێڵی نوێ بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی نێوخۆ و گەلانی ئێران بکاتەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شاری کازروون بە چەک ڕووبەڕووی خەڵکی ناڕازیی ئەو شارە بووەوە و بە گوێرەی ڕاگەیاندنەکان زیاتر لە ٣ کەسی کوشتووە و دەیان کەسی بریندار کردووە و دەیان کەسیشی دەستبەسەر کردووە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئاخۆ گەلانی ئێران لەوە زیاتر ڕازی دەبن بە مانەوەی ئەو ڕێژیمەی کە ٤٠ ساڵە سامان و دارایی و ئازادی و ئیرادەی خەڵکی ئێران بەفیڕۆ دەدا؟ ئاخۆ گەڕانەوەی ڕێژیم لە سووریە بەبێ هیچ دەستکەوتێک و بەو هەموو تێچووە ماددی و گیانییەوە بە ئاسانی بەسەر ڕێژیمدا تێپەڕ دەبێ؟

# بڕیاری یەکلاکەرەوەی بەرجام لای کۆمپانیاکانە، نەک دەوڵەتان

ئەمریکا لە بەرجام هاتۆتە دەرێ و دەڵێ گەمارۆکانی پێشووی ئەو وڵاتە دژی ئێران دێنەوە جێی خۆیان. لەولاشەوە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا لە هەوڵی ئەوە دان ئەوەندەی بکرێ بەرجام بە زیندوویی ڕابگرن و بازاڕی بە سوودی ئێران لە کیس مامەڵە تیجارییەکانیان نەدەن. بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا یەکلاکەرەوەیە بڕیاری کۆمپانیا زەبەلاحەکانە کە هەم بۆ ئێران و هەم بۆ وڵاتانی ئورووپا گرینگە. ئەوەش کە ئێستا دەیبینین ئەوەیە کە مەیل و ئیرادەیەک لەلایەن گەورە کۆمپانیاکان بۆ مانەوە لە وەبەرهێنان لە ئێراندا نیە.

لە ئێستادا کۆمپانیای دێنلی ئیتالیایی، ڕایگەیاندوە کە گرێبەستی یەک میلیارد و ٥٠٠ میلیون یۆرۆیی خۆی لە بواری دروستکردنی پۆڵا، لە گەڵ ئێران هەڵدەسپێرێ و چالاکییە ئابوورییەکانی لە ئێران ڕادەگرێ.

هاوکات کۆمپانیای کەشتیوانی مێرسێک مامەڵەکردنی بازرگانی خۆی لەگەڵ ئێران ڕاگرت. میرسێک، دەڵێ دوای چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە بەرجام و گەڕانەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە بۆ سەر ئێران، ئەم کۆمپانیا ئیتر ناتوانێ درێژە بە پەیوەندییە بازرگانییەکانی بدات لەگەڵ ئێران. کۆمپانیای کەشیتەوانیی مێرسێک، کۆمپانیایەکی دانمارکییە و گەورەترین کۆمپانیای کەشتییەوانیی دونیایە کە زیاتر لە ٦٠٠ کەشتی بارهەڵگرتن و زیاتر لە ٣٨ میلیۆن کانتینێر دەگرێتە خۆی.

هەر دوای بڕیارەکەی ترامپ، ڕۆژی کۆمپانیای نێونەتەوەیی ئالیانز، کە کۆمپانیایەکی گەورەی بواری بیمەیە و لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیا نوێنەرایەتی و لقی هەیە و نووسینگەی سەرەکییەکەی لە شاری مۆنیخە، ڕایگەیاند کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران ڕادەگرێ. هەر لەم پەیوەندیەدا، کۆمپانیای زیمێنس، کە کۆمپانیایەکی گەورەی بواری پەیوەندیکردن و ئەنتەرنێت و تەلەفۆنە و نووسینگە سەرەکییەکەی لە شاری بێرلینی ئاڵمانە، ڕایگەیاندوە کە پەیوەندیی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ ئێران نامێنێ.

هێشتا ئێران لە تاسانی ئەو هەواڵە دەرنەهاتبوو کە هەواڵ گەیشتێ کۆمپانیای زەبەلاحی تۆتاڵی فەرەنسی کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتە لە دونیادا، چالاکییە ئابوورییەکانی خۆی لە ئێران هەڵدەسپێرێ و بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئامریکاوە و چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە بەرجام ئامادەی هاوکاری کردن نیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

هاوکات وڵاتی چین کە وەک کڕیارێکی هەمیشەیی نەوتی ئێران چاوی لێکراوە، ڕایگەیاندوە بە مەرجی داسەپاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان، وڵاتەکەی گەرەنتی و دڵنیایی ئەوە نادا بە کۆماری ئیسلامی کە نەوت لەو وڵاتەوە هاوردە بکا.

دوای هاتنە دەرەوەی ئەمریکا لە بەرجام، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا و وڵاتان لەهەوڵی ڕاگرتنی چالاکییە ئابوورییەکانی خۆیانن لە ئێران. سەرەڕای هەوڵ و تەقەلای بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ بەرگرتن بە هەڵوەشاندنەوەی بەرجام و زیندوو کردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان، بەڵام کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان سەرمایەکەی خۆیان لە ئێران دەکێشنە دەرەوە. بێگومان ئەمەش کاریگەریی زۆری ئابووری لە ناوخۆی وڵات هەیە.

دونیای ڕۆژئاوا و لەوانە ئەمریکا لایان وایە کە ئێران لەو دەرفەتە ئابوورییەی کە کەوتە بەردەستی بە هۆی بەرجامەوە، هەوڵی پەل هاوێشتنی زیاتری دا بۆ ناوچەکە و ئەو پارەیەی کە دەستی دەکەوت دەیخستە خزمەتی گرووپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە لە لوبنان و سووریە و عیراق و یەمەن و...

ئێستا قسە ئەوەیە کە ئاخۆ وڵاتانی ئورووپایی بەلای ئەمریکایدا دەشکێن یان هەوڵ دەدەن زۆیان لە ژێر هێژمۆنیی ئەو وڵاتە ڕزگار بکەن، بەڵام بە سەرنجدان بە ئابووریی زەبەلاحی ئەمریکا زەحمەتە هیچ کۆمپانیایەک بیەوێ یان بتوانێ خۆی لە مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ئەمریکا لابدا. بەو پێیە دەبێ چاوەڕوان بین دۆخێکی سەخت و دژوارتر لە ساڵان بەرەوڕووی ئێران ببێتەوە.

# فێرکردنی بەخۆڕایی و ڕووتاندنەوەی قوتابییان!



لە کاتێکدا بەپێی قانوونی بنەڕەتی خوێندن لە سیستمی پەروەردەیی وڵاتدا بە خۆڕایی و لەسەر ئەرکی دەوڵەتە، بەڵام لەمساڵی خوێندندا وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان لە ژێر ناوی یارمەتییە خەڵکییەکاندا بڕی ١٠ هەزار میلیارد تمەنی لە قوتابیان وەرگرتووە. مەنسوور موجاوێری، ڕاوێژکاری وەزیری پەروەردە و ڕاهێنان ئەوەی بە داهاتی ئەو وەزارەتخانەیە ناو بردووە و دەڵێ لە ژێر ناوی یارمەتیی خەڵکیدا بڕی ١٠ هەزار میلیارد تمەنیان لە بنەماڵەی قوتابیان ئەستاندووە. ناوبراو پاساو بۆ ئەم بڕیارەی وەزارەت دێنێتەوە و دەڵێ وەزارەتی پەروەردە بۆ وەرگرتنی ١٠٠ میلیارد تمەن تێچووی بڕق بۆ قەتابخانەکان دەبێ لە ڕێکخراوی بەرنامە و بوودجە بپاڕێتەوە. ئەم ڕاوێژکارەی وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان لە حاڵێکدا ڕووتاندنەوەی بنەماڵەی قوتابییان بە زۆرەملی بە یارمەتیی خەڵکی ناو دەبا، کە لە ساڵدا بە هەزاران قوتابی کە توانای پێدانی ئەو بڕە پارەیەیان نەبێ لە قوتابخانە دەردەکرێن یان بە ناچار واز لە خوێندن دەهێنن. ئەم دیاردەیە لە کوردستان بەهۆی هەژاریی زیاتری خەڵک زیانەکانی زۆرتر و بەرچاوترن لە حاڵێک دایە کە ئەم کارە ناقانوونییە و ڕێگەپێنەدراوە، بەڵام بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان دەڵێن بە هۆی کەمیی بوودجە و دابینەکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانەکان لەلایەن دەوڵەتەوە ناچارن شەهرییە لە بنەماڵەی قوتابییان وەربگرن. بەردەوامیی ئەو ڕەستە وازهێنانی قوتابییان لە خوێندنی لێ کەوتۆتەوە و لە هێندێک شوێن بینراوە کە بنەماڵەکان توانایی پێدانی ئەم بڕە پارەیەیان نەبووە و پاش پێداگریی قوتابخانە کەسێک لە بنەماڵەی ئەم قوتابیانە بە ناچاری کاریان لێ کێشاون.

# دیالکتیکی بژاردە و پێکهاتە



حەسەن شێخانی

یەکێک لەو باسانەی لە مێتۆدۆلۆژیی شرۆڤەدا گرینگە، پێوەندیی چالاکی(«کنش»، ئەکشن) و پێکهاتە، ئیدە و پێکهاتە، یان کارگوزاری و پێکهاتە و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، بژاردە و پێکهاتەیە. زۆر جاران لە شرۆڤەی ڕووداوەکاندا یەکیان پشتگوێ دەخرێ و ئەو پێوەندییە ئۆرگانیکەی لە نێوانیاندا هەیە، ڕەچاو ناکرێ. پرسیار ئەوەیە پێوەندیی ئەو دووانە چۆنە؟ کامیان بەسەر ئەوەی دیدا ئەولەوییەتی هەیە؟ لە بنەڕەتدا پێوەندییان چ ڕۆڵێکی لە شرۆڤەی ڕووداوەکاندا هەیە؟ لەم وتارەدا سەرەتا بە شێوەیەکی گشتگیرتر و تیۆریکتر، باسی ئەکشن و پێکهاتە دەکەین کە شێوە و فۆڕمی جیاجیا و جیاوازی لە ڕەوتی ئەندێشە و شرۆڤەدا وەرگرتووە و بە شێوەیەکی کورت ئاماژەی پێ دەکەین. دواتر بە شێوەیەکی دیاریکراوتر و لەژێر تیشکی باسە گشتییەکەدا، پێوەندیی نێوان بژاردە و پێکهاتە شی دەکەینەوە کە تا ڕادەیەک فۆڕمی ئاکامیگیریش وەردەگرێ. سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ئەکشن و پێکهاتە، ئێمە دەتوانین بەگشتی سێ تیۆری و ڕێچکەی فکریی جیاواز ئاماژەیان پێ بکەین:

مێژوو لەسەر بنەمای لۆژیکی ناوەکی بەرەو ئاکام و دواهاتێکی دیاریکراو هەنگاو دەنێ، کە مرۆڤەکان تەنیا لەنێو ئەو ڕەوتەدا، کە هێڵە سەرەکییەکانی بەپێی مەنتقی گۆڕانی مێژوو، دیاری دەکرێ، ڕۆڵ دەبینن. واتە مرۆڤەکان دەچنە پشتی شانۆی مێژووەوە. مارکسیزم لە فۆڕمە ڕووسیەکەیدا، بە قۆناغبەندیی کردنی مێژوو، پێوەندییەکی هێڵی لە ڕەوتی مێژوودا دەستنیشان دەکا، کە دواجار لەوپەڕی بەرەوپێشچوون و گۆڕانی خۆیدا بە کۆمۆنیزم دەگا. لەم فۆڕمە لە مارکسیزمدا، بنەمای ماددی دینامیزم و بەرەوپێشبەری مێژوویە، کە بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر، لە کۆمۆنە سەرەتاییەکانەوە دەست پێ دەکا و دواجار بە کۆمۆنیزم کۆتایی دێ. لەم ڕەوتەدا ئەندێشەی مرۆڤ و سەرخانی سیاسی و ئایدۆلۆژیک بە بەرگی ئەو بنەما ماددیە دەچوێندرێن، کە بەپێی گۆڕان و گۆڕانی، ئاڵوگۆڕ لە سەرخاندا مسۆگەر دەکا. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە هەموو پێکهاتەگەراییەک ناچێتە چوارچێوەی پێکهاتەخوازیی کۆنسێرڤاتەوە. چونکە فۆڕمێک لە پێکهاتەخوازی(مارکسیزم)، شۆڕشگێڕانەیە.



**پێکهاتەگەرایی پەتی**

ئەم ڕوانگەیە ڕۆڵێکی سەربەخۆ بۆ چالاکی و ئەکشنیی مرۆڤ قایل نیە. لەم ڕوانگەیەدا مرۆڤ واسیتەیەکە کە سترۆکتۆرەکان لە ڕێگەی وییەوە ڕۆڵ دەگێڕن. لێرەدا بۆ ئەوەی باسەکە بە چاکی شی بکەینەوە، دوو تیۆری لە یەکتر جیا دەکەینەوە: **ئەلف:** ڕیالیزم(واقعگەرایی)، کە وێڕای نادیدەنەگرتنی ڕۆڵی چالاکیی مرۆڤ، لەسەر کاریگەریی پێکهاتەکان پێ دادەگرێ. ڕیالیستەکان ڕۆڵی بژاردە یان چالاکیی مرۆڤ، دەخەنە پلەی دووەمەوە و لە شرۆڤەی دیاردە و ڕووداوەکاندا قورسایی و ئەولەوییەت بە پێکهاتەکان دەدەن. **ب)** ڕوانگەی پێکهاتەگەرایی ڕەها، کە کاریگەریی مرۆڤ لە دروستکردنی چارەنووسی خۆی ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ مرۆڤ بەرهەمی ژینگەی خۆیەتی. واتە لەنێوان پێکهاتە و ئەکشنیی مرۆڤدا، پێوەندییەکی یەکلایەنەی ویشک وێنا دەکا و پێکهاتە بە بنەما و ئەکشنیی مرۆڤ بە ڕووکار و ڕۆتین لەقەڵەم دەدا. ماتریالیزمی فۆیرباخی ڕێک لێرەدا جێ دەگرێ. چونکە پێوەندییەکی یەکلایەنەی ویشک لەنێوان پێکهاتەی ماددی و سەرخانی سیاسی و ئایدۆلۆژیکدا وێنا دەکا؛ پێوەندییەکی هۆکاریی چارەهەڵنەگر لەنێوان بنەمای ماددی و سەرخانی سیاسی، ئایدۆلۆژیک و ئەندێشەی مرۆڤدا وێنا دەکا. ڕوانگەی ئاکامگەرایی مێژوو، ئەوەی کە کارێل پوپێر، پێی دەڵێ «هەژاریی تاریخیگەری»ش، لەم خانەیەدا جێ دەگرن. بەپێی ئەم ڕوانگەیە،

لە مارکسیزمدا پێکهاتەی ئابووری بەپێی لۆژیکی ناوەکیی خۆی دەگۆڕێ و فۆڕم، ڕواڵەت و بەرگێکی نوێ دەخوازێ. وەک جەستەی مرۆڤ کە بەپێی ڕەوتی گەشە و هەڵدانی، جلکی گەورەتر دەخوازێ.

**ئیرادەگەرایی ڕەها**

ئەم تیۆرییە ڕۆڵی پێکهاتەکان وەلا دەنێ و پڕۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەسەر بنەمای مەبەست، نیەت و تێگەیشتنەکانی فاکتەری مرۆیی بەشدار لە ڕووداوەکاندا تەتەڵە دەکا. بەم تیۆرییە دەتوانین بژاردەگەراییشی پێ بڵێین. تیۆری شۆڕشگێڕی بەگشتی، لەم خانەیەدا جێ دەگرێ؛ چونکە لە تیۆری شۆڕشگێڕیدا، ئەکشنیی مرۆڤ و ڕۆڵی بژاردە بە بنەما وەردەگیرێ، کە بەسەر پێکهاتەکاندا زاڵ دەبێ و دەیانگۆڕێ. دیارە گوتمان بەگشتی نەک بەتەواوی پێویستە ڕەچاوی ئەم جیاوازییە بکرێ.

**دیالکتیکی ئەکشن و پێکهاتە**

لەنێوان ئەم دووانەدا پێوەندییەکی دوولایەنە و دینامیک هەیە. لە ڕوانگەی ئانتۆنی گیدێنزەوە، پێکهاتە و کارگوزاریی مرۆڤ، پێوەندییەکی ناوەکی یان تێکچڕژاوی ئانتۆلۆژیکیان هەیە؛ بەیەکەوە گرێدروان و بە کارلێکی دوولایەنە بە یەکتر فۆڕم دەدەن؛ دوو ڕووی دراوێکن. پێکهاتەکان هەم لەلایەن مرۆڤەوە پێک دێن، هەم لە هەمانکاتدا فاکتەری شکڵگرتنی خودی

چالاکیی مرۆڤیشن. واتە هەم ئاکامە و هەم فاکتەر و هۆکار. ئەمە پێی دەگوترێ «ئانتۆلۆژیی سێهەم» یان «ڕێگەی سێهەم». ڕێگەی سێهەم لە تایپی پێشکەوتووتریدا، ڕوانگەی ئیستراتژیک_ ڕێژەیی «باب جسۆپ»ی لێ دەکەوێتەوە. ئەم ڕوانگەیە پێوەندییەکی دینامیک لەنێوان پێکهاتە و کارگوزاریی مرۆڤدا وێنا دەکا و لە ئەولەوییەتدان بە یەکێکیان خۆی دەبوێرێ. واتە پێی وایە کە لەنێوانیاندا کارلێکی دیالکتیکی و ڕێژەیی بوونی هەیە، کە بەپێی هەلومەرج و پێگە و قورسایی هەرکام لە دووانە، یەکیان ڕۆڵی ئەسڵی و کاریگەرتر دەبینێ و قورسایی زیاتر وەردەگرێ. بەکورتی ئەم ڕوانگەیە لە ئەولەوییەتدانی پێشوەختە بە یەکێکیان خۆی دەبوێرێ.

باسی ئەکشن و پێکهاتە، لە فۆڕمێکی دیکەشدا خۆی دەردەخا، کە ئەویش ئیدەئالیزم و پێکهاتەگەراییە. لە ئیدەئالیزمدا، بوون، ناسین و گۆڕان لە ئیدەوە دەست پێ دەکا. واتە ئیدە بنەما، دەستپێک و پێشەکییە و ئۆبژە سەرخان و ڕواڵەتە. لەحاڵێکدا لە پێکهاتەگەراییدا ئاڵوگۆڕ و گۆڕان لە لە پێکهاتەکانەوە دەست پێ دەکا و لە ئەندێشەدا ڕەنگ دەداتەوە؛ ئەندێشە سەرخانی پێکهاتەیە، ئیدە سەرخانی ئۆبژەیە. واتە لێرەدا دیالکتیکی هێگێل بەراوەژوو دەکرێتەوە و بە گوتەی مارکس لەسەر لاقی دادەنرێ. لە ئیدەئالیزمدا ئەندێشە و ئایدۆلۆژی ڕۆڵی بنەمای هەیە، بەڵام لە پێکهاتەگەراییدا ئەندێشە و ئایدۆلۆژی سەرخانی پێکهاتەیە و لێکەوتەی ئەون؛ هەڵبەت لە هەندێک خوێندنەوەدا لێکەوتەیەکی ویشک نا، کە ڕای زۆرینە لە بواری بیر و فەلسەفەدا ئەوەیە کە مارکس لەم خانەیەدا جێ دەگرێ؛ چونکە ڕۆڵێکی سەربەخۆش بۆ ئەندێشەی مرۆڤ قایل بوو. ئەوە لە ماتریالیزمی فۆیرباخی و تایپە ڕووسیەکەی مارکسیزم دایە کە سەرخان دەبێتە پاشکۆیەکی بێئیرادەی ژێرخان.

**بژاردە و پێکهاتە، وەک ئاکامی ئەم نووسینەش**

بژاردە و پێکهاتە پێوەندییەکی دوولایەنە و دینامیک و ئۆرگانیکیان هەیە. بژاردە لە بۆشاییدا بیچم و فۆڕم ناگرێ، بەڵکوو لەنێو کۆمەڵگە و لە بەستێنی سیاسی، جڤاکی، کولتووری و ئابووریی دیاریکراودا گەشە دەکا و سەرهەڵ دەدا. بژاردە لە بۆشاییدا کار ناکا، بەڵکوو لە چوارچێوەی بەستێنەکاندا دەجووڵێتەوە؛ واتە بەربەستگەلێک لەسەر ڕێی هەن. بەڵام خاڵێک کە نابێ لێی خافڵ بین و، تایبەتمەندیی بژاردەبوونیشە، ئەوەیە کە بژاردە ڕەنگدانەوەی سادەی پێکهاتەکان نیە. لەبنەڕەتدا بژاردە کەسێکە کە تاڕادەیەک بەرلە پێکهاتەکانی مەوجوود بیر دەکاتەوە و دەجووڵێتەوە. بژاردە سەرکەوتووەکان، کەسانێکن کە لە بەستێنی ئەو چوارچێوە و بەربەستانەدا، دەتوانن کاریگەر بن و پێشکەوتن بێننە ئاراوە. ئەگەر وا بیر نەکەینەوە هەم واتای بژاردەبوونمان بردۆتە ژێر پرسیار، هەم لە داوی پێکهاتەگەرایی دەکەوین، کە ڕێگەی پێشکەوتن بەربەست دەکا و بەرهەمهێنانەوەی دۆخی ئارایی لێدەکەوێتەوە؛ چونکە ئەو دەکەینە پاشکۆی پێکهاتەکان و، تایبەتمەندیی سووژەبوونی لێوەردەگرینەوە. بەگشتی ئەم پێکهاتەگەراییە موحافیزەکارانەیە، نەتەنیا ڕێگەی پێشکەوتن بەربەست دەکا، بەڵکوو پێشکەوتنەکانی تائێستاش ناتوانێ شیکاری بکا. بژاردە وەک مرۆڤێک بەرهەمی کۆمەڵگە و نەریتەکان و ڕابردوویە، بەڵام بە دابڕان و قڵەمبازیی ئێپستمۆلۆژیک، دەبێتە فاکتەرێکی گرینگیی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە. بەکورتی مرۆڤ لە بەستێنی پێکهاتەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێ، ئەوەی کە چەندە دەتوانێ کاریگەر بێ وگۆڕان دروست بکا، بۆ بەهێزیی خۆی و لەباربوونی هەلومەرجەکان دەگەڕێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

-عقل و سیاست: سی‌وپنج گفتار در فلسفە، جامعەشناسی و توسعەی سیاسی، حسین بشیریە، تهران، نشر نگاە معاصر،١٣٨٢
-کالین های، درآمدی انتقادی بر تحلیل سیاسی، ترجمە احمد گل‌محمدی، نشر نی، چاپ دوم، ١٣٩٠
-هرمنوتیک مدرن، گزینە جستارها، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٧٩



# کوردستان

## لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

## (هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد ٤-١)

د. کامران ئەمین ئاوە

بزووتنەوەی کورد تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم زۆرتر لە ژێر ڕێبەریی سەرۆک عەشیرەکان بووە و بەگشتی تا کاتێک میرەکانی کوردستان لەسەر بنەمای سیستمی عەشیرەیی باوکسالار_ فیئۆداڵی دەیان حکوومەتی بە هێزی خۆجێییان هەبووە، هەستیان بە ستەمی نەتەوایەتی بە مانای ئەمڕۆیی نەکردوە. ئەم حکوومەتانە بە کورد و ناکوردەوە لە ئێران بە تەواوی سەربەخۆ یان نیوەسەربەخۆ بوون. سەرۆک عەشیرەکانی قەشقایی، بەختیاری، کورد، لۆڕ و بەلووچ سەربەخۆییەکی بە تەواوی مانایان هەبووە. ئەوان لەو ناوچانە کە عەشیرەکەیان کۆچی بۆ کردوون، وەکوو سەرۆک هۆزێکی سەربەخۆ دەسەڵاتێکی تەواویان هەبووە، تەنانەت زۆرجار دەسەڵاتی شای ئێرانیشیان لەم ناوچانە بە فەرمی نەناسیوە.(١) بۆ وێنە بە ڕواڵەت شا توانیویەتی سەرخێڵی قەشقایی دیاری بکا، بەڵام چوارچێوەی هەڵبژاردنی بەستراوە بە هەڵوێستی بنەماڵە بە ناوبانگەکانی خێڵەکەیانەوە، هەروەها بۆچوونی ئەم بنەماڵانە دەربارەی سەرۆکەکەوە بووە. دەوڵەت یان هاوڕای ئەم دیاریکردنانە بووە یان نەیتوانیوە دژایەتییان لەگەڵ بکا».(٢) لۆردجۆرج کەرزن، سیاسەتوانی ئینگلیسی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەردانی ئێرانی کردبوو، لەم پێوەندییەدا دەنووسێ: «شا لە زۆربەی ناوچەکاندا مەجبوور بوو پارێزگارەکان لە بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکانی هەر ئەو ناوچەیە هەڵبژێرێ».(٣) بە وتەی سێر جان مالکێلم، مێژووناس و سیاسەتوانی سکاتلەندی، «ئەشرافییەتی بە میراتماو، لە گەورە پیاوانی خێڵەکان پێک هاتبوو، وەکوو شتێکی باو کەسێک لە نێوان گەورە ماڵەکان هەڵدەبژێردرا، ناسناوی «ئێلخان»یان پێ دەبەخشی.(٤) ئێلخانەکان لە خێڵەکانیاندا سوڵتانێکی بە تەواوی مانا بوون و بێ دەستێوەردانی هێزێکی دەرەکی حکوومەتیان دەکرد، یاساکانی خۆیان بەڕێوە دەبرد و بۆخۆیان ماڵیاتیان کۆ دەکردەوە. ئەمانە بە ڕواڵەت فەرمانبەری حکوومەتی ناوەندی بوون و جاروبار ئەم فەرمانبەرییەیان بە شێوەی ناردنی کەمێک پارە بۆ خەزێنەی دەوڵەت پیشان دەدا».

جیمز مۆریە، دیپلۆمات و نووسەری ئینگلیسی لەم پێوەندییەدا تەنانەت باس لەوە دەکا کە تورکمەنەکان ئەوپەڕەکەی چەند ئەسپێکیان بۆ دەربار دەنارد و شاش لەبەرئەوەی بیانوویەک بۆ دوژمنایەتیکردنی ئەوان بەدەستەوە نەدا، بە چەشنێک بۆی قەرەبوو دەکردنەوە.(٥)

سەعید نەفیسی لە کتێبی خۆیدا بە ناوی «مێژووی هاوچەرخی ئێران» دەربارەی کوردستان لە سەردەمی قاجاردا دەنووسێ: «کوردستان پاش کەریم خانی زەند بە یەکجاری لە حکوومەتی ناوەندی جیا ببۆوە و هۆزەکانی کورد وەکوو هەورامانی و مەریوانی و گەڵباغی و کولیایی نەک بەردەوام پێکەوە کێشە و شەڕیان هەبوو و پەیڕەوییان لە حکوومەتی ناوەندی نەدەکرد و کاربەدەستانی حکوومەتیان بۆ نێوخۆیان ڕێگا نەدەدا، بەڵکوو هێرشیان بۆ سەر دراوسێیەکانیش دەبرد و دەوڵەتی ئێران ناچار دەبوو جاروبار هێزێک بۆ دوورخستنەوەی ئەوان بنێرێ، بەوحاڵەش وێڕای تەواوی ئەم هەوڵانە نەیدەتوانی ئەوان [کوردەکان] بخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە». (٦) بە وتەی ویکتۆر برار، زانای فەڕانسەیی، ئێرانی سەردەمی قاجار « نە میللەت بوو و نە دەوڵەت».(٧)

پێبەپێی پەرەسەندنی خاوەندارێتی خۆیی و سیستمی شتوومەک _ پارەیی، سیستەمی کۆن بەرەو کۆتایی دەچوو، دەسەڵاتی ناوەندییش بە هێزتر و حکوومەتە خۆجێییەکان ناپتەو و خۆڕانەگرتر دەبوون. بە وتەی پاتریسیا کرۆن، لێکۆڵەر، نووسەر، ڕۆژهەڵاتناس و مێژووناسی دانمارکی «خێڵ بێ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتیی پێکهاتەکەی هەمیشە دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕەت کردۆتەوە، چونکە قەبووڵی حکوومەت لە لایەن خێڵەوە بە مانای کۆتایی هاتنی حکوومەتی خۆیانە».(٨)

یەکجێکردنی دەسەڵات و لەنێوبردنی حکوومەتی خێڵەکان سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بوو. لەم ڕەوتەدا دەسەڵاتە خۆجێییەکان توانای بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر بە سیاسەتی یەکجێکردن نەبوو. هەڵوەشاندنەوەی پەیتاپەیتای کۆمەڵگای باوکسالار_فیئۆداڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەهامەتیی هەزاران وەرزێر بە هۆی باجی دەوڵەتی و گوشاری ملکانە (داهاتانە)، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتە خۆجێییەکان بە پێی یاسای پێکهێنانی ئەیالەت_ ویلایەتەکان و ڕێسای کار [سەرماوەزی ١٢٨٦ی هەتاویی](٩) لە کاروباری نیوخۆیی وەکوو زەوتکردنی مافی پەسەندکردنی یاسای نوێ، دیاریکردنی ماڵیاتی دەوڵەتی و باجی خۆجێیی، دەستتێوەردانی کاروباری دادوەری، هەروەها یاساخکردنی ناڕاشکاوی خۆتێهەڵقوتاندنیان لە کاروباری سپایی، و پاشان پەیتاپەیتا بێدەسەڵاتکردن و لە نێوبردنیان، دانانی خەڵکی ناکورد بۆ بەرپرسایەتی لە کاروباری کوردستان [بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی ئێران کە بەرپرسان، خەڵکی هەر ئەو ناوچەیە بوون]، بەگشتی جیاوازیدانان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیدا بوو بە هۆی شکڵگرتنی ستەمی نەتەوایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرەنگاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی «نەتەوەیی» لە کوردستان.



سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی گەلی کورد وێڕای کاریگەریی نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بە هۆکارە نێوخۆییەکانەوە بووە. کوردستان لە قۆناغی ناوبراودا سەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی ڕاپەڕینی گەلی کورد بە ڕێبەریی سەرۆک عەشیرەکان دژ بە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی بووە، بە هۆی نەبوونی یەکێتی و تەبایی نەتەوەیی، شکڵ نەگرتنی ناسیونالیزمی کوردی، نەبوونی سەرۆک یان فیدڕاسیۆنێکی بە هێزی عەشیرەیی کە بتوانێ تەواوی عەشیرە و خێڵەکانی کوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە ژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە، هەروەها لەبەر فاکتەری جوغرافیایی و پانتایی بەرچاوی خاکی کوردستان کە بەربەستێک بۆ پێوەندی لە نێوان ناوچەکانی کوردستان بووە، نەیتوانیوە بە ئاکامی دڵخوازی خۆی واتە پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کورد بگا.

کوردستان لە کۆتایی سەدەی ١٨وە هەتا سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ مەیدانی ململانێی دوو وڵاتی داگیرکەری عوسمانی و ئێران و زێدەخوازی و دەستدرێژیی ڕووسیە، بریتانیا، فەڕانسە و ئەڵمان بوو. کورد زۆر جار بێ ئەوەی دەستکەوتێکی هەبووبێ تەنیا وەکوو لەشکر و شەرکەر دژ بە دەوڵەتەکان یاخود میرەکانی خۆیی کەلکی لێ وەرگیراوە و بۆتە قوربانیی سیاسەتەکانی ئەم وڵاتانە. هاوکات دژبەری و شەڕی میرەکان و سەرۆک عەشیرەکان، کوردستانی کردۆتە گۆڕەپانی کێشە و تێکهەڵچوون و دەمەقاڵە و شەڕی نێوخۆیی، بابەتێک کە هەمیشە بە قازانجی دوژمنانی کورد و زیانی خودی کورد تەواو بووە. بۆ وێنە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩دا میرنشینی بادینان لە باکووری مووسڵ کە سەر بە شانشینی بەغدا بوو، ناوەندی کێشە و شەڕی بەردەوامی نێوخۆیی بووە، دەسەڵاتدارەکانی بەغدا و مووسڵ بۆ کۆنتڕۆڵی میرنشینی بادینان کەڵکیان لەم بابەتە وەرگرتوە.

لە کۆتایی سەدەی ١٨ و دەستپێکی سەدەی نۆزدەدا میرنشینی سۆران بەردەوام تووشی شەڕ و کێشەی نێوخۆیی بووە، یان عەباس میرزا لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ بۆ هێنانە ژێرفەرمانی مستەفاپاشا _میری هەکاری_ کە پێشتر لە شەڕی ساڵی ١٨١٠دا شکستی لێ خواردبوو، کەڵکی لە عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنوور وەرگرتوە. کۆتایی مانگی ئاگوستی ساڵی ١٨٣٦ی ز، میر محەممەد (میرە کۆرە) حاکمی سۆران پاش ٢٣ ساڵ شەڕ دژ بە تورک و ڕەقیبە نێوخۆییەکانی و پەرەپێدانێکی بەرچاو بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە تەواوی کوردستانی عوسمانی و ئێران، و لە کاتێکدا کە گەورەترین مەترسیی بۆ دوژمنانی کورد لە پێوەندیی لەگەڵ پەرەپێدانی هەستی سەربەخۆییخوازیی کورد لە تەواوی کوردستان بووە، بە هۆی کێشە و ناکۆکیی نێوخۆیی، خەیانەتی «مەلای خەتێ» کە فتوای دا هەرکەس دژ بە سوڵتان شەڕ بکا کافرە، هەروەها کردنەوەی ڕێگای ڕەواندوز لەلایەن خۆفرۆشەکانی نێوخۆیی بۆ تورکەکان، شکستی خوارد و خۆی بە دەستەوە دا.

ئەم سیناریۆیە جارێکی دیکەش بۆ بەدرخان، میری بۆتان لە هاوینی ساڵی ١٨٦٨ دا بە هۆی خەیانەتی برازاکەی خۆی واتە یەزدانشێر دووپات بۆوە. لە کۆتایی ساڵەکانی ٣٠ی سەدەی نۆزدەدا بەدرخان بەگ توانی پاش پێکهێنانی دۆستایەتییەکی باش لەگەڵ کۆنە ڕەقیبەکانی لە بۆتان و هەکاری و هتد «یەکیەتیی پیرۆز» لە نێوان بەشێکی بەرچاو لە میر و عەشیرەتەکانی کوردستان تەنانەت ئەردەڵانیش پێک بێنێ، ئەمە بە یەکەمین یەکیەتیی سیاسیی کورد لە مێژووی کورددا دادەنرێ. دۆستایەتیی بەدرخان لەگەڵ ئەرمەنی و ئاسۆرییەکان ڕۆڵێکی باشی لە ڕاکێشانی سەرنجی ڕووسیە بۆ کێشەی کورددا هەبوو. بەدرخان بەپێی دەسەڵاتی خۆی تەنانەت سککەشی لێ دا و لەسەر ئەو سککانەدا نووسرابوو «بەدرخان میری بۆتان». بەدرخان بە دیاریکردنی شاری جزیرە وەکوو پایتەختی خۆی و شەکاوەکردنی ئاڵای کوردستان، سەربەخۆیی ڕاگەیاند. زۆربەی ڕێبەرانی کورد پشتیوانییان لە بەدرخان کرد، بەڵام دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان و بە تایبەتی بریتانیادا کە بە پێی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆی پشتیوانیی لە ئەستەنبووڵ دەکرد، نەبوو. ئینگلیزییەکان نەخشێکی خراپیان لە پێکهێنانی نائارامی لە میرنشینی بۆتان و سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان کەمایەتیی گاور (خاچپەرستەکان) و کوردی موسوڵمان و شەڕی کورد و ئاسۆری و کوژرانی هەزاران کەسدا گێڕا.

بەهاری ١٨٤٧، ئەستەنبووڵ دەستی بە خۆتەیارکردن بۆ گرتنەوەی کوردستان کرد و هەرچەند لە هێرشی هەوەڵدا سوپای تورک شکستی خوارد، بەڵام هاوکاریی «یەزدانشێر» و کردنەوەی یەکێک لە بەرەکانی شەڕ بۆ دوژمن، بوو بە هۆی شکستی بەدرخان و گیرانی بە دەستی تورکەکان لە ٢٠ی ژوئەنی ١٨٦٨ دا. سەرکەوتنی تورکەکان بوو بە هۆی بێدەسەڵاتبوون یان کوژران و لەنێوچوونی بەشێک لە میر، شێخ و بەگەکانی کورد. جارێکی دیکەش لاسەنگیی هێزە دژبەرەکان، نەبوونی یەکیەتیی و کێشەی نیوخۆیی، خەیانەت و کاریگەریی نەرێنی بریتانیا بوون بە هۆی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد لە بۆتان، هەکاری و بەشەکانی دیکەی باشووری ڕۆژئاوای کوردستان.

**پەراوێزەکان:**

١- ا.آ. گرانتوسکی و ... ص ٣١١

٢- یرواند آبراهامیان، تاریخ مدرن ایران ص ٥١، ترجمه محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، چاپ چهارم ، تهران١٣٨٩

٣- وەرگیراو لە کتێبی ،مقالاتی در جامعەشناسی سیاسی ایران، یرواند آبراهامیان، مترجم سهیلا ترابی فارسان ص ٤٣٦

٤-وەرگیراو لە کتێبی، مقالاتی در جامعەشناسی سیاسی ایران ص ١٧

٥- وەرگیراو لە کتێبی، مقالاتی در جامعەشناسی سیاسی ایران، ص ١٨

٦- سعید نفیسی، تاریخ معاصر ایران، ص ٢٧، سال ١٣٤٥

٧- سعید نفیسی، تاریخ معاصر ایران، لاپەڕەی ١١

٨- ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی کورد، مێژوو و نوێخوازی، لاپەڕەی ٢٨

٩- ئێران لە سەرەتاکانی سەردەمی قاجاردا لە نێوان ٥ حکوومەت (حکمرانی)دا دابەش کرابوو کە بریتیی بوون لە: ١) ئازەربایجان، هەمەدان و زەنجان. ٢) ئەیالەتەکانی کوردستان، کرماشان، سەرحەدی عێراقین و لۆرستان. ٣) فارس، بەندەر و دوڕگەکانی کەنداوی فارس، کهگیلویە، بەختیاری و خوزستان. ٤) خوراسان و سیستان ٥) کرمان و بەلوچستان. بەڵام لە ساڵی ١٢٨٦ی هەتاویدا، ئێران بە پێی یاسای پێکهێنانی ئەیالەت و ویلایەتەکان و ڕێسا (دستورالعمل)ی کار لە نێوان چوار ئەیالەتی ئازەربایجان، خوراسان، فارس، «کرمان و بەلووچستان» و ١٢ ولایەتی ئەسترئاباد، مازندەران، گێلان، زەنجان، کوردستان، لۆڕستان، کرماشان، هەمەدان، ئیسفەهان، یەزد، عێراق خوزستان و دارالخلافەی تاران دابەش کرا. هەر ئەیالەتێک لە چەند ویلایەت و هەر ویلایەتێک لە چەند بلۆک پێک-هاتبوو. هەر بلۆکێک کۆی چەندین گوند بوو لە لایەن ناوەندێکەوە ئیدارە دەکرا.

---



# ڕێگەوبانەکانی کوردستان ڕێگەی چوون و نەهاتنەوە

سەیران بایەزید حوسێنی

هەر وڵاتێک خاوەن ڕێگەوبانی ڕێکوپێک و گونجاو بێ بۆ هاتوچۆ، وڵاتێکی گەشەکردوویە و نیشانەی پێشکەوتوویی و ئاوەدانیی هەر وڵاتێک لە ڕێگەوبان و پێوەندیدا خۆی دەردەخا.

ئەو دنیایەی ئەمڕۆ بەو هەزارەزیلەیەی ئامێر و کەرەسەی هاتووچۆوە لە چوارقوڕنەی خۆیدا، نیشانەی نەبوونی ڕێگەوبانێکی گونجاوە، کە تەنیا بە نەبوون و کەمبوونی ڕێگەکانی پێوەندیکردن لە ناوچەیەک خۆی نانوێنێ، بەڵکوو ڕێکوپێکی و کوالیتیی ڕێگەکانی گەیاندن و هاتووچۆش هەم لە بواری کات و هەمیش شوێنەوە گرنگن.

کرماشان یەکێکە لە پارێزگا گرینگەکانی کوردستان لە ڕۆژاوای ئێران، کە باشووری ئەو وڵاتە بە باکووری ڕۆژاواوە دەبەستێتەوە و، هەروەها چونکی هاوسنووری ئێراقیشە بە پردێکی گرنگی پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران دادەنرێ. ئەگەر کەمێک بە وردی بڕوانین دەبینین لە سەرانسەری وڵاتەوە ڕێگەوبانێکی زۆر دێنەوە سەر جادەکانی کرماشان، هەر بۆیە گرنگیدان بەو هێڵە و بە جادەکانی ئەو پارێزگایە لە جێی خۆی دایە.

جادەی ژمارەی ١٩ بە درێژایی ١٧٣ کیلۆمێتر کە شائاباد (ئیسلامئاوای ڕۆژاوا) بە پۆلدۆختەر واتە جادەی ژمارە ٣٨ و جادەی تاران ـ ئەهواز ژمارە ٤٨ دەبەستێتەوە. جادەی ژمارە ١٧ بە درێژایی ٢٥٢ کیلۆمێتر لە ئیسلامئاواوە ڕۆژاوای مێهران بە ئیلامەوە دەبەستێتەوە. جادەی ژمارە ١٥ بە درێژایی ٣٧٥ کیلۆمێتر کە کرماشان بە پاوە، مەریوان و سەقز دەبەستێتەوە. ئەو جادانە هەموو گرینگن بەڵام بەداخەوە بەشیکی زۆری ئەو جادانەی دەڤەرەکانی مەریوان هەتا سەقز قیرەتاو نەکراون.

جادەی ژمارە ٢١ بە دریژایی ٩٧٨ کیلۆمێتر، جادەیەکە لە ڕۆژاواو و باکووری ڕۆژاوای ئێرانەوە، کە لە بواری جوغرافیاییەوە باکوور بەرەو باشوور هەڵکەوتووە و ناوەندی پارێزگاکانی ڕۆژاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا سنووری ئازەربایجان لێک گرێ دەدا.

جادەی ژمارە ٤٨ بەدرێژایی ٦٠٤ کیلۆمیتر جادەیەکی زۆر کۆنە کە لە ڕابردوودا بەشێکی گرینگی جادەی ئەبریشەم بووە. ئەو جادەیەیە لە کۆندا بەهۆی لێکبەستنەوەی ئیمپراتۆرییە گرنگەکانی ناوچەکە بە یەکتر و هەروەها بەهۆی هەڵکەوتن لەسەر ڕێگەی بازرگانی چین ـ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ـ ئورووپا خاوەن گرنگیی خۆی بووە. ئەو ڕێگەیە دوای فەرمی بوونی ئایینزای شیعە لە ئێران و دوای سەردەمی قاجار زیاتریش وەگرنگی کەوت، چونکی خەڵکێکی زۆر بەو جادەیەدا هاتووچۆی کەربەلا و نەجەف دەکەن. ئەم جادەیە لە دیوی ئێراقەوە دەگاتەوە جادەی خوسرەوی.

جادەی ژمارە ٣٥ بەدرێژایی ٧٩٥ کیلۆمێتر زەنجان و خۆڕەماوا لێک دەبەستێتەوە، کە بەشی گرنگی ئەو جادەیەیە، لای باشووریتی کە خۆڕەماواو کرماشان دەگەیەنێتەوە یەک.

بە چاوخشاندنێک بە دۆخی ئەو ڕێگەوبانانەی دەگەنەوە ئەم پارێزگایە دەبینین، گشتی پارێزگاکە خاوەن ئۆتووبان و گەورەڕێگەیەک نیە و جادە دووسایدە پڕمەترسییدارەکان تەنیا ڕێگەی پێوەندیی ئەم پارێزگایە گرینگ و گەورەیەن. جێی سەرنج ئەوەش کە زۆربەی کارەساتە جادەییەکان لە دەرەوەی شار ڕوو دەدەن کە ئۆتووبان و گەورەڕێگە و چەند سایدە نین و زیاتر لە هەشتا لە سەدی ئەو کەسانەی تێدا دەچن پیاوان و لاوانن کە زیاتریان لە تەمەنی ٢٠ هەتا ٢٩ ساڵن.

تەرخاننەکردنی بودجە و گووژمە بۆ نۆژنکردنەوە و کارئاسانی ڕێگەکانی هاتووچۆ لە سیستمی ڕێگەوبان و گواستنەوەی پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێگەوبانی ئەو بەشەی لە کوردستانی کردوە بە جادەی مەرگ و کارەسات.

نەبوونی پردی پێوەندیی گونجاو دەگەڵ پارێزگاکانی دیکە لەو چاو حەشیمەتی ئەو پارێزگایە جیاوازییەکی واتادار دەردەخا، کە ئەو جیاوازییانە دەتوانین لە کێشە و ئارێشەی تەکنیکی بەتایبەت تەسکبوونی جادەکان و تاریکبوونی ڕێگەکان و پڕڕەنگنەبوونی هێڵە ئاگادارکەرەوەکانی سەر جادەکان و کەمبوون یان نەبوونی تابلۆی ورياکردنەوە و، هەروەها هەندێک جیاوازیش دەگەڕێتەوە بۆ کوێستانی و شاخاوی بوونی ڕێگەوبان و کۆن بوونی ڕێگەکانی پێوەندیکردن و جادە خاکییەکاندا (شانەهای خاکی) ببینین.

نەبوونی هۆکارە تەکنییکی و ژێرخانییەکان و هەروەها هۆکارە مرۆییەکان کە گرنگترینیان وریانەبوون و خۆنەپاراستنی تاکەکانە، هۆی ڕووداوی هاتووچۆ و مردن و برینداربوون و کەمئەندامبوونی هاتووچۆکەرانە.

سەرەڕای ئەوەش، کاتێ ئەو بوومەلەرزە هەژێنەرە لەو ناوچەیەی دا، ڕووداوەکانی هاتووچۆی یارمەتیدەران لە ماوەیەکی کورتدا نیشاندەری کەمبوون و نەبوونی تۆڕی ڕێگەوبان لەو دەڤەرە بوو. تەنانەت لەو ماوەیەشدا، بچووکترین سەرنج نەدرایە ئەو ڕێگەوبانە و بچووکترین هەوڵ نەدرا بارگرانی کێشە و ئارێشەکانی ئەو جادانە کەم بکەنەوە هەتا پرۆسەی یارمەتیدان خێراتر بکەن و بارتەقای کارەسات و ڕووداوەکانی هێزی مرۆیی دابەزێنن.

کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەڕادەیەکە، کە ئامار و ڕێژە هەژێنەرەکانی کارەساتەکانی هاتووچۆش ناتوانێ ویژدانی خەسیو و ڕزیویان ڕاچڵەکێنێ. وەک دەبینین ئەو هەمووە کارەسات و ڕووداوە هاتووچۆیانەی لە جادەکانی کوردستاندا ڕوو دەدەن، کەچی حکوومەت مێشێکیشی لێ میوان نیە.

جادەکانی کوردستان پێویستییەکی زۆریان بە نۆژنکردنەوە و ڕاکێشانی ڕێگە و شاڕێ و گەورەڕێگە و سیستمێکی گونجاوی هاتووچۆ هەیە و ئەوە ئەرکی هەموو لایەکە هەوڵی بۆ بدەن بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئەو بێبەشی و پشتگوێخستنەی کوردستان گیان و ماڵی خەڵکی کورد نەکا بە ئامانج.

ئیسلامی سیاسی
[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



حەسەن حاتەمی

## موجاهیدینی خەڵق و ویلایەتی فەقیه

موجاهیدین لە پەیامێکدا بۆ ڕووحانییەتی موباریز، لەژێر سەردێڕی «ڕووحانییەتی شیعە لەسەر دووڕییانی مێژوویی»، باسی ویلایەتی فەقیه و دەستێوەردان لەکارە ئیجراییەکان دوای پتر لە ١٣٠٠ ساڵ دەکا. لە پەیامەکەدا، بەغەدر زانراوە کە کۆمەڵێک خۆیان بە ڕووحانی و پاک و خەڵکی دیکە بە نەحس و پیس بزانن.
موجاهیدن ئەوەی کە، بۆ ئیدارەی وڵات مەجلیسی خیبرەگان «فقیه جامع الاشرایط»ی پەسند کردوە، لە دنیای مودێڕینی ئەمڕۆدا، بە دروست نازانێ. چونکە لە مەسەلە پرکێشە و گرێ و گۆڵەکانی ئەو سەردەمەدا، بەپێی چاوەڕوانی و پێشکەوتنەکانی، پێویستە بە زانیاری و هەوڵی گشتی، پسپۆڕی و فرەڕەهەندی کارەکان بکرێن. دەسەڵاتی بڕیاردانی ڕەها بۆ تەنیا کەسێک بە پێی گرینگیی ئێران و تایبەتمەندیی مێژوویی و کێشە بەراییەکانی لەنێوخۆ و دورەوە، و نەخشی ژێئۆپلۆتیک و سیاسی لە جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی، لەگەڵ ڕاستییەکان ناتەبایە. هەروەها، لەپەیامەکەدا، کەسانێکی «ئیمام خومەینی» جیا دەکەنەوە و کۆی دەسەڵاتەکان بۆ ئەو بە ڕەوا دەزانن، بە ناڕاست لەقەڵەم دەدا. چونکە ئەویش مرۆڤە و مرۆڤیش «جایزالخطا»یە.
موجاهیدین ئەو پەیامە بەو دێڕانە تەواو دەکا کە:» ئەگەر سوننەتی شۆڕشگێڕی و گەلیی تەشەیوع لەبەرچاو نەگرن و ڕێز بۆ شەهیدە شۆڕشگێڕەکان دانەنێن و سەرمەستی دەسەڵات و هێز بن، خۆتان بەدەستی خۆتان نەفی کردوە و دەبنە هاودەستی پلە چەندەمی زاڵمی کاربەدەستانێک کە بەدەسەڵات دەگەن.»[1]
دیارە موجاهیدین لەوکاتدا، بیروڕای ڕووحانییەکانی بۆ بەدەستەوەگرتنی هەمەلایەنەی دەسەڵات، بۆ پیادەکردنی ئیسلامی سیاسیی باش لێک دەداوە. بەڵام بۆخۆیشی بەشێوەیەک، بە گەورەکردنەوەی خەتەری «ئیمپڕیالیزم» و تەنانەت مەحکوومکردنی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ناساندنی وەک «پیلانی ئیمپریالیستی» _کە ژمارەیەکی زۆری کادر و ئەندامی چالاکی ئەو ڕێکخراوە و بەرپرسی یەکەمی لە ڕێژیمی پێشوودا، لە مەرگ ڕزگار کردبوو_ ڕێگای بۆ دەسەڵاتی نگریسیان خۆش دەکرد. ئەو ڕێکخراوەیە پێی وابوو: «سیاسەتی مافی مرۆڤ دەیهەوێ ڕووی دزێوی ئیمپریالیزم داپۆشێ!»[2]

### موجاهیدینی خەڵق و پێشنووسی یاسای بنەڕەتی

باسی مەجلیسی موئەسیسان کە لە پاریس قسەی لێ کرابوو و هەر لەویش وەک پێشنووسی یاسای بنەڕەتی گەڵاڵەیەک لەلایەن شارەزایان ئامادەکرا. دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین، لە شووڕای شۆڕش، گەڵاڵەی ناوبراو هاتەوە بەرباس و بەهێندێک دەستکاری پەسند کرا و پاشان لە ڕۆژنامەکاندا، بڵاوکرایەوە. هەتا ئەوکات موخالیفەتێکی ئەوتۆشی لەگەڵ نەکرابوو و دیاردەی ویلایەتی فەقیهیشی تێدا نەبوو.
موجاهیدین ڕۆژی سێشەممە، ٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە کۆنفڕاسێکی چاپەمەنی لە تاران بیروڕای خۆیان سەبارەت بە یاسای بنەڕەتیی پێشنیارکراو، دەربڕی. مەسعوود ڕەجەوی لەو بارەیەدا گوتی: داڕشتنی یاسای بنەڕەتی، بناخە و ڕێگاکانی ژیان و پێوەندیی داهاتوومان بۆ تۆمار دەکا. کەوابوو چارەنووسی مەحکەمەکان، هەڵسوکەوتی دادگاکان و تاوانی ئەو کەسانەی دادگایی دەکرێن، جێی باس و لێ وردبوونەوەن. پێویستە کۆمەڵگەکەمان وەک کەشتییەک سەیر بکەین کە بە داڕشتنی یاسای بنەڕەتی ڕوون دەبێتەوە بۆ کوێ دەچێ. ئایا بۆ لێواری نەجات و ڕزگاریی کۆمەڵایەتی، ئازادی و یەکسانی دەڕو؛ یا پێچەوانەکەی بۆ قووڵایی تەفرەقە و جیاوازی، گێرەشێوێنی و ئاژاوە و بەستراوەیی دەچێ؟ پێویستە بزانین، باشترین شێوەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەرەو کوێمان دەبا. کۆمەڵگەی ناچینایەتیی تەوحیدی، یا ئەو بۆچوونە ئیدەئالە کۆمەڵایەتییەی بە تایبەتمەندیی ئیمامی زەمانییەوە؟ داهاتووی کۆمەڵگە ڕوون نیە. نازانی بەرەو کوێ دەچێ و ئامانج لێڵە. ئایا بناخەی ئەو بینا کۆمەڵایەتییەی دایدەنێین، دەبێ بەهۆی چ کەسانێکەوە بەڕێوە بچێ و بگۆڕێ؟ پێویستە هەژارەکان یا کرێکاران و وەرزێران، ئەو کۆمەڵگەیە دروست کەن و پشت بەوان ببەسترێ. ئێمە خوازیارین لەداهاتوودا، ئابووریی شتومەکی (کالایی) و ئابووریی قازانج پەرستانەی سەرمایەداری لەگۆڕەپانی جیهانیدا، بەتەواوی لەنێو بچێ. باشتر نیە ئێمە بزانین کە دەکرێ خاوەنداریی بەرهەمهێنان گشتی بێ، نەک تایبەتی؟ یانی کۆمەڵگەی چەوساوە لە ئاکامدا، جێی خۆی بدا بە کۆمەڵگەی بێ چینایەتیی تەوحیدی. کۆمەڵگەیەک کە لەژێر ڕێبەڕایەتیی شۆڕشگێڕی ئیمامی قائیم بێ؟ ئەوە ئامانجی نەهایی ئێمەیە. بەڵام لە ئێستای شۆڕشدا، چمان دەوێ؟
شۆڕشی ئێمە دژی ئیمپریالیستی و ئیستیعماری یا داگیرکەری، سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییە. دەبێ ئەو دەورەیە بەتەواوی تێپەڕێنین هەتا بگەین بە مەرحەلەیەکی دی. کەوایە پێتان هونەر نەبێ کە دروشمی دژی چەوسانەوە بدین. ئا. تاڵەقانی لە ڕۆژی ٣٠ ی پووشپەڕی ئەمساڵدا، سێ شتی زۆر گرینگی گوتوە کە گۆیا لە قوم قسەی لەسەر کراوە کە: ئێمە دژی سەرەڕۆیی بە هەر شێوەیەکین و دژی داگیرکەری و دژی چەوسانەوەین.
یاسای بنەڕەتی لەسەر دژی ئیمپڕیالیست بوونی شۆڕشەکەمان پێداگر نەبوە و ئەو ئازادییانەی کە پەیامی خوێنی شەهیدان بووە، یانی ئازادی لە ژێردەستەیی و زوڵم، ئازادی میللیەتەکان لە ستەمی دووقات، ئازادیی ژن، ئازادیی تێکۆشانی سیاسی و چاپەمەنی، ئازادیی بیروباوەڕ و پێکهێنانی فەزایەکی ئەوتۆ کە ڕۆڵەکانی ئێمە نەفەسی تێدا بکێشن، بەدی ناکرێن. چوونکە ئازادی و ڕزگاری جەوهەری مێژووی مرۆڤە و ڕەوتی مێژوو هەمیشە لە ڕووبەری پێویستی ئازادی دایە. بەپێی ئەو بۆچوونە، ئێمە ڕەخنە لە یاسای بنەڕەتی دەگرین و لە بەرانبەریدا، ڕادەوستین.[3]
ڕەجەوی نیزامی شووڕایی بە تەنیا شێوەی ئیسلامیی ئیدارەی کۆمەڵگە دەزانی و لەبواری سیاسییەوە وەک ئەسڵێکی خەوش هەڵنەگری ئیسلام و قورئان بە شکلی حکوومەتی ئیسلامی و دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامیی لە قەڵەم دا.
ئەو بەپێی تەفسیری ئا. تاڵقانی لە سوورەی «نازعات» _کە تەلەڤیزیۆنیش بڵاویکردبۆوە_ دەڵێ: مەسەلەی شووڕاکان بەهێند وەربگیرێ. چونکە سەرەڕای تەئییدی ئیمام و پشتیوانی ئا. تاڵقانی، دەستانێک لە کاردان بۆ ئیجرانەکردنی ئەو دەستوورە بنەڕەتییەی ئیسلام و پێشگیری لە دامەزرانی نیزامی شووڕایی. ئەو دەستانە هەر ڕۆژەی لە شوێنێک ئاژاوەی دەنێننەوە هەتا پێش بە خەڵک لە بەڕێوەبەری نیزامی شووڕایی بگرن.
ناوبراو ئەسڵەکانی ٩١، ٩٢ و ٩٣ی تەواوکەر (موتەمیم)ی یاسای بنەڕەتی پێشووی، لەگەڵ ئەسڵی ٣ی یاسای نوێ لەبارەی شووڕاکانی هەڵسەنگاند و بەو ئاکامە گەیشت کە یاسای نوێ، ٧٢ ساڵ لە یاسای پێشوو لەدواترە.[4]

سەرچاوەکان

١ـ مجاهد، شماره ٧، صفحات ١و٢
٢ـ مجاهد شماره ٥، صفحات ١و٢.-
٣و ٤ـ مجاهد، شمار ٣، سال اول، دوشنبه ١٥ مرداد ١٣٥٨ ، ص٦

# ڕووحانی بۆچی ڕانەمەڕی داوەتە دەست گورگەکە؟

## (لەپەراوێزی ئەسپاردنی ئەرکی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغ بە سپای پاسداران)

«کوردستان»




بەبڕیاری «شوڕای باڵای ئەمنیەتی نیشتمانی» کە سەرۆک کۆمار بەرپرسیەتی، ئەرکی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغی کاڵا لە کەنداوی فارس دراوەتە دەست سپای پاسداران. ئەسپاردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی ڕێگری لە هاوردەی کاڵای قاچاغ لە کەنداوی فارس بە سپای پاسداران لە حاڵێک دایە کە لە مێژساڵە ناوی سپای پاسداران و قاچاغ لە ٦ بواری هەرە گرینگی ئابووریی ئێراندا پێک گرێدراون، ئەویش بە بەڵگە و دێکۆمێنتی هەرە ڕەسمی و هەرە گرینگ:

### ١) ئیسکەلە و بەندەرگە ناقانوونییەکان

لە ڕۆژانی نێوان ٣٠ی بانەمەڕ هەتا ٣ی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوودا لە چوار کۆبوونەوەی مەجلیسی شەشەمدا باسی ئەو بەندەرگە و ئیسکەلانە هاتنە گۆڕێ کە ڕێکخراوی چاوەدێری و بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریانەوە نیە. لەو ڕاپۆرتانەی لە مەجلیسدا خرانە بەرباس، ناوی ئەو بەندەرانە هات کە لە پاوانی هێزە چەکدارەکان (سپای پاسداران) دان، وەک «ئێران بەندەر لە چابەهار»، «بەشێک لە بەندەری باهونەر لە بەندەرعەباس»، «بەندەری ئەبوومووسا»، «بەندەری بووشێهر»، «ئیسکەلەی خۆرزەنگی»، «ئیسکەلەی هۆرمۆزگان» و «بەندەری ماهشەهر» کە هەموو لە ژێر دەسەڵاتی سپای پاسداران دان. جیا لەوانەش وەک حوسێن لوقمانیان، نوێنەری شاری هەمەدان لە مەجلیس باسی کرد زۆر لەنگەرگە و ئیسکەلەی نادیاری دیکەش هەن کە خراونەتە ژێر دەسەڵاتی ناوەندە نارەسمییەکان کە هیچ دەزگایەکی حکومی ناتوانێ لێیان بپرسێتەوە. ئەو گوتی سەتی ٦٨ی هاوردەی کاڵا بەشێوەی قاچاغە و ترانزیتی ئەو بارە قاچاغانەش لە ڕێگەی ئەو لەنگەرگە و ئیسکەلە تایبەتییانەوە دەکرێ. محەممەدباقر قالیباف، شارەداری پێشووی تاران و یەکێک لە پاڵێوراوەکانی سەرۆککۆماریش لە ڕێبەندانی ساڵی ٨٣ کە ئەو کات سەرۆکی ڕێکخراوی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغ بوو، گوتبووی؛ کە سەتی ٤٠ی ئیسکەلە و لەنگەرگە قانوونی و ناقانوونییەکانی وڵات لە قاچاغی کاڵاوە گلاون. هەر ئەو کات مێهدی کەڕووبی، سەرۆکی مەجلیسی شەشەم ژمارەی ئەو ئیسکەلانەی ڕاگەیاند کە ٦٠ دانەن و پتر لە سەتا ٦٠ی کاڵا و باری قاچاغ لە ڕێگەی ئەوانەوە دێتە نێو وڵاتەوە. دواتر مەحموود ئەحمەدینژادیش لە منازیرەکانی هەڵبژاردندا بە ئاشکرا سپای پاسدارانی بە برایانی قاچاغچی ناوبرد. «ئەحمەد خۆڕەم»، وەزیری ڕێگاوبانی دەوڵەتی دووهەمی خاتەمیش کە لەلایەن مەجلیسی حەوتەمەوە ئیستیزاح کرا، هۆکاری ئیستیزاحەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ویستوویەتی لەو ٩٤ دەروازە ناقانوونییە لە وڵاتدا بکۆڵێتەوە کە بەشی زۆری کاڵا و باری قاچاغی پێدا دێت و دەڕوا و نەک هەر گومرک نادەن، بەڵکوو دەوڵەتیش هیچ چاودێرییەکی بەسەریانەوە نیە. سەیر ئەوەیە کە حەسەن ڕوحانی ساڵی ٩٣ بڕیاری پرسینەوە لەو ئیسکەلە و لەنگەرگەیانەی دا، بەڵام ئێستا بە سپاردنی ئەرکی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغ لە کەنداوی فارس بە سپای پاسداران، خۆی و سپای پاسدارانی لە هەرچەشنە بەدواداچوونێکی دی ئارخەیان کرد.

### ٢) بازاڕچە و دەروازە سنوورییەکان

سەرەڕای ئەوەی بە بڕیاری شوڕای بەرزی ئەمنیەتی نیشتمانی بەڕێوەبەریی هەموو دەروازە سنوورییەکان بە گومرگ دراوە و پاراستنەکەی بە هێزە ئینتیزامییەکان سپێردراوە، بەڵام سپای پاسداران کۆنتڕۆڵی هەموو دەروازە سنوورییەکانی بە دەستەوەیە. بیانووی سپای پاسداران بۆ ئەو کارە ڕێگری لە هاوردەی کاڵای قاچاغە، لە حاڵێکدا بەپێی قانوون بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی قاچاغ ئەرکی سپای پاسداران نیە و لە ڕاستیشدا سپای پاسداران حزوورەکەی بۆ ئەو مەبەستە نیە، بەڵکوو ڕاست بۆ قاچاغی بار و کاڵایە.

### ٣) فڕۆکەخانەکان

ساڵی ٨٣ی هەتاوی بوو کە ناوی سپای پاسداران لە بابەت کاری قاچاغ لە فڕۆکەخانەی «پەیام» هاتە گۆڕێ. بە دەسبەسەرکرانی «عەباس تەقیزادە» پەردە لەسەر تۆڕی بەربڵاوی قاچاغی کاڵا لەو فڕۆکەخایە لادرا کە لەلایەن سپای پاسدارانەوە بەڕێوە دەبرا. دوایە ئاشکرا بوو کە لە ڕێگەی ئەو فڕۆکەخانەیەوە بڕی ١٢ میلیارد دۆلار باری قاچاغ هاوردەی وڵات کراوە. بەدوای ئەوەدا بوو کە قاچاغی کاڵا لەلایەن سپای پاسداران لە فڕۆکەخانەکانی «ئیمام خومەینی» و «مێهراباد»یش لە هەڵلا درا. ڕۆژنامەی «ایران» لە خەرمانانی ٨٦دا ئاشکرای کرد کە ٢٥ دەروازەی فڕۆکەخانەی مێهراباد لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی گومرکدا نیە و پاوانی سپای پاسدارانە و لەو ڕێگەیەوە کەلوپەلی جوانکاریی ژنان و موبایل بە قاچاغ دەڕژێنە بازاڕەکانی وڵاتەوە.

### ٤) مادەی هۆشبەر

بەناوبانگترین پەروەندەی ڕەشی سپای پاسداران لە بواری قاچاغی کاڵا بۆ ساڵی ١٣٩٠ دەگەڕێتەوە کە بەپێی بڕیاری وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ناوی سەرتیپ «غوڵامڕەزا باغەبانی»، یەکێک لە فەرماندە پایەبەرزەکانی سپای قوس بە تاوانی قاچاغی مادەی هۆشبەر خرایە لیستی گەمارۆکانی دژ بە ئێرانەوە. بەپێی ڕاپۆرتی دەوڵەتی ئەمریکا سەرتیپ باغەبانی ڕێگەی بە قاچاغچییە ئەفغانییەکان دابوو چەکوچۆڵ و تەقەمەنی بگەیەننە دەستی «تالیبان» و تریاک بێننە خاکی ئێرانەوە. بەپێی بەڵگەکانی «ویکیلیکس»یش سپای پاسداران باری هێرۆئینی بۆ کۆماری ئازەربایجان تڕانزیت کردوە. لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکان تریاک لە ئەفغانستانەوە هاورە دەکەن و لە ئێران دەیکەنە هێرۆئین و بۆ کۆماری ئازەربایجانی دەگوازنەوە. بەڵگەی دیکەش بۆ دەست تێداهەبوونی سپای پاسداران لە قاچاغی مادەی هۆشبەر و پێوەندییان لەگەڵ کارتێلەکانی مادەی هۆشبەر لە مێکزیک و وڵاتانی ئەمریکای لاتین زۆرن کە لەلایەن ئەمریکاوە لێیان لە هەڵلا دراوە

### ٥) چەکوچۆڵ

پەروەندەی قاچاغی چەکوچۆڵ لە دژی سپای پاسداران تابڵێی زۆرن و تەنانەت سەریان لە شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەدەرناوە. ئاشکرابوونی قاچاغی چەکوچۆڵ بۆ وڵاتانی عێراق، بەحرەین، یەمەن، سووریە و لوبنان شتێک نیە ئێستا لە کەس شاراوە بێ و تەنانەت ڕێی بۆ حاشاش نەهێشتۆتەوە. هەر لەو سۆنگەیەوە دەیان کاربەدەستی ورد و درشتی سپا لە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا بە دژی ئێران خراون و مەودای ترانزیتی چەکوچۆڵ لەلایەن سپای پاسداران گەیوەتە وڵاتانی «نیجێرییە» و «گامبیا» و وڵاتانی «سینێگال»، «کێنیا» و «سوودان» لە ئەفریقاش لە پەروەندەکانی قاچاغی چەکوچۆڵی سپای پاسدران گلاون و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سزا دراون.

### ٦) ڕایەڵە جۆراوجۆەکانی دی

لەو ساڵانەی دواییدا لە تەنیشت تاوانەکانی قاچاغی مادەی هۆشبەر کە دەدرایە پاڵ حیزبوڵڵای لوبنان، ناوی ئێرانیش بە بەردەوامی هاتووە. لە ڕاپۆرتێکدا کە لەبارەی «کاساندرا»، یەک لە پڕۆژەکانی دەوڵەتی باراک ئۆباما لە پێوەندی لەگەڵ مادەی هۆشبەردا بڵاو کرایەوە، باس لە ڕایەڵەیەکی قاچاق لە ئەفریقا کرابوو کە جیا لە مادەی هۆشبەر و چەکوچۆڵ، بە کاری قاچاغی ئۆتومبیل، ئەڵماس و کەلوپەلی تیجاری و تەنانەت مرۆڤەوە خەریک بوون و حیزبوڵڵای لوبنان و سپای پاسداران بەشێک بوون لەو ڕایەڵەیە. قاچاغی سیگار و دراوی ساختە و تەڕاتێن لە جۆرەها بواری دیکەدا بەشە نەدیوەکانی چالاکیی سپای پاسدارانن و، لە دەیەی ڕابردوودا و لەگەڵ گەمارۆ ئابوورییەکانی دژی ئێران و پەرەسەندنی هاوردەی کاڵای قاچاغ دەستی سپای پاسدارانی بۆ پاوانکردنی ئەو بەشانە دەست ئاوەڵاتر کردوە. ڕوونە کە لەو بارودۆخەدا و بەپێی ئەو هەلومەرجە ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ڕووحانی بۆ سپاردنی ئەرکی بەربەرەکانی لەگەڵ پرسی قاچاغ لە کەنداوی فارس بە سپای پاسداران، بەجێی ئەوەی بڕیار بۆ بەربەرەکانییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ قاچاغی کاڵا بێ؛ پتر مامەڵەیەکی ئاشکرایە لەگەڵ سپای پاسدران. بە واتایەکی دی مامەڵەیەکە کە تەنیا لە چوارچێوەی دان و ستانە مانادارەکانی دەوڵەتی بێ چەک! و دەوڵەتی چەکدار!دا جێ دەگرێ.

# شەڕی ساردی ئەمریکا لەگەڵ ئێران دەستی پێکردۆتەوە



ڕابێرت تراسینسکی
و: کەماڵ حەسەنپوور




شەڕی سارد لەگەڵ ئێران دەستی پێکردۆتەوە. من ئەوەی وەک ڕەخنە لە سەرۆک کۆمار ترامپ بۆ هەڵوەشاندنی ڕێککەوتننامەی ئەتومی لەگەڵ ئێران باس ناکەم. ئەم بڕیارە هەڵگیرسێنەری ناکۆکییەکە نەبووە. شەڕی ساردی ئێران دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان قەت نەوەستا. ئەم بڕیارە تەنیا ددان بەم ڕاستییە دادەنێ و ئامریکا دەگەیەنێتە شوێنێک کە ئێمە دەبێ بەشە شەڕی خۆمان بکەین.

ڕوونتر بڵێم، ئەوە [جێهێشتنی ڕێککەوتننامەکە] خەیاڵی ئۆباما هەڵدەوەشێنێ کە پێی وابوو هەڵگرتنی زەخت لەسەر ئێران کۆتایی بە دوژمنکاریی ئەوان دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی دێنێ. ئەو بیرۆکەیە کە ئامریکا دەتوانێ سەرجەم دوژمنەکانی تەنیا لە ڕێی میهرەبانتر بوون بەرامبەریان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە خولیای تاکە کەسیی سەرۆک کۆمار ئۆباما بوو و ڕێککەوتنەکەی ئێران بەڵێنیی تاکیی ئەو بوو. بۆیە دەکرا تاکلایەنانە هەڵپەسێردرێ.

بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە بڕیاری ترامپ تووشی هەناسەبڕکە بوون، سێناتۆری کۆماریخواز بێن ساس جوابێکی هەیە کە لێرەدا باسی دەکەم:

« ئەمرۆ وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕاستییەیە کە ئەگەر پشتیوانەی بڕیارەکەت پلەی سەرۆک کۆماری بێ، ئەم بڕیارە لە کۆتایی ماوەی سەرکۆمارییەکەتدا دەمرێ. ئێمە دبێ بە ڕوونی بڵێین: دۆنالد ترامپ ڕێککەتننامەیەک نادڕێنێ، ئەو بەڵێنیی باراک ئۆباما هەڵدەوەشێنێ. دوو ساڵ و نیو لەوەپێش، سەرۆک کۆمار ئۆباما مامەڵەیەکی لەگەڵ ئێران کرد بەبێ پشتیوانیی کۆنگرە، و ئەمڕۆ سەرۆک کۆمار ترامپ بەڵێنیی تاکەکەسیی سەرۆک کۆمار ئۆباما جێ دەهێڵێ، و ئەو پێویستیی بە پشتیوانیی کۆنگرە نیە بۆ ئەم کارە. سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بەرەوپێشچوونی بێ پسانەوە بەخۆیەوە دەبینێ کاتێک کە سەرۆک کۆمار بەڕێوەبەری بێ، کۆنگرە پەسەندی بکا و ڕاستگۆیانە پێشەکشی خەڵکی ئامریکا بکرێ.»

سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا هەروەها کاتێک بە باشترین شێوە کار دەکا کە کۆمەڵێک بڕیاری لێک جیا نەبن، هێرشێکی ئاسمانی لێرە، لێکهەڵوەشاندنی مامەڵەی سیاسی لەوێ، بەڵکوو بەشێک بن لە هەوڵی درێژخایەن بۆ بەکارهێنانی چەندین ئامراز بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی ڕوونی ستراتیژیک. لەم پەیوەندییەدا، چەندین نیشانەی دڵخۆشکەر لە بڕیارەکەی سەرۆک کۆمار بەدی دەکرێن، بەتایبەتی چۆنیەتیی بەرینکردنی پاشخانی لۆژیکی نە تەنیا لەبەر ئەوەی ئێران لە بەرنامەی چەکی ئەتۆمییدا ساختەکاریی دەکا، بەڵکوو دەوری ئێران وەک سەرچاوەی چەندین هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی؛ وەک:

ڕێژیمی ئێران پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتییە. ئەو مووشەکی مەترسیدار هەناردە دەکا، پەرە بە ناکۆکییەکانی سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناڤین دەدا و پشتگیریی تێرۆریستان، میلیشیای بەکرێگیراو وەک حیزبوڵڵا، حەماس، تالیبان و ئەلقاعیدە و هتد دەکا.

ڕێککەوتننامەکە ئابلۆقەی ئابووری ئیفلیجکەری لەسەر ئێران لابرد [ لە بەرامبەر] سنووری لاواز بۆ چالاکیی ئەتۆمیی ڕێژیم و هیچ سنوورێک بۆ گشت ئاکارە شەیتانییەکانی، لەناویاندا چالاکییە بەدخوازانەکانی لە سوورییە، یەمەن و شوێنی دیکە لە چوارگۆشەی جیهان دانەنا.»

دۆناڵد ترامپ کابرایەک نیە کە دەستەواژەی «ئاکاری شەیتانیی» لەخۆوە بەکار بێنێ. بێگومان ئەو ئەم دەستەواژەیەی لە ڕاوێژکارەکەی وەرگرتووە کە یادداشتی فەرمیی بڕیارەکەی نووسیوە، کە مانشێتەکەی ئەمەی تێدا، «هەنگاوی دیکە بۆ بەرپەرچدانەوەی نفوزی شەیتانیی ئێران» کە دەقاودەق شتێکە کە دەبێ ئەنجامی بدەین.

لەسەرەتای دامەزرانییەوە لە ١٩٧٩ وەک ڕێژیمێکی ئایینی شۆڕشگێڕ، کۆماری ئیسلامیی ئێران دوژمنایەتیی خۆی بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی ڕایگەیاندووە. ئێران وەک یەکێک لە ڕێبەرانی تێرۆریزمی دەوڵەتی ماوەتەوە و یارمەتیی پێشکەش بە حیزبوڵڵا، حەماس، تالیبان، ئەلقاعیدە و هێڵە تێرۆریستییەکانی دیکە دەکا. ئێران هەروەها ئاگری توندوتیژیی تایفیی لە عێراق خۆش دەکا و پشتگیریی لە شەڕی قیزەوەنی نێوخۆیی لە یەمەن و سوورییە دەکا. ئەو پێشێلکاریی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ دەکا و لەسەر تاوانی بێ بنەما و بێ لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی یاسایی بیانییان، لەنێویاندا شارۆمەندی ئامریکایی لە گۆترە دەستبەسەر دەکا.

ئەمە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانە کە پێش بە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستیکی ویشکاڕۆبڕ بگرێ، و ڕایەڵە و هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرهەڵستکاریی ناوچەیی لێک هەڵوەشێنێ، پێش بە دەستڕاگەیشتنی سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی بگرێ کە دەستییان بەو سامانانە ڕابگا کە درێژە بە چالاکییە تێکدەرەکانیان بدەن، و بەرپەرچی هەوڵە شەڕانگێزییەکانی ئێران بۆ گەشەپێدانی مووشەک و چەکوچۆڵی ئاسایی بداتەوە.»

دەزانن کێ دەستەواژەی « نفوزی شەیتانیی» بەتایبەتی لەبارەی ئێراندا بەکار دێنێ؟ جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترامپە. ئەو هەروەها کابرایەکە کە ستراتێژییەکی وەها پان و بەرین دژی ئێران دارێژێ و جێبەجێی بکا کە ئاماژەی پێ کرا.

بە ڕاستی شەڕی سارد مۆدێلی دروست بۆ ڕەچاوکردنی شێوەی هەڵسوکەت لەگەڵ ئێرانە، چونکە لە زۆر بوارەوە وەک یەک دەچن. ئێران ڕێژیمێکە کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی شورشگێڕیی دروست کراوە کە دەیهەوێ هەناردەی گشت شوێنێکی جیهانی بکا بە تایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەندێک جار ئەو ئەم کارە لە ڕێگای تێوەگلانی سەربازیی ڕاستەوخۆ و هەروەها لە ڕێگای شەڕی بەوەکالەت و ڕووخاندن و پشتیوانیی لە حیزبی سیاسی، جووڵانەوەی شۆڕشگێڕ، و تاقمی تێرۆریستیی دەکا، گشت ئەمانە لاپەڕەی کتێبی کایەی یەکیەتیی سۆڤییەتن.

لەم ڕوانگەیەوە، ئێران هەمیشە هەڕەشەیەکی مەزنتر لە داعش بووە و دەبێ. ئەو گروپە هەوڵی دا ببێتە دەوڵەت بەڵام هەرگیز بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو. ئێران بە کردەوە هەمان ئایدیۆلۆژی هەیە، سەرەڕای جیاوازییە ڕواڵەتییەکانی [تاقمەکانی نێو دەسەڵات] دەوڵەتیشە و، خاوەنی بەرنامەیەکی ئەتۆمیش.

هەر وەک یەکیەتیی سۆڤیەت، ئێران لە نێوخۆدا لاوازە. لە پشت بانگەشە و هەراوهوریا شۆڕشگێڕییەکەی، ئابوورییەکی فەشەل، تاقمی دەسەڵاتداری بەرتیلخۆر و سەرکوتکەری هەیە کە خەڵکی خۆی تەریک خستۆتەوە. ڕێژیمی ئێران چەند دەیەی ڕابردوو خەریکی سەرکوت کردنی سەرهەڵدانی خوێندکاران و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان کردووە کە داوای ئازادیی زۆرتریان کردووە، هەر وەک لە ژانوییە و زۆر بەناوبانگتر لە کاتی شۆڕشی سەوز لە ٢٠٠٩، کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بە ئانقەست ویستی یەکگرتووانەی ئەوانی لە بەر تراویلکەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی پاشگوێ خست.

ئەمە هەلی ڕاستەقینەیە کە بە بڕیاری سەرۆک کۆمار هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر ئێران مۆتۆڕی پشێویی بێ، ئێمە دەبێ ئەوە وەک دەرفەتێک سەیر بکەین تا ئەم مۆتۆڕە لەکار بخەین. هەر وەک چاوەڕوان دەکرا، نیویۆرک تایمز لەبەر بڕیاری ترامپ لەبارەی جێهێشتنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئێران بووڕایەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا وتارێکی بڵاو کردەوە کە بە ئاشکرا باسی پۆتانسیەلی ئاسەواری ئەم بڕیارە شی دەکاتەوە:

«قەیران لە ئێران قووڵ و بەربڵاوە. ئابوورییەکەی خەریکی داڕمانە. پارەکەی خەریکی تێکڕووخانە. چوونەسەرێی نرخەکان زەخت دەخاتە سەر دانیشتووانی شار. وشکەساڵیی پێنج ساڵە گوندەکانی وێران کردووە. ململانێی نێوان ڕیفۆرمخوازەکان و بنئاژۆخوازەکان هێندە مەترسیدارە کە تەنانەت باسی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن هێزە چەکدارەکان دەکرێ.

ئێستا، ئەو پەتی ژیانەی کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ٢٠١٥ دەستەبەری کرد، کە قەرار بوو زەختی سەر ئابووریی ئێران کەم بکاتەوە و درز بخاتە سەر بەربەستەکان بەرەو ڕۆژئاوا خەریکی داڕمانە. سەرۆک کۆمار ترامپ ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند کە ئەو ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە دێنێتە دەر، کە ئەو بە « ڕێککەوتنێکی کارەساتبار» ناوی برد.

لە درێژخایەندا، لێکهەڵوەشانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی دەتوانێ هەواڵێکی ناخۆش بێ بۆ سەرجەم ڕێبەریی ئێران، کە بەرەوڕووی نارەزایەتیی پەرەئەستێنی جەماوەریی بە هۆی ئابووریی و نەبوونی ئازادیی و نەبوونی داهاتووی ڕوون بوونەوە. ئەمە دەتوانێ هەواڵی ناخۆش بۆ خەڵکی ئاسایی ئێرانیش بێ.

« تکایە، یەکێک چارەنووسی ئێمە بگۆڕێ، هەر کەسێک بێ، تەنانەت ترامپ». عەلی شوجاع، کە شوێنان خاوێن دەکاتەوە گوتی کە توانای بەخێو کردنی سێ کوڕەکانی نیە. «من لە پێشدا شۆفیر بووم، ئێستا شوێنان خاوێن دەکەمەوە. دوای ئەمە چی بکەم؟ من ناتوانم ببمە سواڵکەر.»

کۆی ئامانجەکە گۆڕینی چارەنووسی ئێرانە، ئەگەرچی ئێمە هیوادارین کە هێندە ئێرانیی هەبن کە بیانهەوێ چارەنووسی خۆیان بەدەست خۆیانەوە بگرن.

شەڕی ساردی ئێمە لەگەڵ ئێران هەرگیز نەوەستا. ئێمە تەنیا کۆتاییمان بە شەڕکردن هێنا. ئەگەر سەرۆک کۆمار ترامپ لە سەر بڕیارەکەی سوور بێ، ئەو دەرفەتی هەیە نە تەنیا هەوڵی ئامریکا دژی ئێران زیندوو بکاتەوە بەڵکوو ئەم شەڕە ساردە بە هەمان شێوە کە ئێمە دژی سۆڤییەت بەڕیوەمان برد، و بە هەمان ئاکام بۆ ئاشتی جیهانیی، خۆشگوزەرانی و ئازادی، ببەینەوە.

> ئێران هەمیشە هەڕەشەیەکی مەزنتر لە داعش بووە و دەبێ. ئەو گروپە هەوڵی دا ببێتە دەوڵەت بەڵام هەرگیز بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو. ئێران بە کردەوە هەمان ئایدیۆلۆژی هەیە، سەرەڕای جیاوازییە ڕواڵەتییەکانی [تاقمەکانی نێو دەسەڵات] دەوڵەتیشە و، خاوەنی بەرنامەیەکی ئەتۆمیش. هەر وەک یەکیەتیی سۆڤیەت، ئێران لە نێوخۆدا لاوازە. لە پشت بانگەشە و هەراوهوریا شۆڕشگێڕییەکەی، ئابوورییەکی فەشەل، تاقمی دەسەڵاتداری بەرتیلخۆر و سەرکوتکەری هەیە کە خەڵکی خۆی تەریک خستۆتەوە. ڕێژیمی ئێران چەند دەیەی ڕابردوو خەریکی سەرکوت کردنی سەرهەڵدانی خوێندکاران و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان کردووە کە داوای ئازادیی زۆرتریان کردووە، هەر وەک لە ژانوییە و زۆر بەناوبانگتر لە کاتی شۆڕشی سەوز لە ٢٠٠٩، کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بە ئانقەست ویستی یەکگرتووانەی ئەوانی لە بەر تراویلکەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی پاشگوێ خست

***

## لە حوجرەوە



عادڵ مەحموودی

# مەلا خزر ڕواری

لە ساڵی ١٠٩٦ی هەتاویدا و لە گوندی (ڕوار)ی ناوچەی هەورامانی تەخت منداڵێک لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ئەهلی زانست چاوی بە ژیان هەڵێنا و ناویان نا خزر. خزر کوڕی مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا محەممەد، کوڕی میرزا حەکیمی حەکاکە.

خزر، لەبەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایک ببوو، هێشتا زۆر منداڵ بوو لە خزمەتی باوکیدا پەرتووکە سەرەتاییەکانی خوێند و دواتر لە خزمەتی مەلا یۆسفی ڕواردا درێژەی بە خوێندن دا هەتا چەند پلەیەکی بڕی و ئاستی زانیارییەکانی چووە سەرەوە. فەقێ خزر دواتر چووە حوجرەی فەقێیان و وەک نەریتی کوردەواری قەوانی فەقێیەتی لەکۆڵ کرد و بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانستی زیاتر دەستی کرد بە گەڕان بە شار و گوندەکانی کوردستاندا. فەقێ خزر لە درێژەی خوێندنەکەیدا لە شارەکانی سنە، مەهاباد، لەیلاخ، مەریوان و بۆ ماوەیەکیش لە شیراز خوێندوویەتی، هەروەها لە باشووری کوردستانیشدا شارەکانی سلێمانی، قەڵاچوالان و گوندی بیارە و چەندین شار و گوندی ت دیکە گەڕاوە و هەگبەی زانستی لێ پڕ کردوون؛ بە تایبەت لە ناوچەی شارەزوور خەرمانی زانستی لە خزمەت مامۆستایانی ئایینیدا بە پیتتر کردووە و لە ئاکامدا لە شاری قەڵاچوالان لە خزمەتی «مامۆستا شێخ محەمەد وەسیمی تەختەیی مەردۆخ»دا دوایین پلەکانی زاستی بڕیوە و هەر لەوێش بڕوانامەی مەلایەتیی وەرگرتووە.



مامۆستا مەلا خزر ڕواری دوای وەرگرتنی بڕوانامەی مەلایەتی خۆی سەرقاڵ ناکا بە کاروباری مەلایەتییەوە و بە نیازی زیاتر فێربوون خۆی دەپێچێتەوە و ڕێگای وڵاتی میسر دەگرێتە بەر و بەرەو ئەو وڵاتە و «ئەلئەزهەر»، زانستگا بەناوبانگەکەی وەڕێ دەکەوێ.

مامۆستا مەلا خزر دوای ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو زانکۆیە دەمێنێتەوە و لە چەندین بواری جیاوازدا ئاستی خۆی بەرز دەکاتەوە و خۆی پێدەگەیێنێ، وەک مامۆستای ئەو زانکۆیە هەڵدەبژێردرێ و بۆ ماوەیەکی زۆر وەکوو مامۆستایەکی ئەو زانکۆیە وانە دەڵێتەوە و قوتابییەکانی پێ دەگەیەنێ، هەروەها مامۆستا بۆ ماوەیەکیش لە شاری «شام»دا دەمێنێتەوە و سەرقاڵی فێر بوونی زانست و وانەوتنەوە دەبێ.

بە وتەی ئەو کەسانەی کە سەردانی زانکۆی ئەلئەزهەریان کردووە هەتا ئێستەش ئەو جێگایەی کە مامۆستا مەلا خزر وانەی لێ وتۆتەوە هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە و ناوی مامۆستا مەلا خزری لە سەر نووسراوە و وەک مامۆستایەکی ناوداری ئەو زانکۆیە ڕێزی لێ دەگیرێ. مامۆستا هەر لەو ماوەیەدا کە لە میسر بووە چەندین پەرتووکی نووسیون کە یەکێک لەوانە «قاموس المحیط»ە و مامۆستا بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی.

مامۆستا دوای ئەوەی کە لە میسر و شام گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گوندەکانی ڕوار، هەورامان، دەگاگای دەربەن کەڵەم و چەند گوندێکی دیکەی ئەو ناوچەیە سەرقاڵی مەلایەتی و وانە وتنەوە بووە و خەڵکانێکی زۆر لە خزمەتیدا پێ گەیشتوون.

مامۆستا مەلا خزری ڕوار، یەکەمین مامۆستای ئایینی بووە کە بە ئەوپەڕی زانیارییەوە، هەموو پێویستییەکانی فێربوونی ئایینیی کردووەتەوە کوردیی هەورامی و لە سەر شێوازی شێعر دایڕشتوون، کە تا ئێستاش لە هەوراماندا لە منداڵێکەوە بگرە تا دەگاتە بەتەمەنێک کەس نیە ناوی پەرتووکەکانی «دەوڵەتنامە» و «ڕۆڵەبزانی» نەزانێ و بڕێکی لەبەر نەبێ. مامۆستا بەو کارەی دوو خزمەتی زۆر گەورەی کردووە بە کۆمەڵگەی کوردەواری، بە تایبەتیش ناوچەی هەورامان. یەکەم ئەوەی کە دەکرێ ئایین بە زمانەکەی خۆت فێری ببی و بەکاری بێنی و پێویست ناکا هەموو شتێک بە زمانی عەرەبی وەربگری.، دووەم زمانە کوردییە هەورامییەکەی ناوچەی هەورامانی پاراستووە و لە چوارچێوەی ئایینیدا خەڵکی هان داوە کە ڕۆژانە زمانەکەی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە.

مامۆستا مەلا خزر چەندین بەرهەمی نووسراوی دیکەی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی هەن. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕێس باس لەوە دەکا کە گوندی ڕوار لە سەردەمی مەلا خزردا ناوەندێکی زانستیی یەکجار گەورە و گرنگ و ناودار بووە.

مامۆستا مەلا خزر، وەنەبێ تەنیا مامۆستایەکی ئایینی بووبێ و چاوی لە کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانی کۆمەڵگەکەی نووقاندبێ و لە سووچێکی مزگەوتا دەستەو ئەژنۆ دانیشتبێ، بەڵکوو وەکوو ڕاوێژکارێکی زانا و لێهاتوو لە دانووستانی دیوەخانەکانی دەسەڵاتداراندا جێگایەکی دیار و تایبەتی هەبووە و تەنانەت بۆ دەرەوەی سنوورەکانیش ل گەڵ سانەکانی هەوراماندا سەفەری کردووە و لە دانووستانە سیاسییەکاندا بەشدار بووە. بۆ نموونە کە جارێک لەگەڵ ئەحمەدسانی هەوراماندا دەچێ بۆ لای کەریم خانی زەند بۆ شیراز، بەمەبەستی چارەسەری هەندیک کێشە و گرفتی کۆمەڵی کوردەواری و بەتایبەت ناوچەی هەورامان.

لە کۆتاییدا مامۆستا مەلا خزری ڕواری لە ساڵی ١١٦٣ی هەتاویدا و لە تەمەنی ٦٧ساڵیدا لە گوندی ڕواری هەورامانی تەخت کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گوندی «ڕوار» بە خاک سپێردرا.

ڕۆحی شاد بێت

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# «مازوار» و تۆمارکردنی سەروەرییەکی مێژوویی



برایم چووکەڵی

ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و هەڵبژاردنی ستراتیژی و تاکتیکی گونجاو و گرتنەپێشی سیاسەتێکی ئوسوولی و مەنتیقی لەلایەن حیزبەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە چەشنێکی بەرین پشتیوانی لە حیزبەکەیان بکەن. ئەو پاڵپشتییە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی تەمەنی خۆی توانیویەتی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری دابنێ بە جۆرێک وەک چۆن زۆر لێکۆڵەر و کەسانی خاوەن ڕا دەڵێن، مێژووی ئەو سێ چارەگە سەدەیەی دوایەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەم و زۆر هەمان مێژووی حیزبی دێموکراتە و مێژووی تەمەنی ئەم سێ چارەگە سەدەیەی حیزبی دێموکراتیش مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە وەها دۆخێکدا بە هەبوونی تەشکیلاتی بەهێز و لەخۆبوردوویی پێشمەرگە و حوزووریان لە نێو خەڵکدا، دەکرێ پێوەندیی نێوان خەڵک و حیزبەکەمان بەهێزتر بکەین و لە هێز و توانای خەڵک زیاتر کەلک وەربگیرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبەکەمان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕەگ و ڕیشەی بەهێزی داکوتاوە و تەنانەت زۆر جار لە کاتی زۆر هەستیاردا ئەو پێوەندییانە تین‌وتاوێکی بەگوڕیان داوە بە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزب و گەل.

نموونەی فیداکاری و پێوەندیی نەپساوەی خەڵک و پێشمەرگە لە شەڕ و بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و پارێزەرانی کۆنەپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەردەکەوێ. لە لاپەڕەی هەگبەی شاخ و شۆڕشی ئەمجارەدا باس لە حەماسەیەکی هێزی پێشمەرگە و پشتیوانیی خەڵکی نیشتمانپەروەری ناوچەی سەقز دەکەین.

ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی حەماسەیەکی کەم وێنە لە دەرەنجامی شەڕێکی سەخت و خوێناوی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لەلایەک و هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە خوڵقا. شەوی پێشتر پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووی کوردستان بۆ پشوودان ڕوویان لە ئاوایی «خوڕمتا» کردبوو. پێشمەرگەکان پاش دامەزران لە نێو ئاواییدا هێزی کەمین و چاوەدێریان بۆ شاخەکانی پشت ئاوایی نارد. لە کاتژمێری ٦ی بەیانی لەلایەن کەمینی هێزی پێشمەرگەوە هەست بە هێرشی بەربڵاوی دوژمن کرا، ئەوانیش فەرماندەکانی خۆیان ئاگادار کردەوە کە دوژمن کەوتۆتە جموجۆڵێکی زۆر و گەورەوە. نیو سەعات دواتر و لە کاتێکی گونجاودا قارەمانانی گەل دەستێکی باشیان لە دوژمن وەشاند. شەڕ تا سەعاتی ٩ی بەیانی لە دەوروبەری گوندی خوڕمتا و بەرزاییەکانی بەردەوام بوو. بە شکانی دوژمن شەڕ بەرەو بەرزاییەکانی وەرێنانی و شاخی ڕووش گوازرایەوە. تێکۆشەرانی دێموکرات کە زەبرێکی باشیان لە دوژمن دابوو خۆیان سازمان دایەوە و لەو بەرزاییانە سەنگەریان گرتەوە و چاوەڕوانی جموجۆڵ و پەلاماری هێزی کۆنەپەرستی مانەوە. لە لایەکی دیکە هێزی بەزیوی کۆماری ئیسلامی بە دەیان ماشێنی پڕ لە چەکدار و بە چەک و چۆڵی تەیارەوە و بە پشتیوانی سێ هێلیکۆپتێر هاتنەوە مەیدانی شەڕ و دەستیان بە پێشڕەوی بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان کرد. هێزی زۆر بەڵام بێ ورەی کۆماری ئیسلامی هەموو جارێ کە لە سەنگەری پێشمەرگەکان نزیک دەبوونەوە، لەگەڵ بەرەنگاریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە بەرەوڕوو دەبوونەوە و کوڕانی دێموکرات لێیان ڕادەسان و هێزی دوژمن بە ژمارەیەک کوژراو و بریندارەوە بەرەو دواوە هەڵدەهاتنەوە. شاخی ڕووش بەسەر شاری سەقزدا دەڕوانێ و، بەشێک لە خەڵکی ئەو شارە بە چاوی خۆیان دەیاندی کە قارەمانانی گەل چۆن لە بەرامبەر لافاوی ئینسانی بەڵام بێ ورەی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستابوون. پاش هەر شکستێک، هێزەکانی دوژمن بە ئاوری تۆپ و خۆمپارە و ڕاکێتی هێلیکۆپتێر سەنگەری هەڵۆکانی نەکەرۆز و سورووسات و چلچەمەیان ئاورباران دەکرد. شەڕ تا کاتژمێری ٥ی ئێوارێ بەردەوام بوو، پاش ١١ سەعات شەڕی قارەمانانە و لە کاتێکدا تۆپخانەی دوژمن بە بەردەوامی سەنگەری کوڕانی دێموکراتی دەکوتا، سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پێشمەرگەکان وەدەست هاتبوو، بەڵام بەداخەوە لە ئێوارێدا حەکیم ڕەزایی، بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی کوردستان کە بەردەوام لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا شەڕی دەکرد لە گەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە قارەمانانی دێموکرات پاش ١١ سەعات شەڕ و بەربەرکانی لە بەرامبەر هێزی بێ ئەژماری دوژمن، سەرشۆڕییەکی گەورەیان نسیبی دوژمن کرد. پاش تەواوبوونی شەڕ هێزی پێشمەرگە لەبەر ئەوەی پاش ڕۆژێک شەڕ کردن و هۆی لەبەردەستدابوونی چەند شەهید و کۆمەڵێک بریندار کارێکی ئاسان نەبوو لە شەڕگە دەرباز ببن؛ بەڵام هەر بە پشتیوانیی خەڵکی ئەو ناوچەیە، لەو دەڤەرە خۆیان حەشار دا و ناوچەکەیان جێ نەهێشت. بەڵام ڕۆژێک دوای شەڕەکە، دەبێ شاردنەوەی ئەو تێکۆشەرانە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و لێرەدا گوندی «مازوار» بۆ هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بنووسرێتەوە. خەڵکی باشیان دەزانی پێشمەرگە پارێزەری ئەمنییەت، شەرەف و کەرامەتی ئەوانە و گیانی خۆی بەختی ئامانجەکانی نەتەوەکەی دەکا و ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لە ڕێگای نیشتماندا بیکاتە قوربانی، بۆیەش هەمیشە بە چاوی قەدرەوە لە پێشمەرگەیان ڕوانیوە و هاوکارییان کردوون.

بەڵێ... پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووی کوردستان توانییان لە نێو خەڵکی قارەمانی مازوار، بێ فیشەک، ماندوو و شەکەت و هیلاک، بە چەندین بریندارەوە، تەنانەت سەرەڕای بوونی پایەگای هێزەکانی ڕێژیم لە پشت ئاوایی، لە نێو خەڵکی خۆیاندا بمێننەوە و بحەسێنەوە. هەڵبەت ئەگەرچی لەو شەڕە قورسەدا سێ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بەڵام دەرکەوت کە بە لێکگرێدان و پێوەندیی خەڵک و هێزی پێشمەرگە هیچ هێزێک ناتوانێ بە چۆکیان دابێنێ. ئەو پێوەندییە ئەو ڕاستییە دەردەخا کە بڵێین خەڵکی کوردستان هەموو کاتێ دینامیزمی سەرەکیی خەباتی گەلەکەمانن و تا سەرکەوتنی یەکجاریش لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا دەمێننەوە.

# ئومێد لە گەمەی سیاسەتدا



ڕزگار ئەمین نژاد

لە ئەفسانەی یۆنانی کۆندا باس لە چیرۆکی پاندۆرا، جوانترین ژنی دونیا کراوە کە خواکانی یۆنان دروستیان کرد بۆ ئەوەی مێرد بە پرۆمێتووس بکا و تۆڵەی خواکانی لێ بکاتەوە. تاوانی پرۆمێتووس ئەوە بوو کە ئاگری لە زێئووس دزی و دای بە مرۆڤ. لای پرۆمێتووس سندووقێکی داخراو هەبوو، ڕۆژێک پاندۆڕا سەری سندووقەکە دەکاتەوە و لە نەکاو گشت خراپە، ناخۆشی و ئازارەکان لەو سندووقە دێنەدەر و بە جیهاندا بڵاو دەبنەوە. پرۆمێتووس درەنگ بەم کارەساتە دەزانێ و کاتێ سەری سندووقەکەی نایەوە هەر ئومێد مابووەوە کە بێتە دەر. ئومێد لەم ئەفسانەیەدا وادەیەکی سەربەمۆرە بۆ سارێژکردنی زام و ئازارەکانی مرۆڤ. هەڵبەت ئێلاهییاتی مەسیحی و فەلسەفە نەیانهێشت ئومێد لە سندووقەکەی پرۆمێتوسدا بمێنێتەوە و دواتر دەرگای سندووقەکەیان بەسەردا کردەوە.

تۆماس ئاکویناس یەکێک بوو لەو فیلسوفانەی کە بەم چەشنە ئومێد پێناسە دەکا: «ئومێد جووڵەیەکی ئیرادەییە کە عەقڵ پاڵنەریەتی بۆ ئەوەی خێراتر، باشتر و بە پێشکەوتوانەترین مێتۆد بمانگەیەنێتە ئامانج». بەڵام دێڤید هیوم چەمکی ئومێد ئینتیزاعیتر دەکاتەوە و وەک سۆزێکی دەروونی لەبەرامبەر ترسدا پێناسەی دەکا. ئومێد لای ئەو پێوەندیی بە ئاسودەیی و قازانجەوە هەیە و ترس؛ پێوەندیی بە دۆڕاندن و ئازارەوە هەیە. هەڵبەت ئەم تێڕوانینە ڕەگی لە ئێلاهییاتی مەسیحیدا هەیە، چوونکە لە مەسیحییەتیدا ئومێد وەک فەزیلەت پێناسە کراوە و هاتۆتە نێو ئەخلاقی مەسیحییەوە. ئاگوستین سێ دیاردەی ئیمان، ئومێد و عەشق وەک فەزیلەتی مەسیحی پێناسە دەکا. ئومێد لەم میانەیەدا گرنگترین ڕۆڵی هەیە لە ئێلاهییاتی مەسیحیەتدا، چوونکە عەشق لە ئیمانەوە دێ و ئیمان پێوەندیی بە ئومێدی هاتنی ڕەستاخیز و مەلەکوتی ئاسمانییەوە هەیە. بەڵام نیچە پێی وایە ئومێد لە ئێلاهیاتی مەسیحیدا دیاردەیەکی وەهمی و لە هەمان کاتدا پڕۆژەی سیاسی کلیسایە بۆ دەستەمۆکردن و مەسخکردنی ئیماندارەکان. ڕەنگە هیچ کەسێک وەک نیچە ڕەشبینانە و بە گومانەوە ئاوڕی لە ئومێد نەدابێتەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئێلاهیاتی مەسیحی ئومێد لە سندووقەکەی پرۆمێتوس دەردێنێ و لە سندووقی ئیمان و ئەخلاقدا درگای لەسەر دادەخاتەوە. نیچە لە کتێبی «ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق»دا دیاردەی ئومێد وەک دینامیزمی «ئەخلاقی بندەستی» سەیر دەکا. ئومێد لەم سۆنگەوە بە لەمپەرێک دادەنرێ کە کەوتۆتە سەر ڕێی ئازادی و مافی هەڵبژاردنی مرۆڤ. بۆ گەیشتن بە ئازادی و فەزیلەی «پاوەر مێن»، پێویستە مرۆڤی ئازادە هەوڵ بۆ شکاندنی تەلیسمی ئۆمێد بدا. ئومێد لای نیچە لە ڕاستیدا دیاردەیەکی سەربەخۆ و ئیرادەیەکی ئازادە بۆ دەرباز بوون لە چارەنووسی بندەستی.

ڕۆڵی ئومێد لەم سەردەمە و لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارە سیاسییەکانی ئێمەشدا سەرنجی تایبەتی پێ دراوە. بۆ نموونە دیاردەی ئومێد لە زانستی سایکۆلۆژیدا وەک گوزارەیەکی مانادار سەیر دەکرێ، چوونکە شرۆڤەهەڵگرە. مەبەست لە شرۆڤەهەڵگر بوون ئەوەیە کە ئێمە بتوانین گوزارە ماناداەکان لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکارییەوە بسەلمێنین و بناسین. کەوایە ئومێد لەم سۆنگەوە پرسێکی فەزیلەتی، ئیرادەیەکی عەقڵانی و هەروەها سۆزێکی دەروونی نیە و بە دڵنیاییەوە لە هیچ سندووقێکدا بە داخراوی نامێنێتەوە، بەڵکوو ئومید ئۆبژەیە و دەکرێ ئانالایزی بکەین. دوفالد و مارتێچیۆ لە پرۆژەیەکی هاوبەش و لە ساڵی ١٩٨٥دا توێژینەوەیەکی مەیدانییان بۆ دیاردەی ئۆمێد کرد. دیاردەی ئومێد لەم توێژینەوەدا بەسەر شەش پێناسەی جیاوازدا ئانالایز کرا کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم.

یەکەم؛ پێناسەیەکی ئافێکتیڤ یاخۆ عاتفییە و ئومێد لە خانەی هەست و سۆزدا شرۆڤە دەکا کە بۆ ژیانی مرۆڤ زۆر گرنگە. بڕوا و باوەڕبەخۆبوون لێرەدا پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ ئومێد کە ڕووی لە داهاتوویەکی نادیارە، واتە مرۆڤ لە ڕێگای ئیمانێکی دەروونییەوە چاوەڕێی داهاتوویەکی ڕوونتر دەکا. ئومێد لەم کۆنتێکستەدا دیاردەیەکی وەهمییە.


دووهەم؛ پێناسەیەکی کۆگنۆتیڤانەیە و ئومێد وەک ڕەوەندێکی میکانیکی سەیر دەکا. واتە بۆ شرۆڤەکردنی ئومێد سەرنج بە ڕەوەندە بنەماییەکانی سەرهەڵدانی ئومێد دەدرێ. ئەم ڕەوەندە بنەماییانە مێتۆدیکن؛ واتە پێوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری، ئاوات، بڕوا، زاکیرە و ئامانجەکانمانەوە هەیە. پێناسەی سێهەم لە خانەی ڕەفتارگەرایانەدا شرۆڤەی ئومێد دەکا و پێوەندی بە چالاکییەکانی ئێمەوە هەیە. کاتێ مرۆڤ هەست دەکا مەجالی ئەوەی هەیە ئازادانە و چالاکانە پلان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی دادەنێ، لە هەموو کاتێ زیاتر هیوادار دەبێ. موتیڤاسیۆن یاخۆ ئەنگیزە لێرەدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، هەتا ئاستی مۆتیڤاسیۆن بەهێزتر بێ ئەوا چالاکییەکانی ئێمە بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانمان گڕوتینی زیاتری دەبێ. پێناسەی چوارەم بۆ ئومێد بەسراوەیی بوونە. مەبەست لە بەسراوەیی بوون ئەوەیە کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کەسانی دڵخۆشکەر لە ژیانماندا، پشتگری نزیکان و هەروەها دیاردە ئیدەئاڵەکان دەتوانن پەنایەکی بەهێز بن بۆ هیوادار بوون. پێناسەی پێنجەم پێوەندی بە زەمان هەیە. زەمان دیاردەیەکی پوویایە کە لە بەستێنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا پێناسە دەکرێ. ئومێد لە گشت پێناسەکاندا لە ڕاستیدا ڕووی لە داهاتووە، داهاتوو دەتوانێ نزیک یاخۆ دوورەمەودا بێ. بەڵام ڕەهەندی ئێستا و ڕابردووی زەمان بۆ داهاتووی ئومێد دیاریکەرە. عونسووری ڕابردووی زەمان پێوەندی بە ئەزموونەکانی ئێمەوە هەیە و عونسووری ئێستای زەمانیش ئیمکانی وەدیهاتنی ئومێد باشتر دەردەخات. بۆ نموونە کاتێ لە هەواڵەکاندا ڕادەگەیەندرێ کە سبەی باران دەبارێ، ئەگەر پێشبینییەکانی بارین لە ڕابردوودا وەڕاست گەڕابن ئەوا ئومێدی بارین بۆ سبەینێش بەهێز دەبێ. لە لایەکی دیکەوە پێویستە نیشانەکانی بارین لە کەشوهەوای ئەمرۆدا ببینین. ئەگەر بەیانی باران نەبارێ ئەوا هومێدی بارین لەگەڵ زەماندا دەمرێ. کە وایە دیاریکردنی زەمان بۆ ئومێد کاتێ مسۆگەرە کە زەمینەکانی وەدیهاتنی ئامانج لە ئارادا بن. لە سیاسەتدا بە ڕواڵەت ئومێد دیاردەیەکی بێ زەمانە واتە داهاتووی دیار نیە، چونکە زەمینەکانی وەدیهاتنی ئامانج هەمیشە لە گۆڕان دایە و ئێمە دەتوانین لەم مەنتقە تێبگەین، بەڵام ڕەهەندی زەمانیی ئومێد لە سیاسەتدا ئەگەر بێ زەمانیش بێ ئەوا ناتوانێ دۆخی ئێستا و ئەزموونی ڕابردووی چەواشە بکا.

کۆنتێکستواڵ پێناسەی شەشمی ئومێدە، واتە شرۆڤەی زەمینەکانی سەرهەڵدانی ئومێد دەکا. لەم گۆشەنیگایەوە ژینگەی ئومێد زۆر گرنگە، چوونکە دۆخی ژیان، دەرفەت، ئامێرەکان و ئازادیی کردەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانج زۆر دیاریکەرن. بە پێی بۆچوونی ئێریک فرۆم ئومێد شتێک نیە کە لە وشیاریی ئێمەدا هەبێ بەڵکە دۆخێکی دەروونییە و پێویستە زەمینەکانی بۆ فەراهەم کرابێ. کەوایە دیاردەی ئومێد دیاردەیەکی جووت ڕەهەندانەیە، بەشێکی دەروونییە و بەشەکەی دیکە دەرەکییە. دەروونییە چوونکە ئێمە ناتوانین بەبێ ئاوات و خەونەکانمان بژین و، دەرەکیشە چوونکە بۆ وەدیهێنانی ئاوات و خەونەکانمان نیازمان بە زەمینەسازیی حەقیقی ئومێد و پاڵنەرە عەینییەکان هەیە.

پێناسەکردنی ئومێد لە کۆنتێکستی سیاسەتدا نە کارێکی ئاسانە و نە ئاساییە، چونکە سیاسەت لە گۆشەنیگای ئەفلاتوونییەوە هەمان کارکردی ئومێدی هەیە. سیاسەت ڕووی پراکتیکی ئومێدە، واتە ئەگەر خەون و ئاواتەکانمان لە هەناوی ئومێددا گیانیان بە بەردا دەکرێ، ئەوا سیاسەت ڕێگای کردەوەیی کردنیان دیاری دەکا. هەڵبەت کاتێ باس لە سیاسەت دەکەین پێویستە ڕەچاوی جیاوازییەکی مانایی لەمەڕ سیاسەت بکەین؛ واتە سیاسەت وەک پرسێکی مەعریفی و سیاسەت وەک کردەوەیەکی سیاسی. مەعریفەی سیاسی بەستێنێکی تیۆریکە کە پرسی پراکتیک و ڕێکارەکانی دامەزرانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان شرۆڤە دەکا. بەڵام کردەوەی سیاسی پرۆژەیەکی مانادار، ئامانجدار و هەروەها عەقڵانییە وەک پێناسە فەلسەفییەکەی توماس ئاکویناس بۆ ئومێد. بەڵام کاتێ باس لە کردەوەی سیاسی دەکەین، ئەوا دیاردەی ئومێد کەمێ ئاڵۆزتر دەبێ. هۆکارەکەش لەوەدایە کە کردەوەی سیاسی دەبێ پتانسیەڵ و زەمینەکانی عەینیکردنی ئومێدی پێ بێ. بۆ نموونە ئیدەی ڕێفۆرمیستی لە چوارچێوەی مەعریفەی سیاسیدا شرۆڤە دەکرێ، بەڵام کاتێ ئیدەی ڕێفۆرم دەبێ بە بزووتنەوەیەکی سیاسی ئیدی دەچێتە چوارچێوەی کردەوەی سیاسی و ئەو بزاڤە دەبێ توانای عەینیسازی ئومێدی هەبێ.

ێناسەی ئومێد لە سیاسەتدا پێوەندی بە کارکردی ئومێد و ئەم پرسیارە گرنگەوە هەیە کە ئایا سیاسەت لە خزمەت بەرهەمهێنانی ئومێدە یاخۆ ئومێد کەموکوڕییەکانی سیاسەت پەردەپۆش دەکا؟ ئێمە ناتوانین وڵامێک بۆ ئەم پرسیارە ئامادە بکەین ئەگەر دیاردەی ئومێد لە دوو بەستێنی ئایدیالیستیانە و واقعگەرایانەدا شرۆڤە نەکەین. بەستێنی ئادیالیستیانە هەمان پێناسەی عاتیفیی ئومێدە کە پێشتر باسی لێ کرا و تەمای ئێمەیە بۆ ئومێد، بەستێنی واقعگەرایانەش هەمان پێناسەی کۆنتێکستوالی ئومێدە و سیاسەت دەبێ زەمینەی ڕێئالیزەکردنی فەراهەم بکا. کەوایە ئومێد لەو کەلێنەدا دەردەکەوێ کە زۆرجار دەکەوێتە نێوان تەمای ئێمە و عەرزی واقع. بەڵام ئەم کەلێنە قەرار نیە هەمیشە بە ئومێدێکی چالاک و عەینی پڕ بێتەوە، بەڵکوو زۆرجار ئومێد لە قاڵبی یۆتۆپیادا دەردەکەوێ. مەبەست لە ئومێدی چالاک هەمان پێناسی ڕەفتارگەرایانەی ئومێدە کە باسی لێکرا، واتە زەمینەی بەشداریکردنی ئێمە بە شێوەیەکی ئازاد و چالاک هەموارکرابێ بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان. بەڵام ئومێد لە دۆخێکی یۆتۆپاییدا پرۆژەیەکی وەهمییە بۆ مسۆگەرکردنی سوڵتە و لە ڕێگای عەینیسازی کردنی ئومێدەوە سوڵتە نۆرمالیزە دەکا، ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و پێرفۆرمانسی شادی لەمەڕ ئاکامی هەڵبژاردنەکان نموونەیەکن بۆ عەینیسازی ئومێد.

ئەم ڕۆژانە لە ئێراندا قسەکردن لە ئومێد نەک کارێکی ئاسایی نیە بەڵکوو پرسێکی زۆر ئاڵۆزیشە، چونکە ئیندێکسەکانی ئومێد تا دێ یۆتۆپیاییتر دەبن. جموجۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی دەیەی حەفتای هەتاویی بۆ گۆڕان و تێپەڕین لە ئیستبدادی دینی، ئیدەی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لێ کەوتەوە کە دواتر وەک فەزیلەی ڕێفۆرمیستی دیاری کرا. بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە چاوی ئومێدەوە هەوڵیان بۆ کولتورسازی و نەهادینەکردنی ئەم فەزیلە ڕێفۆرمیستییە دەدا و تەنانەت هەوڵێکی زۆر درا تا دەسەڵات دەرگای دیالۆگیان بەسەردا بکاتەوە چوونکە پێیان وابوو ڕێژیمی سیاسیی ئێران ئیدی بڕستی بەرهەمهێنانی ئومیدی لێ بڕاوە. بەڵام نیشانەکانی ناکامی ئەم ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێ و وادیارە لە درێژماوەشدا سەرکەوتوو نابێ. تەفسیری ئومێد لای ڕێژیم لە خانەی ئێلاهییاتی ویلایەتی فەقیهدا جێدەگرێ و سروشتییە هەر چەشنە ئومێدێک دەبێ لە خزمەت سوڵتەی وەها ئێلاهیاتێک بێ. پڕۆژەی سیاسی ڕێژیم ئامادە نابێ بە ئاقاری بەرهەمهێنانی ئومێد دا بڕوا بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئومێدی خستە خزمەت سیاسەت. ڕێژیم ئومێدی چاکسازی لە سندووقێکدا ڕاگرتووە بە ناوی دەوڵەت. کاتێ بەدوای هەڵبژاردنەکاندا دەرگای ئەم سندووقە بەسەر خەڵکدا دەکرێتەوە، بە تەنیا هەر ئازار، ئیختلاس، هەژاری، بێکاری، درۆ، نائەمنیی کۆمەڵایەتی، ئیعدام، زیندان و سانسۆر بە شەقامی گشتی ئێراندا بڵاو دەبێتەوە و کاتێ نۆرە دەگا بە ئومێد، دەرگای سندوقەکە دادەخاتەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە و دەوڵەتێکی دیکە. ئومێد لەم دۆخە سیاسییەدا تەنیا هەر لە خانەی پێناسەی عاتفیدا شرۆڤە هەڵدەگرێ و بەداخەوە چاکسازیخوازان ئامادە نابن لە تەفسیری دراماتیکی ئومێد تێپەڕن و بەرەو تەفسیرێکی تراژدیک هەنگاو بێنن. ڕەنگە نیچە لە سەردەمی خۆیدا گرفتاری وەها تەفسیرێکی دراماتیک بووبێ کە بەم چەشنە نکۆڵی لە ئومێد کرد.



# ڕەوت و قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## (٢-١)



کاوان محەمەدپوور

**پێشەکی**

بێگومان یەکێک لە دژوارترین تەوەرەکانی ئەدەبیاتی کوردی، باسکردن لە ئەدەبی گێڕانەوەیی یا هەمان «ئەدەبیاتی داستانی مۆدێرنە». ئەم دژوارییە بەتایبەت لە نێو ئەدەبیاتی داستانی کوردستانی ئێران زیاتر زەق دەبێتەوە. ڕەنگە هۆی ئەم دژوارییەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەداخەوە تا ئەمڕۆکە کتێب یان توێژینەوەیەکی شیاومان لەسەر ئەم بەشەی ئەدەبیات نەبووە و تەنانەت مێژووی ئاسایی ئەم ڕەوتە ئەدەبییەش واتە ئەدەبی داستانی مۆدێرن پێناسە نەکراوە. دووهەم؛ لە ساڵانی پێشوودا بەشێک لە کتێبە داستانییەکانی نوسەرانی ڕۆژهەڵات، لەو باشووری کوردستان چاپ دەبوون و زۆر بە دەگمەن بەدەستی خوێنەری نێو ئێران دەگەیشتن. هەر بۆیە بەشێک لەو کتێبانە ئێستاکەش لەنێو خەڵک نەناسراون. سێهەم، گوتاری زاڵی ڕۆشنبیری کوردی بە گشتی و بەتایبەت ئەدەبیاتی کوردی هەمیشە گوتارێکی «شێعری» بووە، ئەم گوتارە دەرفەتی خۆدەرخستنی بە «نەسر» و بەتایبەت ئەدەبی داستانی نەداوە، دیارە گوتاری زاڵ هەمیشە بێ ئەوەی بە شێوەی ئاسایی هەستی پێبکرێ، خۆی مانا و ڕەوتی فیکری بە شێوەی هێژمۆنی لەسەر نوسەر و خوێنەرەکانی دەسەپێنێ، ئەوەی کە ئەم گوتارە لە مێژووی ئەدەبی کورددا بوونی هەیە جێگەی ڕەخنە نیە، بەڵام نەبوونی هیچ دیالەکتیکێک لە گوتارگەلی جیاواز و بەردەوامبوونی گوتاری شێعری لە گشت ئاستە ڕۆشنبیرییەکانی کورد خۆی لە خۆیدا جێگەی ڕامان و سەرنجی تایبەتە. لە لایەکی دیکەوە خۆی بەگوتاربوونی چەمکێکی تایبەت هەرگیز بەومانایە نیە کە تەنیا و تەنیا ئەو چەمکە بوونی هەیە. بەڵکوو بەو واتایەیە کە سیستەمی گشتی لە ژێر کاریگەریی ئەم چەمکە دایە.

بەڵام لەمەڕ ئەدەبی داستانی مۆدێرن لە کوردستانی ئێران، ئەتوانین لە چەند ڕوانگەوە پێناسەیەک بۆ پۆلێنکردنی ئەم ڕەوتە بکەین، وەکوو باس کردن لە شێوەی بەکارهێنانی تەکنیکگەلی گێڕانەوە و پەرژانەسەر زانستی گێڕانەوەناسیی، یان باسێک لە سەر نیشانەناسیی گێڕانەوەیی و هێنانەئارای بابەتی مۆدێلی گێڕانەوە و پلۆت (گەڵاڵە)، بێگومان ئەم پێناسانە زۆرن و بەپێی مێتۆد و قوتابخانەی زانستی جیاوازن. بەڵام من لەو وتارەدا، بەکورتی لە ڕوانگەی "کۆمەڵناسیی ئەدبی"یەوە و بە گریمانەی (لوسین گۆڵدمەن) (سێ قۆناغ بۆ چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە دەکەم. دیارە گۆڵدمەن وەکوو مارکسیستێک، ئەدەبیات لەمەڕ شێوەی هەڵسوکەوت و کاریگەریەکانی کاپیتالیزم ئەخوێنێتەوە، لە گریمانەی گۆڵدمەن خاڵی بەرچاو شوناس و کەسیەتی (کاراکتەر)ە. هەڵبەت بەر لەوەی باسی ئەم سێ قۆناغە بکەم، دەبێ ئاماژەیەک بەوە بدەم کە گریمانەکەی گۆڵدمەن بەشێوەی ڕێک و بێ دەستکاری ئەم مێژوویە پێناسە ناکا. ئەمەش کێشەیەکە کە گشت ڕوانگە و گریمانەی زانستی مرۆیی ڕۆژئاوایی بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی_ڕۆژهەڵاتی جیهان_ دەگرێتەوە ئەم تەوەرە، باسێکی درێژخایەنە لەسەر فەلسفەی مێتۆد(Philosophical methodology) و فەلسەفەی گریمانەیی(Theoretical philosophy)زانست، کە دێتە سەر ئەو گرفتە کە گشت گریمانەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوا پاڵپشتی مێژوویی لەسەر ڕەوتی ئەدەبیی خۆیانەوە هەیە، واتە ئەگەر فلانە بیرمەند گریمانەیەک دەردەبڕێ جیا لە پاڵپشتی زانستی و فەلسەفی، پاڵپشتێکی دیکەی هەیە کە لەسەر مێژووی ئەدەبی و ئەزموونەکانی ئەدەبی خۆیانەوە زەق دەبێتەوە. ئێمەش ڕەنگە بتوانین بەتایبەت لە مۆدێلی گێڕانەوەدا و چۆنیەتی نواندنی پلۆت و چۆنیەتیی فەزاسازی و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گێڕانەوە وەها گریمانەیەک تایبەت بە خۆمان پێک بێنین، هەڵبەت کارێکی زۆر ئەستەمە و پێویستیی بە ئارشیڤسازی و مێژوونوسینەوە هەیە و دەبێ چەندین توێژەر و ئاکادێمیای لە پشت بێ.

بەگشتی دەتوانین ڕەوتی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە سێ قۆناغ دابەش بکەین، هەڵبەت ئەگەر زیاتر ورد ببینەوە، ئەم قۆناغانە _بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا -هەرکامە بۆخۆیان بە چەند بەش پۆلێن دەکرێن، نابێت لەیادمان بچێ کە چیرۆک پرۆژەیەکی ناتەواوە و لە هەر سەردەمانێک خۆی بە شێوەیەک بەرهەم دێنێ، بۆیە لەم پۆلێنکردنەدا لەگەڵ چیرۆک و ڕۆمانگەلێک بەرەوڕوو دەبینەوە کە ڕەنگە بەپێی ساڵی نوسینیان لە ڕیزی دەستە و قۆناغی دووەم یان سێیەمدا بن، بەڵام لەڕووی پێکهاتەی گێڕانەوەیی و زمان و نێوەرۆکی چیرۆک، بکەونەوە قۆناغی پێش، یان دوای خۆی.

**قۆناغی یەکەم: ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی**

لوسین گۆڵدمەن بۆ ئەدەبی ڕۆژئاوا-هەڵبەت تا سەردەمانی خۆی- سێ قۆناغ پێناسە دەکا. گشت ئەم سێ قۆناغە لەمەڕ چەمکەکانی کاپیتالیزم و هەڵسووکەوتی ئابووری ئەو و کاریگەریی ئابووری سیستەمی سەرمایەداری لەسەر مێشکی مرۆڤ دەگرێتەوە. گۆڵدمەن پێی وایە سەردەمی یەکەمی سەرمایەداری، ئابوورییەک پێک دێنێ کە مرۆڤ بۆ لای تاکەکەسی و (فەردییەت) ئەبا. شێوەی خۆجێی ئابووری و ئابووریی ئازاد، کاریگەریی حکوومەت کەمڕەنگ دەکاتەوە و ئیتر مرۆڤ خۆی وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت ئابووری بەرەوڕوو دەبێتەوە. وەها چەشنێک لە کارکردی سەرمایەداری، مرۆڤێک پێک دێنێ کە هەست دەکا ئیتر تەنیا و تەنیا خۆیەتی و دەبێت خۆی خۆی ڕزگار بکا، واتە هیچ خوایەک و هیچ حکوومەتێک نیە کە ڕزگاری بکا. بۆیە کاراکتێرێک کە لە ئەدەبیات بەرهەم دێ، کەسایەتییەکە بە کێشەگەلی تاکەکەسی و ئەم کێشانەش گشتیان لە نێو کۆمەڵگادا دەبینێتەوە و لە هەوڵی وڵام دانەوە یان چارەسەریان دێت. لێرەدایە کە بە پێناسەی گۆڵدمەن، «مرۆڤی خاوەن کێشە«خۆ دەنوێنێ. مرۆڤێک کە کێشەی هەیە و لە حەولی چارەیەک بۆ کێشەکانییەتی. گۆڵدمەن دەڵێ: «ئەم کاراکتێرە/مرۆڤە، دەستپێکی ژانرێکی مۆدێرن بە ناوی ڕۆمانە». فەزای وەها چیرۆکێک، چەشنێکە لە ڕیالیسمی کۆمەڵایەتی. لە ئەدەبی جیهانیدا ڕۆمانەکانی باڵزاک و تۆلۆستۆی و لەم خانەیەدا جێ دەگرن.

بەم پێیە، قۆناغی یەکەمی چیرۆکی کوردی لە ئێران لە ساڵی ١٩٤٢ تاوەکوو ساڵی ١٩٩٣ دەگرێتەوە، واتە قۆناغی دامەزراندن. جێگەی ئاماژەیە کە لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا، ڕۆمان پێش کورتە چیرۆک سەرهەڵ دەدا، بەڵام لە مێژووی ئەدەبی کوردی _لە گشت ناوچەکانی_ ئەم ڕەوتە بەپێچەوانەیە. هۆی بە پێچەوانەبوونی ڕەنگە لایەنی زۆر بگرێتەوە کە لەم وتارەدا دەرفەتی باسکردنی نییە.

قۆناغی یەکەمی چیرۆکی ڕۆژهەڵات بە نوسینی کورتە چیرۆکی (پێکەنینی گەدا)ی حەسەن قزڵجی دەست پێ دەکا. لەم قۆناغەدا کەمترین چیرۆکی کوردی تێدا دەنووسرێ. لە پاش نوسینی (پێکەنینی گەدا) و بڵاوبوونەوەی لە یەکێک لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە ئیتر تا ساڵی ١٩٨٠ هیچ چیرۆک و ڕۆمانی بڵاوکراوەمان نیە. هەڵبەت لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، ڕەحیم قازی لە دەرەوەی وڵات یەکەمین ڕۆمانی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی (پێشمەرگە) دەنووسێ و ١٩٦١ی زایینی بڵاوی دەکاتەوە، ئیتر جیاواز لەم دوو کارە، هیچ کارێکمان نیە و بێدەنگییەکی سارد و سڕ بەسەر فەزای چیرۆکی کوردیدا سێبەر دەکێشێ. ئەم بێدەنگییە لە ساڵی (١٩٨٠) بە نوسینی کۆمەڵە چیرۆکی (ئاشەوان)ی مستەفا ئیلخانیزادە و دواتر نۆڤێلێتی تەنزی (باقەبێن)ی ئەحمەد قازی لە ساڵی (١٩٨١) و، (بووکی گۆڕستانی کۆن)ی مەلا کەریم ڕاوچی لە ساڵی (١٩٨٩) دەشکێ، بەڵام هیچ یەک لەم چیرۆکانە ئەوەندە ئاستی پێکهاتەی داستانی و گێڕانەوەیان لەسەرێ نیە کە وەکوو دەقێکی شیاوی چیرۆک چاو لێ بکرێن و کەموکوڕیی بنەڕەتیان تێدایە، واتە هیچکام لەو سێ کارە نەیانتوانی لێهاتوویی حەسەن قزڵجی لە گێڕانەوەدا بقۆزنەوە سەر چیرۆکی خۆیان و لانیکەم بتوانن لە ئەزموونی قزڵجی، یان تەنانەت ڕەحیم قازی بەهرە وەربگرن. هەر لە قۆناغی یەکەمدا بەشێکمان هەیە کە وا باشە ناوی بنێینە بەشی دووەمی قۆناغی یەکەم، ئەویش لەبەر بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی «هاوارەبەرە»ی فەتاح ئەمیرییە لە ساڵی (١٩٩١ی زایینی). ئەم ڕۆمانە بە بەراوردی سێ کاری پێشوو پێکهاتەی داستانیی شیاوتری هەیە و هۆمێدمان پێ دەدا کە توانستەکانی چیرۆکی خۆمان دەربخەین. فەتاح ئەمیری دواتر لە ساڵی (١٩٩٣ی زایینی) ڕۆمانی (میرزا) لە درێژەی هاوارەبەرەدا دەنووسێ. دەتوانین تەواوبوونی ئەم قۆناغە






بە نوسینی ئەم ڕۆمانە ناوزەد بکەین.

قۆناغی یەکەم لەڕووی پێکهاتەی گێڕانەوەوە، پێکهاتێکی هێڵی و یەک ڕەهەندی هەیە، کاراکتێرەکانی، کەسایەتیی ساکارن و نوسەر هەوڵی دەروونناسانەی بۆ پێکهێنانی کەسایەتی نیە و زیاترین نێوەرۆکی چیرۆک، ڕەخنە لە کۆمەڵگەی نەخوێندەوار و فیئۆدالیزم و دەربەگایەتیی کوردستانە. بەگشتی ئەم قۆناغەی لەژێر چەمکی (ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی) دەتوانین پێناسەی بکەین. تەنانەت سووژەی چیرۆکی ئەو سەردەمانە هەر سووژەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی بوو و کەسەکان و ڕووداوەکان زۆر جار کەس و ڕووداوی ڕاستەکی بوون. کاراکتێر، کەسیەتێکی خاوەن کێشەیە کە لە حەولی چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگە دایە و خۆ وەکوو ڕەخنەگرێک لەمەڕ ژیانی واقیع پێناسە دەکا. وەک ئەوەی ئاماژەمان دا، لەم قۆناغەدا جیاواز لە (پێکەنینی گەدا) و ڕۆمانی (پێشمەرگە)، تەنیا کاری بەرچاو لەڕووی پێکهاتەی چیرۆک دوو ڕۆمانی فەتاح ئەمیرییە کە کاریگەریی ڕۆمانەکانی (مەحموود دەوڵەتئابادی)، بەتایبەت ڕۆمانی (کەلیدەر) و (جێگای بەتاڵی سلووچ)یان بەسەرەوە دیارە. ئەم قۆناغە ئەگەرچی لە پێکهاتەی داستاندا بەهێز نیە، بەڵام لەڕووی داڕشتن و زمانی کوردییەوە شتێکی بێ وێنەیە، واتە گشت چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە کوردیزانێکی لێهاتوو بوون و زمانی کوردییان بە جوانترین شێوە لە کارەکانیاندا نواندووە.

* لە فەیسبووکی نووسەر وەرگیراوە

# زمانی زگماگی

نووسەر: ئالفۆنس دوودە
وەرگێڕ: حسێن گوڵۆڵانی



وەرزی باران و حەقەپەڵەی پاییز بوو، بە چزووی سەرما گەڵای دارەکان وشک دەبوون و، دەوەرینە سەر زەوی. باڵندەکان پۆل پۆل لە ئاسمان باڵیان لێ دەدا و کۆچیان دەکرد. ئەمڕۆ دیسان وەکوو جاران درەنگ گەیشتبوومە قوتابخانە، قوتابخانە بێدەنگ و مەنگ بوو. بە ترس و لەرزەوە چوومە پۆلەکەمان و، ئیزنم خواست. مامۆستاکەمان لە کاتێکدا خەتکێشێکی پانی بە دەستەوە بوو، تەماشای سەر تا پێمی کرد و بە بەزەییەوە گوتی: «بڕۆ دانیشە، دیسان درەنگ هاتی».

لە کاتێکدا هەموو منداڵەکان سەریان بۆ لای من وەرگێڕابوو، بە شەرمەوە چووم و لە سەر جێگای خۆم دانیشتم. سەر و سەکتی قوتابخانە تەواو گۆڕابوو، خەڵکی نێودێ، وەکوو شاگردەکان، لە سەر کورسییە بەتاڵەکانی خوار قوتابخانە و، لە سەر عەرزی دانیشتبوون، تەنانەت پیرترین وەرزێری نێودێ و نامەبەرەکەش هاتبوون. من کە سەرم سووڕ مابوو، چاوم بە مۆلەق وێستا بوو، سەیری دەور و بەرمم کرد، منداڵان هەموو بێدەنگ بوون و، کەس قسەی نەدەکرد. لەو کاتەدا مامۆستا چووە پشت کورسییەکەی و کوتی: «منداڵاینە، ئەمڕۆ دوایین ڕۆژی قوتابخانەیە، بە دەستووری کە لەلایەن ستادی ئەرتەشی ئاڵمان بە ئێمە گەیشتووە، دەبێ لە سبەینێ ڕا بە جێی زمانی زگماگیی خۆمان، زمانی ئاڵمانی فێر بن و، بۆ ئەو مەبەستە سبەینێ مامۆستایەکی دیکەتان بە جێی من بۆ دێ».

ئەو قسانە و نێوچاوانی مۆنی مامۆستا، منی ڕاتڵەکاند و زانیم، کە هۆی ئەم کۆبوونەوەیە چیە. بەڵێ... ئەوانە، هاتبوون تاکوو لەگەڵ مامۆستای گوندەکەمان ماڵئاوایی بکەن. ئەمن کە هەموو جارێک، لە ڕێزمانی زگماگیی خۆم تەمبەڵ بووم، ئەمجارەیان بە ڕۆیشتنی ئەو دەبوا لە بیر خۆمی بەرمەوە. ئاخ کە چەندە دڵم کورکی ئەو ساتانە بوو کە بە جێی قوتابخانە و چوونە سەر پۆل خلیسکێنم دەکرد و... بریا دیسان دەگەڕانەوە. چاوم لە کتێبەکانم بڕیبوو، ئەو کتێبانەی کە لەوە پێش لێیان بێزار بووم، بەڵام ئێستاکە بوونەتە دۆستانی قەدیمی، ئەرێ لێم سوورە لە دووریی ئەو کتێبانە عەزابی ویژدان دەبینم. لە فیکر و هزردا نوقم ببووم کە لە پڕ بانگیان کردم، نۆبەی ئەمن بوو تاکوو بۆ دوایین جار وانەکەم لێ بپرسنەوە، بەڵام هیچم لە وانەی پێشوو لە بیر نەمابوو، لەو کاتەدا حازر بووم هەرچی هەمە بیدەم تاکوو ناوی بکەر بە جوانی پێناسە کەم، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە جارێک لە هۆشم چوو و هەر وا بێدەنگ مامەوە. مامۆستا بە دەنگێکی بە سۆزەوە گوتی: «کوڕم، تەمبێت ناکەم، تۆم زۆر تەمبێ کردوە، هەر ڕۆژێک کە لە تەمەنمان دەڕوا، بە خۆمان دەڵێین: جارێ زۆرمان ماوە و سبەینێ خەریکی وانەکانمان دەبین. بەڵام دیتتان کە بە سبەینێ ناتوانین باوەڕ بکەین». مامۆستا چاوێکی بە دەور و بەری قوتابخانەدا خشاند، دەتگوت نایهەوێ تەنانەت لە دیوارەکانی قوتابخانە، کە دڵی پێ بەستووە جیا بێتەوە. ئەو دیسان ڕووی کردە من و بە سۆزەوە پێی گوتم: «بڕۆ ڕۆڵە دانیشە». چوومەوە سەر جێی خۆم و ئەویش کەمێک لە زمانی زگماگی دوا، لەوەی کە هەر چی دەیگوت لێی حاڵی بووین، سەرم سوڕ مابوو. قەدرم نەزانیبوو، پەشیمان بووم. بێدەنگییەک هەر هەموو قوتابخانەی داگرتبوو، هەموو خەریکی نووسین بوون، بێجگە لە دەنگی خزینی پێنووس لە سەر لاپەڕەی تێنووس، دەنگێکی دی نەدەهات. چەند مێش و زەردەواڵەیەک لە کەلێنی چڕژاو و شکاوی پەنجێرەکەوە هاتبوونە ژوورێ، بەڵام بێجگە لە من کەس سەرنجی نەدانێ، هەموو تامەزرۆیانە خەریکی نووسینی دوایین سەرمەشق بوون کە مامۆستا بۆی دادابووین. لە سەربانی شیروانیی قوتابخانە، کۆترەکان گمەگمیان بوو، لە دڵە خۆمدا گوتم: دەبێ لەوە بەولاوە کۆترەکانیش زمانی داگیرکەران بخوێنن!؟ جار نا جارێک سەرم لە سەر کاغەز هەڵدێنا و سەیری مامۆستام دەکرد کە لە سەر کورسییەکەی جووڵەی لە خۆی بڕیوە و لە شتەکانی دەوروبەری دەڕوانێ، دەتگوت دەیهەوێ پێش ڕۆیشتن هەموو شتێک لە خەزێنەی بیرەوەریدا بە یاد بسپێرێ. دوا وانەی ئەمڕۆژەمان وانەی مێژوو بوو. دوایەش قوتابییە بچکۆلەکان، پێکەوە و بە دەنگی بڵیند، پیتەکانی ئەلف و بێیان بەخش دەکرد و دەبژارد. وەرزێرە پیرەکەی ناودێش لە کاتێکدا چاویلکە بن ئیستیکان و گەورەکانی لێ دابوو، لەگەڵ منداڵان پیتەکانی ئەلف و بێی دووپات دەکردنەوە و دەنگی لە بۆ لەدەستدانی زمانی زگماگی لە هەیبەتا دەلەرزی و، ئێمەی کرچ و کاڵ و تینەگەیشتووش، بە دەنگی لەرزۆک و دڵپڕی ئەو، گریان و پێکەنینمان تێکەڵ ببوو. لە پڕ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەهۆڵیان کوتا و دەنگی شەیپووری سەربازەکانی ئاڵمانی و کرپە کرپ و سیڕەی چەکمەکانیان، لە ژێر دەرکەی قوتابخانە هاتە گوێمان، مامۆستا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و هەستا سەر پێ، هیچ کاتێک ئەوم ئاوا سیس و خەمبار نەدیبوو، ئەو بە سۆزەوە گوتی: «ئازیزەکانم... ئەمن... من...» شتێک ئازاری دەدا، چونکوو نەیتوانی قسەکانی تەواو بکا. لە حاڵێکدا چۆکی دەنووشتانەوە، بەرەو تەختە ڕەشەی قوتابخانە چوو، لەتە گەچێکی بە دەستەوە گرت و بە هەموو هێزییەوە و بە پیتێکی قەڵەو نووسیی: «هەر بمێنێ سەربەخۆیی و ئازادی». لە ڕوومەتی چرژاوی فرمێسک هاتە خوارێ و بە ئاماژەی دەستی تێیگەیاندین کە، دەرس و وانە تەواو بوو ... بڕۆن، بڕۆن، بڕۆن.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 726 21 may 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران و گەمەی دۆڕاو




عەلی لەیلاخ


«شۆڕشی ئیسلامیی ئێران» یەکێک لە پێناسەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها باڵی نیزامی و عەقیدەتییەکەیەتی؛ بۆ نموونە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و لق وپۆپەکانی کە بە هێزێکی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵات پێناسەی بۆ کراوە.

هەر ئەو پێناسە و بانگەشەکردنە لە پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش لە لایەن ئیسلامگەراکانەوە بڵاو کرایەوە و لە زاری کەسانێک وەکوو «عەلی شەریعەتی» و «مورتەزا موتەهەری» تیوریزە کرا و، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر سێکوچکەی: حکوومەتی ئیسلامی( شیعەگەری)، ئێرانی ئیسلامی و هەناردە کردنی شۆرش ئیسلامی بۆ دەرەوە دامەزرا. یەکەم بەرپەرچدانەوەی ڕوانگەکانی ئەو ڕێژیمە نوێیە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی پەلاماری عێراق به نێڵدانی وڵاتانی ناوچە بوو که لە دروشمەکانی کۆماری ئیسلامی توقیبوون. ئەو شەڕە ٨ ساڵی خایاند و خەسار و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی و دەروونیی بە خەڵکی ئێران گەیاند.

دژایەتی لەگەڵ وڵاتی «ئیسرائیل»یش یەکێکی دی لە بنەما هەرە گرینگەکانی کۆماری ئیسلامییە و دەکرێ بڵێین خاڵی هاوبەشی سەرجەم ڕێبەرانی ئەو سیستەمەیە و وەکوو خاڵێکی جەوهەری لە سیاسەت و ڕوانگەکانی بەرپرسانی نیزامدا دەور دەبینێ.

ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران بە ڕاشکاوی دەڵێ: ستراتیژیی ئێمە پشتیوانیکردن لە خەڵکی چەوساوەی فەلەستین و دژایەتیی ڕێژیمی «سەهیونیزمی»یە.

دوای چوار دەیە هەزینەکردن و بانگەشەکردن بۆ ئەو دژایەتییە و هەوڵدان بۆ جێخستنی ئەو ستراتێژییە وەکوو خاڵێکی نەگۆڕ لە پێکهاتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئاکامەکەی بوو بەوە کە لە دوو حەوتووی ڕابردوودا دەیان میلیارد دۆلار تێچووی ماددیی لەسەر دەستی خەڵکی ئێران و دەوڵەتی ئێران دانا، ئەوەش هێرشی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و پایگاکانی سپای قوودسی کۆماری ئیسلامی لە خاکی سووریە بوو.

ململانێی ئێران و ئیسرائیل بە جۆرێک بۆ مانەوە و مەشرووعیەتی هەر دوو وڵات قازانجی هەبووە و بەتایبەتی ئیسرائیل لەم بارەوە دەسکەوتی زیاتری بووە. نموونەش تۆمارکردنی ڕووداوی مێژوویی هۆلۆکاست لە ئاستی نێونەتەوەییدا، کە هەڵەشەیی و شەڕە ڕاگەیاندن و هەڕەشەکانی ئەحمەدینەژاد خێرایی بەو پرسە بەخشی هەتا ئیسرائیل بە بەڵگەیەکی دیکەوە بە ڕەواییبوون و مافخوراوی نەتەوەی جوولەکە پشتی قایمتر بێ.

ئەوەی گرینگە ئەو ناکۆکی و شەڕ بەیەکدی فرۆشتنە شەڕی خەڵک یان شەڕێک بە بەگراوەندی مێژوویی نیە، بەڵکوو باڵی توندڕەوەی هەردوو وڵات بەتایبەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دەربازبوون لە قەیرانە نیوخۆییەکان و مەشرووعیەت پێدان بە پیلان و سیاسەتەکانی خۆیان بەتایبەتی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، هەموو کات کەلکی لە دژایەتیکردنی ئیسرائیل و بە دوژمن زانینی وەرگرتوە.

هۆکارەکانی دانپێدانەنانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە وڵاتی ئیسرائیل دەتوانین ئاوا باس بکەین: سیاسەتی «توهم توطئە» کە کۆماری ئیسلامی چوار دەیەیە خەڵکی خۆی بەوە سەرقاڵ کردوە کە ئەو سیستەمە هەڕەشەی لەسەرە و، ئیسرائیل و ئامریکا و وڵاتانی هاوپەیمانیان لە هەوڵی لە نێوبردنی کۆماری ئیسلامیدان و دەبێ دژایەتییان بکرێ. ئەمە لایەکی ئەو دژایەتییەیە و لایەکی دیکەی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی وەکوو زۆربەی شۆڕشەکان یەکەم کاری دەبێ دژ بە بنەما و سیاسەت و ڕوانگەکانی نیزامی پێشووتر بۆەستێ و، بە تەواویەتی بیانگۆڕێ. هەر بۆیە دژ بە سیستەمی پێشوو لە یەکەم قسە و لێدوانی ڕێبەران و دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا وەکوو ئاغای خومەینی دروشمی لەنێوبردنی ئیسرائیل بەرزکرایەوە؛ چونکە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی دامەزراو لەسەر ناسیونالیزمی فارس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لە نێوان دوو نەتەوەی فارس و جوولەکەدا پێوەندیی مێژوویی باش هەبووە.

بە پێی ئەو بۆچوونە ئاساییە کۆماری ئیسلامی بە دژی نیزامی سیاسیی پێشوو دروشمی شەڕ و لە نێوبردنی ئیسرائیل بکاتە ستراتێژیی خۆی و لە چەند لاوە قازانجی لێ وەرگرێ:

یەکەم؛ بە داگیرکەر زانینی ئیسرائیل و حاشاکردن لە مەشرووعیەتی ئەو وڵاتە وەکوو سەرپۆشێک بۆ سەرەرۆییەکانی خۆی و ڕەوایدان بە دەستێوەردانەکانی لە کاروباری وڵاتانی ناوچە کەلک وەرگرێ.

دوویەم؛ هاوبەشبوونی ئەو ڕوانینە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەتایبەتی وەکوو ئامرازێکە بە دەستی باڵی بناژۆخواز بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ هەرچەشنە ڕێفۆرم و جیابیرییەکی سیاسی کە لەم دواییانە لە زاری کەسانی دەمڕاستی نیزامیش گوێبیستی بووین کە دەڵێن: ڕەساڵەتی لە نێوبردنی ئیسرائیل بۆ لە ئەستۆی ئێمە (خەڵکی ئێران)یە؟ لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا هاتووە؟ پەسندکراوی مەجلیسە یان خەڵکی فەلەستین و وڵاتانی عەرەبی لێیان ویستووین؟

ئەم هەڵوێست گرتنە لە نێوخۆی ڕێژیمدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر کاتی خۆی خومەینی گوتی «ئەگەر وڵاتانی موسڵمان هەرکامە و مەنجەڵ و دۆلکەئاوێک بڕێژن، ئیسرائیل ئاو دەیبا»؛ ئەم قسەیەی خوینی چوار دەیە خاڵی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی گرتەوە، بەڵام نەتەنیا ئەوە ڕووی نەدا بەڵکوو ئیسرائیل بوو بە یەکێک لە بەهێزترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەر وەها وڵاتانی عەرەبی و موسڵمانیش پێوەندیی سیاسییان لەگەڵ گەرموگوڕتر کرد و تەنانەت خەڵکی فەلەستینیش بە پێکەوە ژیان لەگەڵ جوولەکان و دەوڵەتی ئیسرائیل قەناعەتیان هێنا و دەتوانین بڵێن کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین شکستێکی گەورەی سیاسی و ستراتێژیکی خوارد. بەتایبەتی کاتێک کە نوێنەری ئەو وڵاتە ڕوو بە بەرپرسانی ئێران گوتی: کۆماری ئیسلامی با واز لە ئێمە بهێنێ و خەڵکی فەلەستین بۆخۆیان بڕیاردەر بن.

بە ئاوردانەوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بنیاتنراو لە سەر دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ زلهێزانێک وەکوو ئامریکا و ئیسرائیل، ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین هەرەسهێنانی ئەو سیاسەتە و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ کورتکردنی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەیە.

بە نیسبەت ئیسرائیلیش خەڵکی ئێران یەکەم زەرەرمەند و خەسار لێکەوتووی ئەو دژایەتییەن، چونکە ئیسرائیل نە هاوسنووری ئێرانە و نە کێشەیەکی قووڵی مێژوویی هەیە لە نێوانیاندا و، نە ئێرانیش دەتوانێ بەناوی ئیسلامەوە وڵاتانی دیکەی ناوچە بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ ئیسرائیل لەگەڵ خۆی ڕێک بخا و ڕۆژبەڕۆژ لەم ململانێیەدا تەنیا دەمێنێتەوە.

تەریک مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەو گەمە سیاسییەدا لە سووریەش و لە داهاتووش لە عێراقدا دەبیندرێ، ئەمەش هۆکاری دەرەکی و نێوخۆیی هەیە. شەکەتبوونی خەڵکی ئێران لە پرۆپاگەندە و شکستخواردنی سیاسەتی دوژمن تەوەریی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت زلهێزان و هەروەها هاتنە ئارای بەرەیەکی نێودەوڵەتی بە دژی دەستێوردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆی ئەمە یانێ دۆڕاندنی گەمەیەکی سیاسی و ستراتێژیک لە ئاستی ناوچە و جیهاندا.

# نازناوی باشترین گۆڵکاری ئاسیا بە سارا شێربیگی درا



سارا شێربیگی، کچە کوردی یاریزانی تیمی میللیی فوتساڵی ژنانی ئێران نازناوی باشترین گۆڵکاری ئاسیای وەدەست هێنا.

سارا بە لێدانی ٩ گۆڵ وەک باشترین یاریزانی فوتساڵی ژنانی ئاسیا خەڵاتی وەرگرت. تیمی میللیی فوتساڵی ئێران ئەوە دووهەمین ساڵە لەسەر یەک قارەمانەتیی ئاسیا وەدەست دێنێ. سارا شێربیگی دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە لایەن وەرزشکاران، خەڵک و وەرزشدۆستانی کرماشانەوە لە فڕۆکەخانە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

ئەو پێشوازییە بەشی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئێران ژنانی بۆ چالاکیی وەرزشی بەربەست وکۆسپیان لەسەر ڕێیە، بەڵام زۆرێک لە کچان و ژنان بە ڕچەشکێنیەوە توانیویانە سەرکەوتن وەدەست بهێنن کە سارا یەک لەوانە.

# کۆچی دوایی دوو هونەرمەندی فۆلکلۆری کوردی لە مەهاباد و لەیلاخ






حوسێن ئەسڵانی ناسراو بە حوسێن گەناوی، دوای تەمەنێک خزمەت بە فۆلکلۆر و گۆرانی کوردی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ بە هۆی نەخۆشیەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

حوسێن گەناوی لە ڕیزی ئەو هونەرمەندانەدا بوو کە هەم شایی و ئاهەنگ گێڕانی خەڵکی دەڕازاندەوە، هەم بە وتنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆریکەکان، بە مانەوەو و زێندوو ڕاگرتنی میلوودی و بەیت و گۆرانییە کۆنەکان خزمەتی کرد.

ڕۆژی دووشەممە ١٧ی بانەمەڕیش حەسەن مستەفاپوور ناسراو بە «حەسەن توورزەلە» دوای ماوەیەک نەخۆشی لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد. ئەو هونەرمەندە لەگەڵ هونەرمەندانێک وەک حەسەن زیرەک، محەممەدی ماملێ، مەلا حوسێن، برایمی قادری و کاری هونەری کردووە و توورزەلەی بۆ لێ داون.

ناوبراو خاوەن چەندین دیپلۆمی ئیفتخار بووە و لە کۆتاییدا پلەی ئوستادی و دکتۆرای ئیفتخاریی پێ بەخشراوە.

# ژیار کیتابی میداڵەکەی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی



ژیار کتابی، ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەرزشکاری سەرکەوتوو لە بواری «کۆنگفۆ

وشوو» کە خاوەنی پلەی جیهانییە، نوێترین میداڵی سەرکەوتنی خۆی کە لە کێبرکێیەکی نێودەوڵەتی لە وڵاتی بلژیکدا بە دەستی هێناوە، پێشکەش بە خوڕاگریی خەڵکی بانە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد. ژیار کیتابی لە کێبرکێی «پاڵەوانی ئورووپا» کە بە بەشداریی ١٢ تیم و لە وڵاتی بلژیکدا بەڕێوەچوو، وەک ئەندامی تیمی میللی بلژیک بەشداری کرد و توانی لە کێشی ٧٥ کیلۆدا پلەی دوویەم و میداڵی زیوی کێبرکێیەکە وەدەست بێنێ.

ژیار کتابی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند وەکوو لاوێکی دێموکرات، لە خزمەتی حیزبەکەم و خەڵکی ڕۆژهەڵات دام و ئەو میداڵەم بە شێوەی سیمبۆلێک پێشکەش دەکەم بە خۆڕاگریی خەڵکی بانە و شارەکانی دیکە کوردستان کە دژی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراجۆر لە خەبات دان.

ناوبراو پێشتریش و دوای کردەوە تیرۆریستیەکەی شەوی یەڵدا، کە پۆلێک پێشمەرگەی حیزب شەهید کران، لە هەڵوێستێکی کوردانە و بوێرانەدا، تازەترین میداڵیی وەرزشیی خۆی وەک هاوخەمییەک پێشکەشی بنەماڵەی قوربانیانی شەوی یەڵدای کرد.

# پەردەلادان لە کتێبی کۆمەڵە شێعری بێبەش لە مەهاباد



لە مەهاباد ڕێورەسمی پەردەلادان لە سەر کتێبی کۆمەڵە شێعری بێبەش، بەرهەمی مەحمود حاجی قادری بەڕێوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی بەشێک لە شاعیران و ئەدیبان و لایەنگرانی فەرهەنگ و هونەر بەڕێوەچوو، چەند کەسایەتییەکی ئەدەبی و ڕەخنەگر لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەسەر ئەو بەرهەمە بۆ بەشداران دوان.

هەر لەو ڕێورەسمەدا چەند شاعیرێکی بەشداری کۆڕەوە، وەک قاسم موئیدزادە ناسراو بە هەڵۆ و ڕەسوڵ کەریمی ناسراو بە سوتاو، چەند شێعرێکیان خوێندەوە و پاشان شاعیر مەحمود حاجی قادر خاوەنی ئەم کتێبە شێعرییە چەند شێعرێکی خۆی پیشکەش بە ئامادەبووان کرد و دواتر لە لایەن چەند شاعیر و ئەدیبێکەوە پەردە لەسەر کتێبەکە لادرا.

# گەنجینەی حەیدەرینامە




گەنجینەی ڕێزلێنانی حەیدەرینامە لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری چاپ و بڵاو کرایەوە. نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا کە لە چوار بەرگ و ١٩٢٨ لاپەڕەدا چاپ بووە، دەڵێ: هیوادارم ئەو بەرهەمەشم لە دەرگەیەکی گەورەترەوە خزمەتی وشە و وێژەی کوردی و مێژووی شکۆداری کوردایەتی بکا.

مومتاز حەیدەری لە حەیدەرینامەدا ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند لە بەشێک لە نووسینەکانی خۆی و بابەتەکانی پێوەندیدار بە بنەماڵەی گەورەی حەیدەریی کۆ کردوونەوە و بە چاپی گەیاندوون. ئەم گەنجینە ئەدەبییە پێشکێش بە کۆمەڵێک کەسایەتیی کورد کراوە کە شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، یەک لەوانە.

«کوردستان» بەبۆنەی چاپی ئەو بەرهەمە بەنرخە دەسخۆشی لە نووسەری نیشتمانپەروەی کورد مومتاز حەیدەری دەکا و هیوای تەمەندرێژیی بۆ دەخوازێ.